



٣٥

QASEMLU



# ڕێبازی قاسملوو؛

## ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات

١

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

## خوێنەری بەرێز

به بۆنەی ۳۵مین ساڵوەگەڕی تیرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری کاریزماتیک و لێهاتووی نەتەوەی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر، به دەستی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەوڵم داوه کۆمەڵێک بابەت، وتار و وتووێژی کەسایەتی بیانی و کوردی غەیره حیزبی له دووتوێی نامیلکەی(ڕێبازی قاسملوو، ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات) له چوار بەشدا دەخەمه بەرچاوی ئێوەی بەرێز.

بەشی یەکەم: ۲۰ وتارو دیمانه و ۱۱۰ لاپەڕەیه.

دەستخۆشی له هەموو نووسەرانی دیمانه و وتارەکان دەکەم. رووح و رەوانی کۆچکردوان شاد و سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ ئەم کەسانه که ئێستا له ژیاندا ماون بەئاوات دەخوازم.

---

## پێڕست:

١- بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی به بۆنەی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملووی شەهید .............................. ٤
٢- وتەکانی دوکتور شەرەفکەندی نەمر له کۆچی قاسملووی رێبەر دا ...................................... ٧
٣- وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زاده لەرۆژی به خاک سپاردنی شەهیدانی ڤییەن ........................ ١٢
٤- بەشێک له قسەکانی دوکتور بێرنارد کۆشنێر ................................................ ١٦
٥- قسەکانی تۆماس هامیربێرگ ............................................................ ١٨

## بەشی یەکەم

٦- وتەکانی پاتریک بۆدوان ........................................................ ٢٠

٧- پەیامی سەرەخۆشیی مام جەلال بە بۆنەی شەهید کرانی د.قاسملووەوە ........................... ٢٢

٨- بەشێک لە پەیامی حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە ئێرانی یەکان .................................. ٢٥

٩- پەیامی سوپاس و پێزانینی دوکتور سادق شەرەفکەندی ....................................... ٣٣

## چەند "بابەت، وتارو وتووێژ"ی شەهید "د، قاسملوو"

١- جێگیر بوونی نەتەوایەتی کورد! .................................................. ٣٨

٢- جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوو ................................................... ٤٣

٣- سۆسیالیزم لە بەرچی ئامانجی "دواڕۆژە"؟ ................................................ ٤٦

٤- تیرۆریزم: بۆچوونێکی جیاواز ........................................................ ٤٩

٥- وتووێژێکی د. قاسملوو لەگەڵ چەتین چەکۆ .................. لە تورکییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی ..... ٥٥

٦- وتاری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە میتینگی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ لە شاری مەهاباد ............ ٦٢

٧- وتاری دوکتور قاسملوو لە ئەنستیتۆی هاودەردی لەگەڵ ئامریکای لاتین و ئەفریقا ........ و: قادر وریا ..... ٦٧

٨- وتووێژێکی بڵاونەکراوەی دوکتور قاسملوو (دواوتووێژی د. قاسملوو) ................. عەنایت فانی ..... ٧٤

٩- وتەکانی دوکتور قاسملوو لە دواساتەکانی ژیانی دا ............................................ ٨٢

١٠- شاعیری گەل ................................................ ئامادە کردنی: سەلاح شەشە ....... ٨٥

١١- کرۆنۆلۆژیی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو ................................ ئا: کاوە ئیلمام ..... ١٠١

# ساڵی یەکەم

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملووی شەهید



دوکتور قاسملوو یەکێک لەو ڕێبەرە مەزن و بەتوانایانە بوو کە نەک هەر لە نێو نەتەوەی زۆرلێکراوی کورد دا بەڵکوو لە نێو گەلانی بەختەوەر و ئازاد و پێشکەوتووی دنیاش دا، بە دەگمەن هەڵدەکەون. قاسملوو لەو گەورە پیاوانە بوو کە گەلان شانازیان پێوە دەکەن و مێژوو بەسەرهاتی ژیان و خەباتیان بە خەتی زێڕین تۆمار دەکا. دوکتور قاسملوو ئینسان و ئینساندۆست بوو. ڕێزی بۆ مافی بەرامبەری هەموو ئینسانەکان بە زمان و ئایین و ڕەنگی پێست و وڵاتی جیاوازەوەو دادەنا و تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی لە پێناو وەدیهاتنی ئەو ئامانجە بەرزە ئینسانییە دا بردە سەر، قاسملوو دوژمنی شەڕ و ئاشقی ئاشتی بوو. فەلسەفەی ژیانی، ئاشتی و پێکەوەە ژیانی بەئاشتی لە نێو هەموو گەلانی جیهان دا بوو. ئەو دێموکڕات بە هەموو مانای وشەکە بوو. بە هەموو توانای خۆی بۆ پەرەپێدانی ئوسوولی دێموکراسی لە نێو خۆی حیزب و لە کۆمەڵ دا بەکار دەبرد و هەر بۆیەش لە پێناوی جێگیر بوونی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێران دا خەباتی حیزبەکەمانی بە لێوەشاوەییەوە ڕێبەرایەتی دەکرد.

**خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!**

## بەشی یەکەم

بێ گۆمان شەهید بوونی هاوڕێی خۆشەویست و ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو زیانێکی گەورە و زەبرێکی بەژانە کە لە پەیکەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەدرێ. بەڵام سوننەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا ئەوە بووە کە قوربانیی زۆر گەورەی لە پێناوی وەدیهاتنی ئامانجە لە مێژینە و ڕەواکانی گەلی کورد دا بدا، ئەم حیزبە پێشەوا قازی محەممەدی دامەزرێنەر و ڕێبەری حیزب و سەرۆک کۆماری " کوردستان" ی لەو پێناوە دا فیدا کردوە و بە دەیان و سەدان و هەزاران ئەندامی ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەی هەڵکەوتووی لەو ڕێگایە دا شەهید بووە، ئێمە دڵنیاین هەروەک چۆن پاش شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد ڕێگای ئەو ڕێبەرە بێ ڕێبوار نەمایەوە ڕێبازی دوکتور قاسملووش کوێربوونەوەی بۆ نیە و گەلەکەمان زۆر ڕۆڵەی لێوەشاوەی ئەوتۆی هەن کە جێگای دوکتور قاسملوویان پێ پڕبکاتەوە.

### هاوڕێ تێکۆشەرەکان!

خزمەتی هاوڕێی شەهید دوکتور قاسملوو بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ئەوەندە پرشنگدارە کە بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی حیزبەکەمان دا دەمێنێتەوە. قاسملوو بوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی پاش چەندس ساڵ لاڕێبوون گێڕایەوە سەر ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی و، هەر ئەویش بوو کە بە هەموو توانایەوە دیفاعی لە سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبەکەمان دەکرد و فێری کردین کە لە پێناوی پاراستنی ئەو سەربەخۆیی‌یە دا هەموو نرخێک بە هەرزان بزانین.

ئاشکرایە کە لە دەستدانی ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای ئەو شەهیدە مەزنە کارەساتێکی دڵتەزێنە، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە ئێمە قوتابیانی بە ئەمەگی دوکتور قاسملووین، قاسملوو هەموو ژیانی حیزبی و سیاسیی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە ئیمان بە ڕێبەرایەتیی بە کۆمەڵ لە نێو ریزەکانی حیزب و کۆمەڵی کوردەواری دا بەهێز بکا و نەخشی فەرد هەر ئەندازە کاریگەر و بەنرخیش بێ، زۆر گەورە نەکاتەوە. ڕێبەری شەهیدمان فێری کردین لەوەختی تەنگانە دا ورەمان بەرز بێ، خۆ نەدۆڕێنێن و بۆ تاکەساتێکیش کزی و نامومێدی روومان تێ نەکا.

ئێمە هەموومان دەبێ ژیان و خەباتی مامۆستا و ڕێبەری لەدەستچوومان، دوکتور قاسملوو، بکەینە سەرمەشقی ژیانمان، گەورەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لەوەدایە کە زەبری زۆر گەوەرە و کارەساتی زۆر دڵتەزین تەحەممول دەکا و ناچەمێ. شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەبێ ئێمە لەسەر درێژەپێدانی ڕێگاکەی سوورتر بکا. دەبێ دەرسەکانی ئەو مامۆستا هەرگیزنەمرەمان وەبیر بێنێتەوە، هەوڵ بدەین نە دۆست و نە دوژمن هەست بەوە نەکەن کە دوکتور قاسملوو جێی

## بەشی یەکەم

لە نێو ریزەکانی حیزب دا بەتاڵە. هەر بۆیە لە سەرمانە کە لێبڕاوانە و شێلگیرانە ڕێگای دوکتور قاسملوو درێژە بدەین و نەهێڵین ئاڵاکەی، بۆ یەک ساتیش بکەوێتە سەر زەوی، پێوستە بگوترێ تا پێکهاتنی پلینۆمی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی و هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی، هاوڕێی تێکۆشەر دوکتور "سادق شەرەفکەندی" جێگری سکرتێری گشتی تەواوی ئەرکەکانی سکرتێر بەڕێوە دەبا.

ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە گەڵ ئەوەی بە هەموو وجوودمانەوە، بۆ لە دەستدانی دوکتور قاسملوو بە پەرۆشین، هەر بە پێی ئاموژگاریيە بەنرخەکانی خۆی تازیەی بۆ ناگرین و، رەشی بۆ ناپۆشین، ئێمە هەموو دەرد و داخ و خەفەت و کەسەری لە دەستدانی ڕێبەری شەهیدمان دەکەینە ڕق و قینێکی پیرۆز و بەگژ دوژمنانی ئازادی و ئینسانیەتی دا دەکەین، دروشمی "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە" کە لە مێژە لەحیزبەکەمان دا جێی خۆی گرتوە، دروشمێکە کە دوکتور قاسملوو بۆخۆی دایناوە. کەوابوو باشترین پاداش بۆ قاسملووش درێژدانی ڕێگایەتی.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهید بوونی ڕێبەری کارزان و تێکۆشەری ناودار دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی بەوەجی کۆمیتەی ناوەندیيەوە، پڕ بەدڵ سەرەخۆشی لە هاوڕێیانی حیزبی، ئەندامانی بنەماڵەی ئەو دوو شەهیدە سەربەرزە، خەڵکی بەشەرەف و تێکۆشەری کوردستان، ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران و هەموو ئۆگرانی ئازادی و سەربەخۆیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکا.

کۆمیتەی ناوەندی بەرامبەر بە گیانی پاکی شەهیدی مەزن هاوڕێ دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی کوردستان لە گەڵ کۆمەڵانی خەباتگێڕی گەلی کورد پەیمان نوێ دەکاتەوە کە تا دوا دڵۆپی خوێن و دوا هەناسەی ژیانی بە ڕێبازی پڕشانازیی ئەو خۆشەویستە لە دەست چووە وەفادار بێ و هەتا وەدی هاتنی ئامانجی بەرزی قاسملوو "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" هەدادانی نەبێ.

**دڵنیاین هەر ئەمەش پەیمان و بەڵێنی هەموو کادرەکانی حیزب و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای دێموکراسی و خودموختاری یە.**

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان

تایپ کردنەوەی لەرۆژنامەی کوردستان: رەحمان نەقشی

**بەشی یەکەم**

## وتەکانی دوکتور شەرەفکەندیی نەمر لە کۆچی قاسملووی ڕێبەر دا



**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**خۆشک و برا ئازێزەکانم!**

**بە دڵێکی پڕ لە داخ و دەروونێکی پڕ لەخەم و چاوێکی پڕ لە فرمێسک لێرە لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە هەتا پێکەوە لەسەر موسیبەتی دڵتەزێنی لەدەستچوونی ڕێبەری تاقانەمان دوکتور "عەبدولڕەحمان قاسملوو"ی نەمر، دەردەدڵ بکەین و ئەو وەزعە ناخۆشە کە بە هۆی ئەم خەسارەتە گەورەیە تووشمان هاتوە هەڵسەنگێنین. بۆ خۆتان زۆر باش دەزانن کە لە وەزعێکی ئاوا لە هەل و مەرجێکی بەم جۆرە تاڵ و ناخۆش دا، قسەکردن ئاسان نیە. جەرەیانی ئەو ڕووداوە هەرچەند هێشتا بە وردی ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام بە گشتی و خەتە ئەسڵییەکانی دا دیارە ڕێبەری تێکۆشەر و ماندوویی‌نەناسمان ئەم ساڵێش وەک چەند ساڵی رابردوو، دوو سێ مانگی ئاخری بەهار و ئەوەڵی هاوینی بۆ کار و تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات تەرخان کردبوو. ئێمە هەموومان لەبەرهەمی کارو هەڵسوڕانی ڕێبەرە کەموێنەکەمان لە جەرەیانی سەفەرەکانی بۆ دەرەوەی وڵات تا ڕادەیەک ئاگادارین و دەنگە گەرم وسەمیمییەکەی ئێستاش لە گوێمان دا دەنگ دەداتەوە کە چۆن لە پاش گەڕانەوەی لە هەر سەفەرێک دا لە رادیۆ، لە کۆبوونەوەی حیزبی و غەیرە حیزبی دا باسی بەرەو پێشچوون و ناساندنی مەسەلەی کورد لەنێو بیروڕای گشتیی جیهان، باسی هەڵوێستی جۆراوجۆری کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکانی سەبارەت بە داخوازییەکانی گەلی کورد، باسی ناساندنی نێوەڕوک، هەروەها رەوتی خەباتی شۆڕشگێڕانەمان بۆ گەیشتن بەئازادی و دێموکراسی، باسی چوونەسەری ناو و ئیعتباری حیزب لەڕادەی جیهانی و سەرەنجام باسی چۆنیەتیی کارو چالاکیی لایەنگران**

## بەشی یەکەم

و ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتی بۆ دەکردین و دڵی گەرم دادەهێناین.

بەڵام هەموو ئەمانە کە کاک دوکتوری خۆشەویستمان هەروا بە هاسانی و بەکورتی بە سەریان دا تێدەپەڕێ، تەنیا وەک مشتێک لە خەرواری سەرکەوتنەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە دەرەوەی وڵات لە گەڵێدا بن دەزانی کە بەرزیی پلەی هەوڵ و تێکۆشان و سەرکەوتنەکانی لە مەیدانی تێکۆشانێکی ئاوا پڕ کەندو کڵۆ و بەربڵاو دا تاچ ڕادەیەک بوو. نزیکەی دوو مانگ لەمەو بەر فەرانسەیی‌یەکی کورددۆست، من پێم گوت: "کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا دوکتور قاسملوو دێتە فەرانسە،" ئەو فەرانسەیی‌یە کورددۆستە بۆ خۆی لەنێو دۆست و ئاشنایان دا بە پڕکاری و ماندوویی‌نەناسی بەناوبانگە، کاتێک خەبەرەکەم پێ دا لەو کاتە دا کە بە ئاشکرا و لە ناخی دەروونەوە خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێ، ناڵەشی لێ بەرز بۆوە و گوتی: ئەی هاوار دوکتور دیسان هاتەوە " کاک دوکتور قاسملوو لە جەریانی چەند ڕۆژ تەعتیلی و جێژنی بەربڵاوی پاریس پێتەختی فەرانسە کە بە بۆنەی دووسەدەمین ساڵرۆژی شۆڕشی مەزنی فەرانسە بەرێوە دەچێ کەڵک وەردەگرێ و ئەو جێژنی شادی‌یە بەجێ دێڵێ و لە گەڵ هاوڕێی بەنرخمان کاک عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، بۆ کارو باری حیزبی دەچێتە شاری وییەن پێتەختی ئوتریش و میوانی دۆستێکی قەدیمی دەبن کە لەوێ بە هۆی پیلانێکی گەلاڵەدارێژراو لەلایەن چەند تیرۆریستی حیرفەیی‌یەوە هەر سێکیان تیرۆر دەکرێن و دەچنە نێو کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلی کوردەوە. ئێمە دیارە مەسئوولییەتی دیتنەوە و ناسینی قەتعیی عامیلانی ئەو جینایەتە گەورە و سامناکە دەخەینە ئەستۆی دەوڵەتی ئوتریش و پۆلیسی ئەو وڵاتە، بەڵام بەش بەحاڵی خۆمان کەمتر شکمان بۆ ئەوە دەچێ کە ئەو کارەساتە بەدەست ڕێژیمی ئینسانکوژ و جینایەتکاری ئاخوندی بە ئەنجام نەگەیشتبێ.

### هاوڕێیانی خۆشەویست و ئەمەگناسم!

ئێستا کە دوکتور قاسملوومان لە دەست داوە من لەو جەمعەدا چ دەتوانم عەرزی ئێوە بکەم؟ ئێمە حەقی خۆمانە بۆ ئەو موسیبەتە کە بە سەرمان هاتوە خەم و خەفەت دامان بگرێ و فرمێسکمان لە چاوان بگەڕێ. خەم و پەژارە بۆ لەدەستدانی ئازیزێکی جێگای هیوا و هومێدێکی ئەمڕۆ و داهاتوومان، سیفەتێکی ئینسانی‌یە و ئێمەش ئینسانین.

من دەتوانم بەسەعات و بە ڕۆژ باسی تایبەتمەندی‌یەکانی بێ وێنەی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووتان بۆ بکەم. دوکتور قاسملوو زانا بوو، لە باری سیاسی، زانا لەباری ئیقتیسادی، زانا لە باری کۆمەڵناسی، زانا لەباری مەسایلی عیلمی، زانا لە باری ئەدەبی و هونەری‌یەوە. بەکورتی زانایەکی گشتی، یانی ئەو جۆرە زانایانە کە لە قەدیم دا پێیان دەکوتن

## بەشی یەکەم

(فیلسوف) یا بڵێین حەکیم. دوکتور قاسملوو زانایەکی عەمەلی یانی بەکردەوەش بوو، یانی کەسێک بوو کە زانایییەکانی لە مەیدانی کردەوە دا بەکار دەبرد، وەک ئامرازێک و وەسیلەیەک بۆ خزمەت بە ئینسان، بەکۆمەڵ و بەگەل، کەڵکی لێ وەردەگرت. دوکتور قاسملوو بەڕاستی بەکار و پڕکار بوو، ماندوویی‌نەناس و بێزار بوو لەوە کە کاتێکی بچووک لە ژیانی رۆژانە دا بە بێ کار و بێهوودە راببرێ. دوکتور قاسملوو شۆڕشگێڕ بوو، شۆڕشگێڕ بە مانای ئەسڵیی کەلیمە، یانی کەسێک کە دەیهەوێ ئاڵوگوڕێکی قووڵ و بنەڕەتی لە جیهەتی باشترکردن دا، لە هەر بوارێک و هەر بارێ دا کە نالەباری تێدا بەدی دەکرێ، پێک بێنێ. دوکتور قاسملوو قانیع بوو، لەڕاستی دا هەر لەو کاتە دا ئەگەر بۆی گونجابا پێی خۆش بوو ژیانێکی زۆر باش رابوێرێ و باش بژی، ئەگەر پێویستبا لە هەموو کەس قانیعتر بوو، بە سادەترین و کەمترین ئیمکان بە فەوری رادەهات.

دوکتور قاسملوو ئازا و نەترس بوو، تەنیا ئەوانەی لە نزیکەوە لە گەڵی بوون دەزانن کە چۆن لەمەیدانی خەبات دا و لە دژوارترین هەلومەرج دا نەهەر خۆی نەدەدۆڕاند، بەلکوو دەرسی خۆڕاگری و لە سەرخۆیی و ئازایەتیی بە دەوروبەرەکانی دەدا. دوکتور قاسملوو ئینسان و ئینسان دۆست بوو، کێ هەیە دووجار دوکتور قاسملووی لە نزیکەوە دیتبێ و هەستی بەو دەریا دەریای عاتیفە و خۆشەویستی‌یە کە لە سێنگی دا مەوجی دەدا نەکرد بێ؟

سەرنەنجام دوکتور قاسملوو مامۆستا و موعەلیمێکی بەخشەندە بوو، یانی تەواوی هەوڵ و تێکۆشانی ئەوە بوو کە ئەوەی دەیزانی و تەواوی ئەو سیفەتانە کە هەیەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هەموو هەلومەرجێکی موناسب دا فێری هاوڕێیانی بکا. بەڵێ، بەڕاستی ڕێبەرەکەمان، ڕێبەرێکی کەموێنە و هەڵکەوتوو بوو. کێ هەیە بەخۆێ بڵێ ئینسان و لە نزیکەوە ناسیبێتێ و ئێستا لە نەمانی دا تەمی خەم دایﻧەگرتبێ.

بەڵام ئێستا ئێمە دەبێ چ بکەین؟ دەستەوئەژنۆ و خەمبار دابنیشین و فرمێسک هەڵڕێژین یان بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر ئێستا دوکتور بۆ خۆی مابا و سایەی لە سەرمان با چی دەکرد، چی پێ‌دەگوتین و چۆنی ڕێنوێنی دەکردین؟

بەداخیکی گرانەوە لە بەر زۆر گیروگرفت ئێمە کە لێرە کۆبووینەوە بۆمان ناگونجێ لەسەر تەرمی شەهیدی خۆشەویستمان کاک دوکتور قاسملوو کۆ ببینەوە و لەگەڵ ڕێبەرمان، مامۆستامان، ڕێنوێیمان، بابمان. برامان. خوداحافیزی یەکجاری بکەین. بەڵام لەم جیگا تایبەتی‌یە دا کە کۆببینەوە، خۆی مانایەکی تایبەتی تێدایە، من دڵنیام کە ئەگەر ئیختیار بە دەستی خودی دوکتور قسملوو بوایە، پێی خۆش بوو ئەم قەبرستانە بچووکەی کە بە گۆڕی چەند شەهیدی خۆشەویستمان

رازاوەتەوە، تەرمی ئەویشی لە باوەش گرتبا. جێگای دوکتور قاسملوو خاکی پاک و پیرۆزی کوردستان و ریزی ئەو، ریزی شەهیدانی ریگای ئازادیی کوردستانە.

من ئێستا کە لێرە ڕاوەستاوم، لێرە ڕا چاوم لەو جێگایەیە کە دوکتور قاسملوو نزیکەی دە مانگ لەمەو بەر بێدەنگ و غەمگین و پڕلەئیحتیرام لێی ڕاوەستا بوو و لە سەر قەبری تازە گڵکراوێ وەستا ئەحمەدی داغەیی، کە هاوڕێی کۆن و دڵسۆزی حیزبی و رەفیقی زۆر خۆشەویست و نێزیکی کاک دوکتور قاسملوو بوو. من زۆر باش دەزانم لەو کاتە دا چ بە بیرو دڵی کاک دوکتور دا دەهات. دوکتور قاسملوو لەو ماوەیە دا کە ڕێبەر و ڕێنوێنمان بوو، لەسەر قەبری زۆر شەهید ڕاوەستا و کڕنۆشی برد. لەسەر زۆر شەهیدی بەنرخ قسەی کردو بۆ زۆر شەهیدی خۆشەویستمان شتی نووسی. لە هەموو ئەوانەدا چی دەگوت؟ (مەگەر نەیدەگوت: باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە؟! مەگەر نەیدەگوت : ئێمە لەم ڕێگایە دا یا سەردەکەین، یان سەردادەنێین و لە گەڵ کاروانی شەهیدان دەکەوین؟!) بە دەیان جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە. باشە ئێمە ئێستا لێرە لەسەر گڵکۆی شەهیدان لەسەر گڵکۆی هاوکاروانانی ڕێبەری خۆشەویستمان لێرە راوستاوین، با لەخۆمان و لەهەموو دۆستان و دوژمنانیش پرسیار بکەین: کێ وەک دوکتور قاسملوو قسە و وەعدەی لە گەڵ رەفتار و کردەوەی یەکی دەگرتەوە؟ ئینجا روو لە خۆمان بکەین و لە خۆمان تێفکرین، ئێمە کێین؟ وەڵامی ئەو پرسیارە روونە ئێمە خۆشەویستی دوکتور قاسملووی نەمرین. بەڵام ئەگەر خۆشەویستی ئەوین و ئەومان خۆش دەوێ ئایا نابێ کارێک بکەین کە ئەو خۆشحاڵ بکەین؟ ئێمە شاگردی دوکتور قاسملووین، بەڵام ئەگەر خۆمان بە شاگردی ئەو دەزانین، ئایا نابێ دەرسەکانی ئەو فێر بین و بەکاریان بێنن؟ ئێمە ڕێبواری ڕێگای دوکتور قاسملووین. بەڵام ئەگەر ئەو بە ڕێنوێنی خۆمان دەزانین ئایا نابێ تێبکۆشین هەر بەو ڕێگایە دا بڕۆین کە ئەو پێی نیشان داوین؟

### خۆشکان و برایانی ئازیز!

من لەسەرەتا دا عەرزم کردن کە قسەکردن لە خزمەت ئێوە دا و لەسەر کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو، شتێکی هاسان نیە و بۆ خۆشتان دەبینن. جا ئەگەر قسەکردن ئاوا دژوار بێ دیارە درێژەدانی ڕێگای قاسملوو و ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی ئەو بۆ ئێمەی بە جێ هێشتوە، دەیان و سەدان بەرابەر دژوارترە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە گەلی کورد ئێستا بە تێکرایی چاوی لە ئێمە بڕیوە، دڵی لە نیگەرانیدا لێ دەدا. ڕۆحی پاکی شەهیدان لە خوێنداشەڵاڵمان و لە سەرووی هەمووان، پێشەوا قازی و دوکتور قاسملوو تێمان دەفکرن. لەو لاش ڕا دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی گەلی کورد هەر لەو کاتە دا کە خۆشحاڵن، بەنیگەرانی چاومان لێدەکەن، بە درێژایی مێژوو، دوژمنانی گەلی کورد، دوژمنانی ئێمە تاکتیکیان ئەوە بووە، نەخشەیان

## بەشی یەکەم

ئەوە بووە کە سەری ئێمە لێ بدەن و ئەو جارەش بەداخەوە ئەوەیان کرد. ئارەزوو و هیوای ئەوان هەمیشە ئەوە بووە کە ئەگەر سەرمان لێبدەن ئیدی لەش حەرەکەتی نامینێ و دەکەوێ، ئێستاش ئەو ئومێدەیان هەیە. بەڵام تەواوی رەنج و زەحمەت و تێکۆشانی دوکتور قاسملووی نەمر ئەوە بوو کە ئێمە وا بار بێنێ لە پێش دا هاوڕێیانی حیزبی، لەسەر پێی خۆیان بن، " موتتەکی " بەنەفسی خۆیان بن، چاویان هەر لەوی و لە یەک نەفەر نەبێ و لە پاشان لە ڕێگای ئێمەوە و چ بە خیتابی موستەقیم بە میللەتی کورد، تەواو هیوا و هومێد و ئارەزووی ئەوە بوو کە گیانیشی لەسەر ئەو کێشەیە دانا کە میللەتی کورد بگاتە ئەو قۆناغەی کە کامڵ بێ و چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەوە بگرێ، میلەت بە تەوای ئەوەی بکا نە یەک فەرد.

جا هاوڕێیانی ئازیزم، خۆشک و برایانی خۆشەویست، من زۆر درێژی ناکەمەوە، چونکە پوختەی قسەکە روونە، لە دڵی هەمووتان دایە و هەموو دەزانین مانای چیە. لە بەروەی کورتی دەڵێم و پوختی دەڵێم، شەهیدانی سەربەرزمان و لەسەرووی هەمووان ئەو دوو شەهیدانە کە لێرەن، عەکسیان، شەهید پێشەوای مەزنمان و شەهید دوکتور قاسملوو، تازەترین و گەورەترین شەهیدمان، ئەو دووانە چاویان لە ئێمەیە، دایکی ئەو هەموو شەهیدانە، ئەو هەموو دایکە دڵسووتاوانە، جەرگسووتاوانە، خوشکان و برایانی ئازیز لەدەس‌داو، هەموو چاویان لە ئێمەیە، میللەتی کورد چاوی لە ئێمەیە. من ئیجازەم وەرگرتوە لە بەرێوەبەرایەتیی حیزب و ئەو مەئمووریەتەم پێ دراوە ئیجازەش لە ئێوە دەخوازم کە تێکرا، لەو کاتە تاریخی‌یەدا، لەو کاتە مێژوویی‌یە دا، لەو لەحزەیەدا کە یادی ئەو عەزیزە گەورانە دەکەین، بڕیار بدەین، پەیمان تازە بکەینەوە لە گەڵ گیانی شەهیدانمان و لە پێش هەمووان دا لە گەڵ رووحی پاکی دوکتور قاسملووی خۆشەویستمان، دوکتور قاسملووی گەورەمان ، مامۆستامان، ڕێبەرمان، بەڵێنی پێ بدەین کە نیگەرانمان مەبە بە دوات دا دێین. ئێمەش وەک تۆ یا سەردەکەوین، یا ئەو ئیفتیخارەمان بەنسیب دەبێ کە بێینە قەراخ تۆ و تۆ لە باوەش بگرین.

سەرچاوە: کتێبی دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکڕات

تایپ کردنەوەی لەکتێبی دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکڕات: رەحمان نەقشی

بەشی یەکەم

# لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان لە (پێرلاشێز) ی پاریس



**وتاری بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەرۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی شەهیدان دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس**

ڕۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی دوکتور و کاک عەبدوڵڵا لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس، زیاتر لە سێ هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان و شەخسییەتە کورد و ئێرانی و خاریجییەکان لەسەر گڵکۆی قاسملوو کۆ ببوونەوە و ڕێزیان لە یادی ئەو گەورەپیاوەی مێژووی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێران گرت. ئەو بەباڵابڕین و ستایشانە کە لە وتاری شەخسییەتەکان دا لەسەر قەبران یان لە دەفتەری بیرەوەری دا لە دوکتور قاسملوو کران، نیشانەیەک لە ئیحتیرامی بێئەملا ئەولای هەمووان بۆ دوکتوری شەهید بوو. لێرە دا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گڵکۆی قاسملووی نەمر کە لایەن بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە خوێندرایەوە بڵاو دەکەینەوە.

**ئەوەش دەقی وتارە کە:**

**خوشک و برا بەڕێزەکان!**
**نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان!**
**شەخسیەتە ئازادیخواز و بەشەردۆستەکان!**

## بەشی یەکەم

لێرە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی تەرمی پیرۆزی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاری، دوکتور عبدالرحمان قاسملو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک عەبدوڵلا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە خاک بسپێرین. بەشداریی ئێوە لەو ڕێورەسمە دا ڕێزدانانە بۆ ئەو خەباتە سەخت و شێلگیرە کە دوکتور قاسملوو ماوەی زیاتر لە چل ساڵ تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو.

ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە ڕێک خراوە تا شۆڕشگێڕێکی مەزن و ناوداری کورد بەو جۆرە کە شیاوی خۆیەتی لە نێو خۆمان بەڕێ بکەین.

دوکتور قاسملوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران ڕێبەرێکی لێوەشاوە و تێکۆشەرێکی ماندوویینەناس بوو کە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەمتر وێنەی وی بە خۆیەوە دیوە. قاسملوو سیاسەتمەدارێکی بیرورد و کارامە، خەباتگێڕێکی بەورە و شەخسییەتێکی زانستی و شۆڕشگێڕێکی بە تەواو مانای وشە بوو.

قاسملوو لە ڕێگای دابینکردەنی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دا تێدەکۆشا. هەوڵی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بۆ هەتاهەتایە لە نێو بچێ و چارەنووسی گەلان بکەوێتە دەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو بۆ جێگیر بوونی دێموکراسی لە نێو ڕیزەکانی حیزب و لە نێو کۆمەڵ دا بە هەموو تواناوە تێدەکۆشا و ئەگەر جاروباریش لە ئاکامی برەوپێدانی دێموکراسی دا زیانێک بە حیزب گەیشتبایە، دوکتور قاسملوو دەی گوت ئەمە باجی دێموکراسییە و کەسێک دێموکراسیی بوێ دەبێ باجەکەشی بدا.

دوکتور قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. باوەری تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورد هەبوو و سەرکەوتن و تێشکانی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان دا بووایە بە سەرکەوتن یان تێشکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دادەنا و لەو ڕێگایەش دا زۆر جار بە دروستی دەزانی قازانجی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران فیدای قازانجی ستراتیژیکیی گەلی کورد بکا. ئەو کات کە تەنیا داواکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد بە گوناح دەژمێردرا و دوژمنانی کورد ناوی جیاوازیخوازی یان لەسەر دادەنا، قاسملوو لە کتێبی بە ناوبانگی خۆی "کوردستان و کورد" دا هاواری دەکرد کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیە و ئەگەر ڕۆژێک وەک هەموو گەلانی ئازاد و بەختەوەری جیهان چارەنووسی خۆی بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ، ئەمە یەکگرتنەوەیە نەک جیابوونەوە.

## بەشی یەکەم

دوکتور قاسملوو هەر لەو کاتە دا نیشتمانپەروەرێکی گەورەی ئێرانی بوو، ئیجازەی بە کەس نەدەدا خۆی لەو بە ئێرانی‌تر بزانێ. ئیمانی بە یەکیەتیی چارەنووسی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران هەبوو و بەدروستی دەی‌زانی کەگەلی کورد لە ئێران دا بێ هاوکاری و هاوخەباتی لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران بە ئامانجە رەواکانی ناگا. هەر بۆیە بەدڵەوە هاوکاری و هەنگاورێکخستن لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکانی یەکانی ئێرانی بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتن دەزانی.

دوکتور قاسملوو بزووتنەوەی میللی - دێموکراتێکی گەلی کوردی بە بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان لەسەرانسەری جیهان دا دەزانی، هەر بۆیەش هەوڵی پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازی‌یەکانی دەدا و بۆ راکێشانی پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان تێ‌دەکۆشا.

ئەم سروشتە تایبەتی یانە و زۆر سیفەتی بەرزی دیکەی ئینسانی و ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانە دوکتور قاسملوویان کردبووە شەخسیەتێکی گەورەی جیهانی کە تەنیا ملکی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران نەبێ. ئەم رێوشوێنە پڕشکۆیەش کە ئەمرۆ بە هاوکاری و بەشداریی ئێوە دۆستانی بەرێز بۆ بەخاکسپاردنی دوکتور قاسملوو پێک هاتوە رەنگدانەوەیەکی سروشتی‌یە بۆ ئەو شەخسیەتە جیهانی‌یەی دوکتور قاسملوو. سپاس بۆ ئێوە و سڵاو بۆ دوکتور قاسملوو.

ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، ئەی مامۆستای زانا و رێبەری بەتوانا! بە خاترجەمی سەر بنێوە و بە ئاسوودەیی بنوو. چونکە بەهەوڵ و تێکۆشانی دەیان ساڵەت وڵاتێکت هەژاندوە و گەلێکت راپەڕاندوە، قوتابی و هاوسەنگەرەکانت لەسەر پەیمانی خۆیان ماون و رێگاکەت بەرنادەن. هاوڕێی شەهیدم! بۆ لەدەستدانی تۆ هەزاران پێشمەرگە و دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەت، سەدان هەزار دۆست و لایەنگری رێبازەکەت و بە میلیۆن کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەت غەمیان بەسەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند. بەڵام نەک لەبەر داماوی و ناهۆمێدی، چونکە گەلێک رۆڵەی وەک تۆی پێ‌گەیاندبێ ناهۆمێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بە خاکی رێگای تۆ قوڕێک بۆ سەری هەمووی ئەوانە بگرنەوە کە پێ‌یان وایە بە مردنی قاسملوو میللەتی قاسملوو و رێبازی قاسملووش دەمرێ.

دەزانم هەم بۆ تۆ و هەم بۆ ئێمە خۆشتر بوو لە دڵی گەورەی خاکی کوردستان دا و لە پەنای پێشمەرگەو هاوڕێ‌یانی شەهیدی حیزبیت بە خاک بسپێردرێی. بەڵام ئێستا کە کوردستان لەژێر چەکمەی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی‌دایە، بە شیاوی مەقامی بەرزی تۆمان زانی لە گۆرستانی شەهیدان و شەخسییەتە ئەدەبی و زانستی و هونەری یەکانی فەرانسە بە خاکت بسپێرین، بتکەینە دراوسێی شەهیدانی هەمیشە زیندووی کۆمۆنی پاریس و هونەرمەندی شۆڕشگێڕی مەزنی کورد

## بەشی یەکەم

یەڵماز گونەی و شەخسیەتە ئەدەبی‌یە گەورەکانی ئێران وەک صادق هیدایت و غلامحسین ساعدی تا ئەو ڕۆژەی ئاواتەکانت وەدی دێن و دەبینە خاوەنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و کوردستانێکی خودموختار. ئەو دەم دڵنیا بە ڕۆڵەکانت دەتبەنەوە نیشتمانە خۆشەویستەکەت و گڵکۆی پیرۆزت دەکەنە زیارەتگەی دڵسۆزانی کورد و نیشتمانپەروەرانی ئێران.

ڕێبەری پایەبەرزی شۆڕشگێڕانی کوردستان! بێگومان هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانت پێیان خۆش بوو ئەمڕۆ لە پەنات بان، بەڵام بە باشیان زانی لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی تۆ دا هەموویان لەو جێگایە بن کە بۆخۆت پێت خۆشە هەموو خەباتگێرانی حیزبەکەتی لێ بن:

سەنگەری خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و خودموختاری. هەر بۆیە ئێمەیان نارد کە بە نوێنەرایەتیی هەموویان دوامالئاواییت لە گەڵ بکەین و دڵنیاییت بدەینێ کە ئامانجت بەرقەرارە و ڕێگاکەت پڕڕێبوارە.

دۆستانی خۆشەویست!

بەشداریی ئێوە لە ڕێورەسمی ناشتنی شەهید دوکتور قاسملوو دا ڕێزدانانە بۆ خەبات و فیداکاریی ئەوانەی لە پێناو گەل دا دەژین و لە ڕێی نیشتمان دا دەمرن. ڕێگام بدەن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی هەموو ئێوە و دەوڵەت و میللەتی فەرانسە بکەم کە بۆ پێک هێنانی ئەم ڕێورەسمە هاوکاری‌یان کردین و یارمەتی‌یان داین. فەرانسە هەمیشە پەناگەی ئازادیخوازان و ئەو کەسانە بووە کە لە پێناوی بیرو باوەڕی خۆیان دا لە نیشتمان دەربەدەر دەبن هەر ئەوەش ڕێز و خۆشەویستیی ئەو وڵاتەی لە دڵی تێکۆشەرانی کورد دا جێگیر کردوە و ئیحتیرامی کۆمەڵگای جیهانیی بۆ لای فەرانسە ڕاکێشاوە. لەبەر ئەوەی دوکتور قاسملوو شەهیدی هەموو ئازادیخوازان و بەشەردۆستانی جیهانە، ڕێگام بدەن لە لایەن حیزبی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و لە هەموو ئۆگرانی ئازادی لە سەرانسەی جیهان دا بکەم.

**سڵاو لە گیانی پاکی هاورێیانی شەهید دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگای.**

**سوپاستان دەکەمو هەر بژین**

**سەرچاوە: نیو سەدە تێکۆشان لە نووسینی بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

**تایپ کردنەوەی لەکتێبی نیو سەدە تێکۆشان: ڕەحمان نەقشی**

## بەشێک لە قسەکانی دوکتور بێرنارد کۆشنێر

### وەزیری ئینسانی فەرانسە



دۆستانی کوردان و دۆستانی (عەبدوڵڵا) و (عەبدولڕەحمان) ناتوانن ئەم تاوانە، ئەم دەستدرێژی‌یە چەپەڵە و ئەو پیلانە سامناکە کە دوایی بە ژیانی ئینسانە تێگەیشتوو و پێشکەوتنخواز و دڵفراوانەکان هێنا، لە بیر بەرنەوە.

بۆ ئەو کەسانە کە کوردەکان ناناسن مەسەلەکە بریتی‌یە لە دەستدرێژی‌یەکی چەپەڵ بۆ سەر گیانی دوو خەباتگێڕ. بۆ ئەوانەش کە کورددەکان دەناسن ئەو لە دەستچوونە شتێکی زۆر دڵتەزێنە. بەڵام بۆ هەموو کوردەکان چ لە گوندەکان، چ لە ماڵە بەبۆمب تێکڕووخاوەکان و چ لە شار و ئۆردووگاکانی ئاوارەکان دا مەرگی ئەو دوو کەسە، خەسارێکی گەورە و قەرەبوو نەکراوە.

ئێمە لێرە شاهیدی وەحشیگەری‌یەکین. چەند گرانە باوەڕ بکەین کە ڕێبەرانی سیاسیی ئەوتۆش هەن کە کردەوەی ڕۆژانەیان و ئامرازی ئەسڵیی دەسەڵاتیان ئینسانکوشتنە.

حکوومەتی فەرانسە کە من بە نوێنەرایەتیی ئەو لێرەم، لە بەرامبەر ئەم سێ قوربانی‌یە بەناحەق کوژراوە دا سەری کڕنۆش دادەنوێنێ و لە بنەماڵەکانیان، لە هاوسەری (قاسملوو) (هێلین) و دوو کچەکەی سەرەخۆشی دەکا و پشتیوانیی خۆی لەوان ڕادەگەیەنێ.

## بەشی یەکەم

**عەبدولڕەحمان قاسملوو!** کاتێک بیر لە تۆ دەکەمەوە پێش هەموو شتێک پێکەنینەکەت دێتەوە بەرچاوم. تۆ دەتتوانی لە بەرامبەر هەموو شتێک و هەموو کەس دا دەمبەبزە بی. بیر لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی تۆ دەکەمەوە و، بیر لەروانینی تۆ وەک مێژوونووسێک و وەک ئینسانێکی تێگەیشتوو دەکەمەوە کە چاوت بە هەموو شتێک دا دەخشاند تابتوانی کەلکی لێ وەرگری و لێکدانەوەی ورد و جوان بەدەستەوە بدەی. تۆ لە جیهانی سیهەم دا ئینسانێک بووی کە من زیاتر لە هەموو کەس ستایشم دەکردی. هەر لەو کاتە دا کە پارتیزان و ئازادیخواز و وەفادار بە ستراتێژییەک بووی و ، لە حالێک دا بە دوای ڕێبازێکی سیاسیی شێلگیرەوە بووی، هێچ کات کاکڵەی مەبەستت کە دێموکراسی بوو لە بیر نەدەچۆوە.

قاسملوو و دۆستەکانی داواکاری خودموختاریی کوردستان بوون و ئامادە بوون تا وتووێژی لەسەر بکەن. ئەو دەیەویست لەسەر خودموختاری لە گەڵ جێنشینانی خومەینی وتووێژ بکا. هەر بۆیەش چووبووە ڤییەن تا لەسەر مەسەلەی کورد بگاتە ڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە، ئەوان لە پەیامی ئاشتی ترسان، بۆیە پێغەمبەری ئاشتییان کوشت. ئەوەیە کاری تاقمێک کە بەسەر، بەشێک لە جیهان دا حکوومەت دەکەن.

**عەبدولڕەحمان قاسملوو!** وام دێتە بەرچاو کە تۆم لە هەموو جییەک دیوە بێگومان. چونکە تۆ ئۆلگوویەک بووی، تۆ لێرە دیارە لە وڵاتی خۆت نی، بەڵام بە مەودایەکی نەزۆر دوور لە گوللەبارانکراوەکانی کۆمونی پاریس کە قوربانیانی هێندێک بەربەرەکانیی دیکەن، بە خاک سپێردراوی. ئەو بەربەرەکانییانە کە تۆ باشت دەناسین و ستایشت دەکردن. بەو حاڵەش تۆ ئێستا لە ماڵی خۆت دووری، هەر لە جێدا تۆ ئەی ئاوارەی هەمیشەیی! ماڵێکت هەیە؟ بەڵام هیوادارم لێرە، لەنێو ئێمە دۆستەکانت تاڕادەیەک هەست بەوە بکەی کە لە ماڵی خۆتی.

**دۆستی من (عەبدولڕەحمان قاسملوو)!** دە ڕۆژ لەوە پێش تۆ بەمنت گوت کە خەبات دژوارە. بەتایبەتی ئەوکات کە لە دەوری یەک کۆدەبینەوە و دەبینین کە جێی هێندێک هاوڕێمان بەتاڵە. ئەو هاوڕێیانەی پێکەوە خەباتمان دەکرد و لەم ڕێیە دا کوژراون. بەڵام ئێستا دەبینم کە تۆش دۆستی من هەر لەم ڕێگایە دا کوژرای.

**چەند ئەستەمە! تائەو کاتەی پیاوە ردێنڕەش و سپییەکان و ژنانی چارشێورەش دەستی دۆستی بۆ لای خەڵکی دیکە درێژ دەکەن و، ئیدی چی دیکە بۆ ئەو هەموو کوشتارەی دەیکەن ناوی خودا بە شاهید ناگرن.**

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢ (گەلاوێژی ١٣٦٨ - ئاگۆستی ١٩٨٩**

**تایپ کردنەوەی لەڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢: رەحمان نەقشی**

## قسەکانی تۆماس هامیربێرگ

### سکرتێری گشتیی کۆمیتەی سوئیدیی پشتیوانی لە مافەئینسانییەکانی نەتەوەی کورد.



لە سوئیدەوە هاتووم بۆ ئەوەی سەرەخۆشیی خۆم لەگەڵ پەیامێکی دەوڵەتی سوئید و پەیامێکی حیزبی سۆسیالیستی فەرمانڕەوا لە سوئید پێشکێش بکەم.

ئەمن بۆخۆم بۆ ئەوە هاتووم کە ڕێزو حورمەتی خۆم لە لایەن "کۆمیتەی سوئیدی بۆ ئازادییە ئینسانییەکان لە کوردستان دا"کە کۆمیتە یەکی تازەدامەزراوە دەرببڕم. ئەم کۆمیتەیە زیاتر بە هەوڵ و پێشنیاری "عەبدولڕەحمان قاسملوو" دامەزراوە. دوکتور قاسملوو یەکەمجار لە یەکەم ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠ دا لە گەڵ ئەو ڕێکخراوانە کە لەباری مافی مرۆڤەوە تێدەکۆشن پێوەندیی گرت بۆ ئەوەی کۆمەک بە زیندانییانی کوردی ئێران بکەن.

بەم جۆرە ئەو هاوکارییە کە لەبیست ساڵ لەمەوبەرەوە دەستی پێکرابوو، بەرێکوپێکی درێژەی هەبوو، تا سەرەنجام لە ژێر تەئسیری ئەودا و بە پێشنیاری ئەو، ئەم کۆمیتەیە بۆ ئازادییە ئینسانییەکان لە کوردستان دامەزرا، کە تەواوی حیزبە سیاسییەکان، کلیساکان، سەندیکا کرێکارییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی تێدا بەشدارن.

"**عەبدولڕەحمان قاسملوو**" بۆ ئێمە پیاوێکی دەوڵەتمەرد بوو کە لە ڕادەی نێونەتەوەیی دا ڕێزی بۆ دادەنرا. ئەو، میوانی بەرێزی دوا کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیست بوو کە لە ڕۆژەکانی دوایی مانگی ژوئەنی ١٩٨٩دا لە ستۆکهۆڵم گیرا، لەم

## بەشی یەکەم

کۆنگرەیە دا ئەو لەگەڵ زۆر کەس لە هاوڕێیانی سۆسیالیستی هەموو رەوتە سۆسیالیستیە دێموکڕاتەکانی دنیا لە بارەی مەسەلە سیاسییەکانەوە چاوپێکەوتنی هەبوو. ئەو توانایەکی دیپلۆماسیی هەبوو کە رەنگە ئەمڕۆ هیچ ڕێبەرێکی دیکەی کورد نەیبێ. ئەو هەم وەک ڕێبەرێک و هەم وەک رێکخەر و خاوەنئەزەرێک بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی کوردستان دەدا. پیاوێکی گەرم، میهرەبان و زۆر لەسەرەخۆ بوو. بۆ ئێمە لە سوئید ئەو لە خەباتی سیاسی و خەبات بۆ مافە ئینسانییەکان و ئاشتی لە نوختە جۆراوجۆرەکانی دنیا دا نموونە بوو. لەڕاستی دا ئەو بۆ ئێمە باوک بوو و لە کارەکانمان دا ئیلهامی دەداینێ. ئەو رووناکبیرێکی کورد بوو، بەڵام هەمیشە ئاگای لە خەباتی هەموو نوختەکانی جیهان لە پێناوی مەسەلە جۆراوجۆرەکانیش دا هەبوو، چەنکە پێوەندیی ئەوانی لە گەڵ مەسەلەیەک کە بۆ خۆی خەباتی بۆ دەکرد، بەروونی بۆ دەرکەوتبوو.

ئەو سیاسەتمەدارێکی جیهانی بوو و بە مانای تەواوی وشە ئەنتێرناسیۆلیست بوو. بەڵام بەو حاڵەش هەمیشە بە نەتەوەی خۆی وەفادار بوو، دوا جار کە نیزیکەی سێ حەوتوو لەمەوبەر لە ستۆکهۆڵم دیتم لەبارەی هەنگاوێکی تازەوە بۆ گەیشتن بەڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە، ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە کە مافە ئینسانییەکان بۆ کوردی ئێران وەدی بێنێ، بەمنی گوت کە ئامادەیە خۆی بخاتە مەترسییەوە. ئەو گوتی ئەم خۆلەمەترسیهاویشتنە غیرەتی دەوێ. ئێستاش دەبینین کە بەداخەوە ئەو خۆلەمەترسیهاویشتنە بە قیمەتی گیانی تەواو بووە. ئێمە ئێستا لە ماتەمی ڕێبەرێکی مەزن و دۆستێکی نیزیکی وی " عەبدوڵڵا قادری " داین کە ئەوان وەک خەباتگێڕانی ڕێگای ئاشتی و مافە ئینسانییەکان دەناسین. ئەوان لە لایەن هێزە پاشکەوتوو و بۆگەنەکانەوە لە خوێن دا شەڵاڵ کران.


**بەڵام هەموومان دەزانین کە کارەکانیان و ئامانجەکانیان و شوێنەواریان لە دوا ڕۆژدا دەمێنێ دوارۆژ دەگۆڕن.**

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢ (گەلاوێژی ١٣٦٨ - ئاگۆستی ١٩٨٩**

**تایپ کردنەوەی لەڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢: رەحمان نەقشی**

## وتەکانی پاتریک بۆدوان

### سکرتێری گشتیی فێدراسیۆنی مافی مرۆڤ



دەموساتی وا هەن کە دیتنەوەی وشە بۆ قسەکردن دژوارە. ئەو کاتانە کە وتار پێشکەش کردنیش تاڕادەیەک وەک کارێکی بێمانا دەچێ. دەبێ بگۆترێ کە دەموساتێکی ئاوا تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە لەمێژساڵە لە پێناوی مافی کوردەکان دا خەبات دەکەن کەمێک دڵساردی و ناهومێدیی پێوەیە. ئێستا جارێکی دیکە دوو خەباتگێڕ لەگەورەترین خەباتگێڕانی ڕێگای ئامانجەکانی گەلی کورد بە شێوەیەکی ناجوانمێرانە شەهید کراون.

زیاتر لەبیست میلیۆن کورد لەمێژساڵە لە هەلومەرجێکی ئاوا دژوار دا دەژین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەیە کە من دەبێ بەڕاشکاوی بڵێم ئێمە لە درێژدانی ئەم وەزعە بە تەواوی بێزارین و بێزاریی خۆمان دەردەبڕین. بەڵام کوردەکان بە شەهامەت و ئازایەتییەکی بێ وێنەوە درێژە بەو ژیانەیان دەدەن.

دیارە من نامەوێ بۆ ئەو پێشمەرگانەی لێرە ئامادەن باسی ئازایەتی بکەم، ئەوان زۆر باش لەمانای ئازایەتی تێدەگەن. بەتایبەتی کەخەباتی ئەوان لە پێناوی ئامانجە بەرحەقەکانیان دایە. (چونکە هەر لەجێ دا وشەی پێشمەرگە یانی لەمەرگسڵ نەکردن و بەپێشوازی مەرگەوەچوون). نا شەهید بوونی ئەوان بێ ئاکام نیە. ئێمە کە بوێری و ئازایەتیی

## بەشی یەکەم

کوردەکان دەناسین، دەتوانین دڵنیا بین کە خەبات درێژەی دەبێ و ئێمە هەر چەند کوردیش نەبین پشتیوانی‌یان لێ دەکەین. لەهەرحاڵ دا، ئێمە وەک ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان بە کەلک وەرگرتن لە ئیمکاناتمان تێدەکۆشین هەلومەرجێکی وا پێک بێنێن کە مەسەلەی کوردەکان زیاتر بێتە گۆڕێ، ڕێگا نەدرێ ئەو کردەوە دڕندانەیە دەرحەق بە گەلی کورد درێژەی هەبێ، ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان و دەوڵەتەکان سەرەنجام زیاتر فشار بخەنە سەر کاربەدەستانی وڵاتانی ئێران، ئێراق و تورکیە بۆ ئەوەی ئەم وەزعە کۆتایی پێبهێنرێ. بۆ ئەوەی کوردەکان لانی کەم بە خودموختاری بگەن و بتوانن چیدی گەلێکی هەمیشە شەڕلێدراو و ژێردەست نەبن، بەڵام ئێمە زۆر باش دەزانین کە بوێری و ئازایەتیی کوردەکان لەم بارەیەوەش دەفریایان دەکەوێ و ئێمە دەزانین کە نابێ ناهومێد بین و دەزانین کە پاش مەرگی دوکتور قاسملوو و دوو خەباتگێڕە کوردەکەی دیکە کە بەشێوەیەکی ناجوانمێرانە کوشتیانن، خەباتگێڕانی دیکەی ئەوتۆ هەڵدەکەون کە ڕێگاکەیان درێژە بدەن و ئێمە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان هاتووینە ئێرە تا پشتیوانیی تەواوی خۆمان لە بنەماڵەی شەهیدەکان و دۆستانی کوردمان ڕابگەیەنین. هەروەها پێیان بڵێین هیواداربن ئەم دەموساتە کە بۆ هەمووومان ناخۆشە، تین و گوڕێکی تازەمان بۆ بەئاکامگەیاندنی ئامانجی ڕەوای گەلی کورد وەبەر بێنێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢ (گەلاوێژی ١٣٦٨ - ئاگۆستی ١٩٨٩

تایپ کردنەوەی لەڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢: ڕەحمان نەقشی

## سەرەخۆشیی مام جەلال بە بۆنەی شەهید کرانی د.قاسملووەوە

### دێڕە مێژووییەکان



**لە ئەرشیڤی خۆمەوە(٣٦)**

**قادر وریا**

٣١ ساڵە ئەم دەسخەتەی زیندەیاد مام جەلالم پاراستوە. ئەو سەردەم لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەو بابەتانەی لە دەبیرخانە یا هەر شوێنێکی دیکە بۆمان دەهات تا لە ڕۆژنامە دا بڵاوی بکەینەوە، دوای سوود لێ وەرگرتن، لەلایەن بەشی فەنییەوە دەسووتێندران. بەڵام هەستێک پێی کوتم ئەو دەسخەتە بپارێزم. دەسخەتی کەسایەتییەکی گەورەیە بە بۆنەی کارەساتیکی گەورەوە. هاوپێوەندی و هاوخەمیی دوو هێزی سیاسی و شۆڕشگێڕی کورد لە بڕگەیەکی مێژوویی‌دا دەردەخا. نێوەرۆکەکەی لە کەشوهەوای پڕ ماتەم و حەماسە و شۆڕشگێڕانەی ئەو کاتدا هانی دام نەهێڵم ئەم دەسخەتەش وەک زۆر لەوانی دیکە بفەوتێ؟ یا چەخماخەی پرسیارێک کە مەگەر مێژوو بریتیی نیە لەم ساتانە؟ دەی بۆ چی بەڵگەنامەکانی نەپارێزین؟ ئەمڕۆ لە بەرەبەری ٣١ ساڵەی تێرۆری ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و لە کاتێک دا بڵاوی دەکەمەوە کە بە داخەوە مام جەلال بۆ خۆشی لە ژیان دا نەماوە. لە سووچێکی کاغەزەکەدا دەسخەتی ڕێبەری شەهید د.سەعید(د.سادق شەرەفکەندی) دەبیندرێ کە ڕۆژی (٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٨) ئەم نامەیەی دیتوە و خوێندوویەتەوە و بە عادەتی خۆی لێی نووسیوە "دیتم. سەعید". هەر لە لایەن ئەویشەوە بۆ ڕۆژنامەی کوردستان ناردراوە. ئەگەر چی ئەو ٣ سەرکردە گەورەیە بە داخەوە هیچیان

## بەشی یەکەم

لە ژیـان دا نەمـاون، بەڵام ئەم جـۆرە پەیامـانە و ئەم جـۆرە دەسخەتـانە مـاون و نەخشـێنەری مێژوومـانن. حەیـفە وەبیـر خۆمانیان نەهێنیەوە:

### "هەڤاڵانی تێکۆشەری کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک.ئی بەڕێز

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی دڵتەزێنی شەهید کرانی ڕۆڵەی دلێر و ژیری کوردستان و سەرکردەی هێـژا و لێهـاتووی حزبە خەبـاتگێرەکەتـان کاک د.عبدالرعمن قاسملو و شەهید کرانی کاک عبدالله قادری ئەندامی ک. ن تـانم بیست.
شەهید کرانی برای خۆشەویستمان و هەڤاڵی بەڕێزمـان کـاک قاسملوی نەمر نەک هەر داخێکی ناسۆری نـا بە دڵـی گەورەی کوردستانەوە بەڵکوو زیانێکی گەورەشی گەیانـد بە جولانەوەی ڕزگـاری دیموکراتی خەڵکی کوردستانیشکە شەهیدی هەمیشە زیندوومان سەرکردەیەکی هوشیار و زانا و کارای بوو، وە کە هەمووی ژیانی خۆی بۆیـان تەرخان کردبوو.

بکوژە تـاوانبارەکانی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی کوردایەتی پیسترین تـاوانی تیرۆریستانەیـان لە مێـژووی گڵاوی خۆیـان دا تۆمـار کردو دەریـان خستەوە کە نەک هەر دوژمنـی خوێنەخـۆی کـورد و کوردسـتانن بەڵکوو دوژمنـی سەرسـەختی مرۆڤـایەتی و مـافی مرۆڤ و مافی گەلان و چارەسەرکردنی سیاسی و ئاشتیخوازانەی کێشەی ڕەوای گەلی کوردیشن.
جـا لەم هەلـومەرجە دژوارەدا لە ئاسـتی ئەو زیـانە زۆر و زەوەنـدە و ئەو کەلەبەرە گەورەیەی ئەو کارەسـاتە خسـتویەتیە ڕیزەکانی کوردایەتی و حزبەکەتـان و نەتەوەکەمانەوە، ئێمەمانانەک هەر خۆمان بە هاودەرد و هاوخەم و خاوەن تەعزیە و پرسە دەزانـین، بەڵکـو بە پێویسـتی سەرشـانی خۆشمانی دەزانـین ئەو پەڕی هاوکـاری تـان بکەیـن بـۆ دەربـاز بـوون لەم کارەسـاتە و ڕزگـار بـوون لەم تەنگـانەیە بە سـەربەرزی. هەر بـۆیەش ئێمە ئامـادەی هەمـوو جـۆرە هاوکـاری و فەرمـانێکو هاوخەبـاتی تـانین.

من خۆشم وەک برایەکی کۆستکەوتە و داماو و جەرگسوتـاوی د.قاسملووی هێژا و نەمر نـازانم چۆن؟ بە چ زمـان و گـوتەیەک خەمبـاری و دەردەداری خۆمتـان بـۆ دەربـڕم! و بە چ وشـە و ڕسـتەیەکیش بێـزاری و نەفـرین و تـوڕەیی خـۆم لەو تـاوانبـارە دڵڕەشە خوێنخۆرانە نیشان بدەم. هەر ئەوەندەم بۆ دێ کە بەیتە شێعرییەکەی الجواهری مەزن دووپات بکەمەوە:

سمعت لمن نعاک علی زهول کاني قد اصغیت لمن نعاني.(*)

وەفـاداراریش بـۆ هـاوڕێ ی نەمـر دەبـێ لەوە دا باشـتر بدرەخشـێتەوە کە نـابێ لە هـیچ هەلومەرجـو سـاتێکدا ڕێـگەی شۆڕشگێڕانەی هاوڕێی نەمر و ڕێبازە پیرۆزەکەی کوێر ببێتەوە، بەڵکو پێویسـتە هەمیشە مەشخەڵی ئەو خەبـات و شۆڕشەی

## بەشی یەکەم

ئەو سەرداره هوشیارەی کورد گیانی خۆی لە پێناو داناوە، بە بەرزی و بە گەشی و پڕشنگداری لە سەر سەری خۆمان و چیا سەربەرزەکانی کوردستاندا ڕاگرین.

سەروەری و نەمری بۆ هەڤاڵ و برای دێرین، سەرکردەی کارا و زانا و شارەزا و دووربین و واقیع بین و هوشیاری کورد و حزبەکەتان.

ڕوورەشی و شەرمەزاری ئەبەدی بۆ بکوژە تاوانبارەکان

سەرکەوتن بۆ حزبەکەتان و گەلەکەمان


برای دڵسۆزتان

مام جەلال

سکرتێری گشتی ی.ن.ک

(*): وەرگێڕاوی دێره شێعرەکەی الجواهری کە مامۆستا فازڵ شەوڕۆ، زەحمەتی بە کوردی کردنەکەی بۆ کێشاوم:

"گوێم ڕادێرابوو بۆ ئەو کەسەی کە بەو پەڕی پەرێشانییەوە سەرەخۆشیی لێدەکردی هەروام دەزانێ گوێم لە کەسێک گرتووە، سەرخۆشیی مەرگی خۆمم لێدەکا(یان سەرەخۆشیی مەرگی خۆمانمان لێدەکا)"



سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠٢٠

## بەشێک لە پەیامی حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە ئێرانی یەکان:

---

### ڕێکخراوی جووڵانەوەی گەلی بەلووچ [بلوچ راج زرمیش] ئێران

بە داخێکی گرانەوە ئاگادار کراین کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتگێری ماندوویی نەناسی گەلی کورد، لە گەڵ عەبدوڵڵا قادری بەرپرسی ریکخراوی حیزب لە دەرەوەی وڵات ناجوانمێرانە تێرۆر کراون.

ئێمە بە بۆنەی ئەو خەسارەتە مەزنەی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ناوچەوە، هاودەردیی خۆمان لە گەڵ ئێوە، بە پێشمەرگەکان و ئەندامان و خەڵکی کوردستان بە گشتی ڕادەگەیەنین و خۆمان لە خەم و پەژارەتان دا بەشەریک دەزانین و، هیوایەکی پتەومان هەیە کە خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستانی قارەمان بۆ وەدەیهێنانی خودموختاری و مافی دیاریکردنی چارەنووس، هەروا درێژەی دەبێ.

---

### یەکیەتی بۆ ئازادی و جووڵانەوەکانی ئازەربایجان بۆ رزگاری ئێران

تێرۆری هاونیشتمانی خەباتگێر و زانا، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری سەرپەرستی دەفتەری حیزب لە ئورووپا مەحکووم دەکەین.

ئەو نەزانانەی کە پێیان وایە بە تێرۆر دەکرێ رەوتی مێژوو بگۆڕن بۆ خۆشیان لەو چارەنووسە دەرباز بوونێکیان نیە. دوکتور قاسملوو ئێرانی یەک بوو بە خۆی و ئامانجەکانی یەوە لە پێناوی نیشتمان و زێدەکەی دا، کە ئێستا لەسەر ئەو

## بەشی یەکەم

ئامانجە بەرزانە گیانی بەخشیوە. کوژرانی ناوختی دوکتور قاسملوو لە بیری سەرکوتی هەموو هێزە دێموکڕاتیکەکانەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئێمە کە لە هاوکاری یە بە نرخەکانی هاونیشتمانانی کورد لە پێوەندی یەکانی ئازەربایجان و کوردستان دا بەهرەمەند بووین. هەرگیز خەباتی ئەو ئینسانە گەورەیە بۆ یەکگرتوویی هێزە پێشڕەوەکانمان لە بیر ناچێتەوە.

ژیانی سەرانسەر تێکۆشانی دوکتور قاسملوو وەک رێبازێکی ئینسانی و ئێرانی، ئامانجەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، شێلگیرتر بەرەو پێشەوە دەبا.

حیزبی یەکیەتی بۆ ئازادی و بزووتنەوەکانی ئازەربایجان بۆ رزگاریی ئێران، بە بۆنەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی لە هەموو هاونیشتمانانی ئازادیخواز و لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەکا.

---

### کانوونی نووسەرانی ئێران [دوورخراوە لە وڵات

کانوونی نووسەرانی ئێران [دوورخراوە لە وڵات] مەرگی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری، رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بەدەستی جینایەتکاری دوژمنی ئازادی جێبەجێ کراوە، بە خەسارێکی گەورە و میللی لە رەوتی خەبات لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی دا دادەنێ و، بەبۆنەی لە دەستچوونی ئەو رێبەرانەوە بە تایبەتی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە پیاوێکی خاوەن بیرو قەڵەم و سیاسەتمەدارێکی ئازادیخواز بوو، سەرخۆشی لە بنەماڵەکانیان و خەڵکی کوردستان و میللەتی ئێران دەکا.

---

## بەشی یەکەم

### کۆمەڵە دیفاع لە مافی مرۆڤ ئێران دا [واحیدەکانی: پاریس، گرونوبیڵ، وییەن]

ئینسانکوژە حیرفەیی یەکان بە کوشتنی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و دوو کەسی دیکە لە یارانی ئەو، لاپەرەیەکی دیکەیان خستە سەر دەفتەری رابردووی رەشی خۆیان.

ئەو بەکریگیراوانە کە ئەم جینایەتەیان ئەنجام دا نەک هەر دڵڕەشی و درندەیی خۆیان لە ئینسانکوژی دا نیشان دا، بەڵکوو دەریان خست کە لە لانیکەمی ئەخلاق و شەرافەت و جوانمێرییش بە دوورن، کوژرانی نوێنەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە شوێنی وتوویژ لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دێتنەوەی رێگا چارەیەک بۆ مەسەلەی کوردستان زیاتر لە هەموو شتێک پێشاندەری بوحرانی ئەخلاقیی نێو رێژیمی حاکم بەسەر ئێران دایە.

هەر چەند لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دەخاڵەتی خۆی لەم جینایەتە دا هەرەک جارەکانی رابردوو وەدرۆ خستوتەوە، بەڵام بەڵگە و نیشانەکانی پێوەندیدار بەم کارەساتەوە، دەخاڵەت و بەشداریی هەڵسوور رێبەرانی رێژیم لەم مەسەلەیە دانیشان دەدەن.

کۆمەڵەی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەم کارە جینایەتکارانەیە لە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە رێکخراوی مافی مرۆڤ و بیروڕای گشتیی جیهان داوا دەکا کە بە دەربڕینی بێزاری لەم کارەساتە، شناسایی پیلانگێڕان و گرتن و سزادانی ئەوانیان لە دەوڵەتی ئوتریش بۆێ.

---

### بەرە و یەکگرتن [بسوی وحدت]

تێرۆری ناجوانمێرانەی دوکتور قاسملوو و هاوسەنگەرەکەی بە دەستی بەکریگیراونی کۆماری ئیسلامی ، بێگومان خەسارێکی بەژانە بۆ جووڵانەوەی گەلی کورد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو هێزەکانی پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران.

## بەشی یەکەم

دوکتور قاسملوو رووماى پرشنگدارى جووڵانەوەى گەلى كوردى ئێران، لە نێو هێزەكانى دیكەى گەلى كوردى ناوچە دا، جێگایەكى تایبەتى هەبوو.

دوکتور قاسملوو لە جووڵانەوەی سەرانسەری خەڵکی ئێران لە دژی سەرەڕۆیی و بۆ دێموکراسی دا خاوەن جیگایەکی تایبەتی بوو.

ئەم جووڵانەوەیە هەرگیز هەوڵ و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ئەو لە شکڵ پێدانی یەکیەتی هێزە شۆڕشگێڕ، دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی لە دژی کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوا دا لە بیر ناباتەوە، بە بڕوای ئێمە، ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە لە چاوی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامی وە نەبوون و زیاتر لە پێشوو رق و کینەیان سەبارەت بە دوکتور قاسملوو لە دڵی ئەوان دا پێک هێنا بوو.

هاوسەنگەرانی بەڕێز! ئەندامان! کادرەکان و رێبەرایەتیی کوردستانی ئێران! هێزە دێموکڕات و شۆڕشگێڕەکانی ئێران و هێزە دێموکڕات و ئینساندۆستەکانی لە ڕادەی نێونەتەوەیی دا، تێرۆری ناجوانمێرانەی دوکتور قاسملوو و هاوسەنگەرەکەی دەکەنە هەوێنی خەباتێکی بەرین لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەم جۆرە پیلانی ئەوان پووچەڵ دەکەنەوە.

---

## بزووتنەوەی دێموکراتیک. شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشانی ئێران

لەلایەن هاوڕێیان بزووتنەوەی دێموکارتیک – شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشانی ئێران و خومەوە بەرق و بێزاری زۆرەوە ئەم پیلانە کە بوو بە هۆی کوژرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری مەحکووم دەکەم.

ئێمە لە دەوڵەتی ئوتریش، لەبەر ئەوەی ئەو جینایەتە لەو وڵاتە دا رووی داوە - داواکارین کە بەرێوەرانی ئەسلیی ئەو جینایەتە هەرچی زۆوتر بناسێنێ.

دوکتور قاسملوو لە شەخسییەتە بە ئەزموون و خەباتگێڕەکانی ئێران و جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە - دێموکراتیکی کوردستان بوو، لە دەستچوونی ئەو، زەبرێکی گەورە بوو بۆ جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان. ئێمە بەم بۆنەیەوە ماتەمی بێ پایانی خۆمان سەبارەت بە لە دەستدانی ئەو ئینسانە بەنرخانە دەردەبڕین و

## بەشی یەکەم

سەرەخۆشی لە ڕێبەرایەتی و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە ئەندامانی بنەماڵەکانیان دەکەین.

ئەو جەریانە کۆنەپەرست و دژی دێموکراتیی کانە کە دەستیان لە پیلانی کوشتنی ئەو جۆرە خەباتگێرانە دا هەیە و یان بە لە دەستچوونی خەباتگێرانی ئاوا خۆشحاڵ دەبن، دەبێ بزانن کە خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ئێران درێژەی دەبێ. دڵنیاین پشت ئەستوور بە ئامانجە ڕەواکان و بە درێژەدانی خەبات لە دژی کۆنەپەرەستیی نێو خۆیی و جیهان، جێگای ڕۆڵەکانی وفادار بە خاک و نیشتمانی خۆیان پڕ دەکەینەوە.

---

### کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی چریکە فیدایی یەکانی گەلی ئێران

لە گەڵ سڵاوی زۆر و هەستی دڵ پەرۆشی یەکی قووڵ لە شەهید بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک عەبدوڵڵا قادری نوێنەری ئەو حیزبە لە دەرەوەی وڵات، بەم هۆیەوە هاودەردیی خۆمان لە گەڵ ئێوە ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەردەبڕین و سەرەخۆشیی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە لە ئێوە و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین.

---

### کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی فیدایی

**هرگز نمیرد آنکس دلش زنده شد به عشق**

لەدەستچوونی کاک دوکتور و هاوسەنگەرەکەی، کاک عەبدوڵڵا، خەسارەێکی گەورەیە بۆ جووڵانەوەی بەرگری گەلی کورد و جووڵانەوەی دێموکراتێکی خەڵکی ئێران. بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە سەمیمانە سەرە خۆشیی ئەم خەسارەتە لە هاوڕییانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەکەین.

**بە ئیمان بە سەرکەوتنی ڕێگاکەمان.**

## کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتیکی خەڵکی ئێران

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتیکی خەڵکی ئێران کارەساتی تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، خەباتگێرانی ماندوویی نەناسی ڕێگای مافەکانی خەڵکی کوردستان و دێموکراسی لە ئێران دا لە ئێوە و لە پێشمەرگەکانی حیزبی ئێوە و خەڵکی کوردستانی ئێران سەمیمانە سەرەخۆشی دەکا. کاک دوکتور لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە خەباتی بێ ئەمان لە پێناوی ئامانجە گەلی شۆڕشگێڕانەکانی گەلی کورد و خەڵکی ئێران دا ببووە یەکێک لە شەخسییەتە گەورەکانی جووڵانەوەی دێموکراتێک و چەپی وڵاتەکەمان و لە دەستچوونی بێگومان نەک هەر بۆ خەڵکی نەبەزی کوردستان بەڵکوو بۆ خەڵکی سەرانسەری ئێران خەسارێکی گەورە و قەرەبوو نەکراوە. بە لە دەستچوونی کاک دوکتور هێزە چەپ و دێموکڕاتێکەکانی ئێران شەخسییەتێکی خەباتگێڕ، سیمایەکی گەورە و جێی براو لە ئاستی میللی و نێونەتەوەیی دا لە دەست دەدەن.

ئێمە جارێکی دیکە بە دەربڕینی هاودەردیی قووڵمان لە گەڵ ئێوە هیواداری دەردەبڕین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا شێلگیر و خۆڕاگرێ لە ڕێگای وەدیهێنانی دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دا هەنگاو بنێ.

---

## کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەی ئێران

کوشتنی ناجوانمێرانەی دوکتور و هاوڕێیانی بوو بە هۆی بێزاری و پەژارەی ڕێبەری و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی توودەی ئێران، حیزبی ئێمە ئەم جۆرە ئاکارە تێرۆریستانە بە توندی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای دەربڕینی داخ و پەژارەیەکی زۆر و پێشکەش کردنی پرسە و سەرەخۆشیی بە ئێوە و بنەماڵەی تێکۆشەرانی شەهید، هاودەردیی سەمیمانە و هاوپێوەندیی خەباتگێڕانەی خۆمان بە حیزبەکەتان ڕادەگەیەنین.

---

## بەشی یەکەم

### کۆمیتە ناوەندی ناوەندیی ڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران [اکثریت]

تێرۆری ناجوانمێرانەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری زیانێکی گەورەیە بۆ خەڵکی کوردستان و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران.

دوکتور قاسملوو نەتەنیا یەکێک لە گەورەترین ڕێبەرەکانی خەڵکی کوردستان بوو، بەڵکوو یەکێک لە شەخسییەتەکان و ڕێبەرانی گەورەی خەبات لە پێناوی جێگیر کردنی دێموکراسی لە ئێران دا بوو. نەخشێک کە هاوڕێیان لە خەبات بۆ خودموختاریی کوردستان و دێموکراسی لە ئێران دا بەڕێوەیان دەبرد هەتا هەتایە لە بیری خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران ناسڕێتەوە.

ئێمە هیواداریین ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە کە لە پێناوی یەکیەتیی هەموو هێزە دێموکراتێکەکانی وڵات دا بەڕێوە چووە، سەرکەوتوو بێ و ڕێگای هاوڕێیان بۆ خەبات لە پێناوی خودموختاریی کوردستان و دێموکراسی لە ئێران دا بە سەرکەوتنەوە درێژەی پێ بدرێ. ئێمە لە دەستچوونی قاسملوو بە خەسارێک بۆ هەموو بزووتنەوەی دێموکراتێکی خەڵکی ئێران دادەنێین. سەرخۆشیی شەهید بوونی ئەو و هاوسەنگەرەکەی لە حیزبی ئێوە، لە کەس و کاریان و لە خەڵکی کوردستان دەکەین.

---

### عاتفە گورگین سەردەبیری بڵاو کراوەی [فصلی در گلسرخ]

تێرۆری سیاسیی شۆڕشگێڕی گەورە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی خۆشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵا قادری یەکێک لە کادرە خەباتگێڕەکانی ئەو حیزبە، کارەساتێکی دڵتەزێنە بۆ جووڵانەوەی میللی – دێموکراتێکی گەلی کورد.

جێگیر بوونی دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری بۆ گەلی کورد، ویستی بە حەقی حیزبی ئێوە و سکرتێری گشتیی بیری وردتان ئاواتی هەموو خەباتگێڕان شۆڕشگێڕان ئێران.

## بەشی یەکەم

خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانیان درێژە دەدەین، بەو هیواداری یە کە دوکتور قاسملوو نەمردوە، ئەو لە ویزەی هەر گوللەیەکی پێشمەرگە دا، لەهەر قسە و هەنگاوێک کە وەدیهێنەری داخوازەکانی گەلی کورد، زیندووە.

بلاو کراوەی [فصلی در گلسرخ] لە گەڵ مەحکووم کردنی ئەو کردەوە چەپەلە، وێرای داخ و کەسەرێکی زۆر سەرەخۆشیی ئەو خەسارە گەورەیە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گەلی خەباتگێری کورد و پێشمەرگەکانی، لە خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و لە بنەماڵەکانی قوربانی یەکانی دەکا.


تکام ئەوەیە هاودەردیی قووڵ و سڵاوی شۆڕشگێڕانەم قبووڵ بکەن.

سەرچاوە: "ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢ گەلاوێژی ١٣٦٨ = ئاگۆستی ١٩٨٩

تایپ کردنەوەی لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢: ڕەحمان نەقشی

## بەشی یەکەم

### پەیامی سوپاس و پێزانینی دوکتور سادق شەڕەفکەندی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، به بۆنەی هاوەدەردیی خەڵک و دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکڕات به دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمردا



**هاونیشتمانانی بەشەرەف !**
**خەڵکی دڵسووتاو و ئەمەگناسی کوردستان!**

به ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم به ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی و ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبەوە سوپاسی گەرمی ئەو هاودەردی و هاودڵیەتان بکەم که به بۆنەی شەهیدبوونی ڕێبەری خۆشەویستی حیزبەکەمان دوکتور قاسملووی نەمر خۆی نواندو به شێوەیەکی بەربڵاو و بێوێنه هەروا خۆی دەنوێنێ.

ئاشکرایه که ئەو هاودەردیه بێخەوشەو ئەو هەسته پاکه نیشانەی ئەمەگناسیه که له بیروباوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ. بیروباوەڕ به ڕێبازی خەباتگێڕانه و لەعەینی کاتدا ئوسووڵی و سەربەخۆی حیزب و، بیروباوەڕ بەو ئامانجانه کەڕێبەرێ هەڵکەوتوومان لەپێناوی وەدیهاتنیاندا سەری داناو گیانی بەخت کرد. ئەم هاودەردیه نیشانەی ئەوەیه که ئێوە خەڵکی تینووی ئازادی و دێموکڕاسی حیزبی دێموکڕات بەڕۆڵەی بەحەق و خۆشەویستی خۆتان چاو لێدەکەن.

بەشی یەکەم

ئەمە، دیارە هەر لەو کاتەدا کە بۆ ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکڕات بە گشتی جێگای فەخرو شانازیەکی گەورەیە، ئەرکێکی زۆر قورسیش دەخاتە سەرشانمان: ئەرکی درێژەدانی سادقانە و لێبڕاوانەی ڕێگای شەهیدان و، ئەرکی هەوڵدانێکی بێوچان بۆ ئەوەی هەروا جێگای بیروبڕوا خۆشەویستی بمێنینەوە.

هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم لەم هەلومەرجە ناسک و مێژوویی‌یەدا جارێکی دیکە ئێوە خەڵکی بەشەرەف و ئازادیخوازی سەرانسەری ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی، دڵنیا بکەم کە ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات، حیزبی شەهیدان، ئەم ئەرکە گرانە کە کەوتۆتە سەرشانمان زۆر باش هەست پێ‌دەکەین و زۆر بە ئاگاهی‌یەوە بڕیاری یەکجاریمان داوە کە هەموو هێزو توانای خۆمان تەرخانی پێوانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، یانی ڕێگای خەباتی کوڵنەدەرانە لە پێناوی ئازادی و دێموکڕاسی و مافە ئینسانی‌یەکاندا بکەین تا لەم ڕێگایە دا - کە ڕێگای سووری شەهیدانە - یان سەربکەوین، یان بە شانازی‌یەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دابنێین.

### هاونیشتمانانی ئازدیخوازی ئێران!

ڕێژیمی خوێنڕێژو خوێنخۆری ئاخوندی بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو دەری‌خست کە نایهەوێ لە نێوەرۆکی ڕەش و، لەرەفتارو کردەوەی دژی گەلی و دژی ئێرانیی‌خۆی دا ئاڵوگۆڕێک پێک‌بێنێ. چونکە مەگەر دوکتور قاسملوو لە چ ڕێگایەکداو بە دوای کام ئامانجدا لە داوی ئەو ڕێژیمە جەللادە کەوت و تێرۆر کرا؟

دوکتور قاسملوو دەیهەویست خەڵکی کوردستانی ئێران بە وەرگرتنی خودموختاری لە پێش هەموو شتێکدا هەست بەشەخسییەتی خۆیان بکەن. گەلی کورد لەکوردستانێکی خودموختاردایە کە بەڕاستی و بەکردەوە دەتوانێ هەست بە برایەتی‌و یەکسانی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بکا. ئینجا بەدڵێکی گەرمەوە ئەرکی نیشتمانیی خۆی بەو جۆرە کە لەسەرشانی نیشتمانپەروەرانی راستینە، بە ئەنجام بگەیەنێ و لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی خۆشەویستی خۆی ئێرانی وێران و پەرێشانی ئەمڕۆدا نەخشێکی کاریگەر بگێڕێ.

دوکتور قاسملوو ئاواتی ئەوە بوو کە چ زانایی و ئەزموون و لێوەشاوەیی خۆی وەک ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی ئەم ئاوو خاکە، چ خەباتگێڕی و ماندوویی‌نەناسیی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات کە لەهەڵکەوتووترین و دڵسۆزترین ڕۆڵەکانی کوردستانی ئێرانن و، بەدوای ئەواندا هەموو هێزو توانای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە خزمەت سەربەخۆیی سیاسی و

به‌ره‌وپێش‌بردنی ئێران له‌ باری ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تی و فه‌رهه‌نگی و عیلمی و سه‌نعه‌تی و بواره‌کانی دیکه‌ دابنێ.

به‌ڵام په‌روه‌رده‌کراوانی خوێن و خه‌یانه‌ت به‌م جینایه‌ته‌ گه‌وره‌یه‌ نیشانیان دا که‌ نه‌ له‌فکری ئێراندان و نه‌گه‌لی کورد له‌ئێران به‌ئێرانی ده‌زانن. ئه‌وان جارێکی دیکه‌ به‌روونی ڕایانگه‌یاند که‌ هیچ بایه‌خێک به‌ ئوسووڵی ئه‌خلاقی و ئینسانی ناده‌ن و چووکترین نرخ بۆ ڕێوشوێنی نێونه‌ته‌وه‌یی و پێوه‌ندی‌یه‌کانی گه‌لان و ده‌وڵه‌تانی جیهان دانانێن.

ئێمه‌ وه‌ک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ که‌ به‌کرده‌وه‌ چالاکترین هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی له‌ مه‌یدانی خه‌بات چه‌کدارانه‌ له‌نێوخۆی ئێراندا بووین و هه‌ین، ئاشتی‌خوازین و ئه‌گه‌ر ده‌ستمان بۆ چه‌ک بردوه‌، بۆ دیفاع له‌ خۆمانه‌، چونکه‌ شه‌ڕیان به‌سه‌ردا سه‌پاندووین. ئێمه‌ له‌ شه‌ڕو خوێنڕێژی بێزارین، چونکه‌ مانای شه‌ڕ باش ده‌زانین و هه‌ر بۆیه‌ هه‌میشه‌ له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ بووین که‌ مه‌سه‌له‌ی کوردستان هه‌تا بگونجێ له‌ ڕێگای ئاشتی‌خوازانه‌وه‌ چاره‌سه‌ر بکه‌ین. به‌ڵام کۆنه‌په‌رستانی دوور له‌ ئینسانییه‌ت و عه‌قڵی سه‌لیم، به‌و کاره‌ دڕندانه‌یه‌ سه‌لماندیان که‌ بۆ چاره‌سه‌رکردنی گیروگرفته‌کانی ئه‌مڕۆی ئێران هیچ ڕێگایه‌ک به‌ ناوی ڕێگای ئاشتی‌خوازانه‌ ناناسن و له‌نێوان خۆیان و خه‌ڵکی ئێراندا ته‌نیا زۆرو "خشونت" به‌ حاکم ده‌زانن و به‌س!

به‌ڵێ، ڕێژیمی ئاخوندی، گه‌لانی ئێران به‌ ئاشکرا بۆ مه‌یدانی شه‌ڕو به‌ربه‌ره‌کانی له‌گه‌ڵ خۆی بانگ ده‌کا و ئێستا ماوه‌ته‌وه‌ سه‌ر ئێمه‌ که‌ که‌نگێ و چۆن له‌شکان‌نه‌هاتوویی هێزی یه‌کگرتووی خۆمانی پێ نیشان بده‌ین و تامی تاڵی شکست و تێکڕووخانی پێ بچێژین.

## ڕۆڵه‌کانی گه‌لی به‌وه‌فاو خه‌باتگێڕی کورد!

ئێوه‌ هه‌ستی نیشتمانپه‌روه‌ری و ئه‌مه‌گناسیی خۆتان سه‌باره‌ت به‌ ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری زۆر باش سه‌لماندوه‌، به‌ڵام هه‌ست هه‌رچه‌ند زۆر گرنگه‌، به‌ته‌نیا به‌س نیه‌. هه‌ست ده‌بێ شکڵێکی ماددی و ده‌ستگر به‌ خۆیه‌وه‌ بگرێ که‌ بتوانێ له‌ مه‌یدانی کرده‌وه‌دا به‌ شێوه‌یه‌کی کاریگه‌ر خۆی بنوێنێ.

ئێمه‌ هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه‌ که‌ پێمان له‌ ڕێگای دژوارو پڕهه‌ورازونشێوی خه‌بات ناوه‌، بڕیارمان داوه‌ هه‌تا ئاخرنه‌فه‌س و ئاخردڵۆپی خوێن درێژه‌ده‌ری ئه‌و ڕێگایه‌ بین. ئه‌م بڕیاره‌شمان دیاره‌ دڵگه‌رم به‌ پشتیوانیی ئێوه‌ داوه‌. ئێستاش به‌هه‌موو

هەست و وجوودمانەوە ئەم بڕیارەتان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە و دڵنیاین کە بە پشتیوانیی ئێوە سەرەنجام سەردەکەوین. چونکە دەزانین کە هێزی یەکپارچەی گەل لەبڕاننەهاتوویە و قەت نابەزێ.

ئێمە گەلێکی مەزڵوومین و زۆرمان زوڵم لێدەکرێ. زۆرداران بە کوشتنی دوکتور قاسملوو دەیانەوێ بە ئێمە بڵێن کە تەنیا کاتێک مافی نەفەسکێشانمان هەیە کە ژێردەست و ژێر چەپۆکەیان بین. بەڵام لە مێژە گوتوویانە کە قبووڵی زوڵم لە خودی زوڵم خراپترە. ئەگەر بمانەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لەیەک دەرسدا کورت بکەینەوە ئەم دەرسە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ لای هێزی خۆمان ڕاکێشاو تێیگەیاندین کە ئەگەر دڵنیاییمان بە خۆمان بێ و، پشتی یەکتر بگرین خاوەنی چتوانایەکی گەورەین کە پەیکەری زۆرداران وەلەرزین دەخاو تووشی پەلەقاژەی مەرگیان دەکا!

دەبا ئەم دەرسە بەنرخەمان هەروا لەبەرچاو بێ.

با دایکانی کوردستان ڕۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕلەخۆشەویستیی خۆیاندا بە هەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی ڕێگای ڕزگارییان بە گوێدا بخوێنن.

با باوکانی کوردستان دەرسی ئازایەتی و خەباتگێڕی فێری منداڵەکانیان بکەن و تێیان بگەیەنن کە چەندە خۆشە جێگای هیوا و هومێدی کۆمەڵەکەیان و گەلەکەیان بن.

با لاوانی کورد - کوڕ و کچ - باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێردەستیداو، بەسەرشۆڕی و شەرمەزارییەوە چەندە بێقەدروقیمەتە و لەبەرامبەردا هەڵمژینی هەوای پاک و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێنە.

دەبا ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان ریزەکانی حیزبی دێموکرات بەهاتنی خۆیان جوانتر لە پێشوو برازێننەوە و بە هەڵگرتنی چەکی شەرەف و سەربەرزی، هێزی پێشمەرگە زۆر لە ئێستا بەهێزتر و لەشکاننەهاتووتر بکەن.

ئاشکرایە کە گەلی کورد وەجاخ کوێر نیە و خاوەنی دەیان و سەدان قاسملوو بووە و هەیە. تایبەتمەندیی قاسملوو ئەوە بوو کە لێوەشاوەیی و زانایی خۆی لە خزمەت ڕزگاری و ئازادیی گەلەکەی دانابوو. بۆیە ئێستا لەم کاتەدا کە بێگومان کاتێکی زۆر گرنگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددایە، بە هەموو هەستەوە داوا لە لاوانی خوێنگەرم و ڕووناکبیری

کوردستان دەکەم کە بێنە مەیدانی خەبات و جێگای بەتاڵی قاسملوو پڕ کەنەوە. ئەگەر دوژمنانی ئازادی ئاوا لە قاسملوویەک دەترسن دەبێ لە بەرامبەر دە قاسملوودا وەزعیان چۆن بێ؟

ئێمە هەموومان باش دەزانین کە لەو فەزا پڕزەبروزەنگ و سەرەڕۆیی و رەشەکوژیەی ئەمڕۆی ئێراندا هیچ داهاتوویەکی روون بۆ هیچ کەس بەدی ناکرێ و هەتا سایەی ئەو دیکتاتۆرییە کۆنەپەرستانەیە بمێنێ ژیانێکی ئاسایی بێدەنگ و بێدەردی سەر بۆ کەس مومکین نیە. ئەگەریش بەڕواڵەت مومکین بێ لەسەر هەر ئینسانێکی واقیعی پێویستە ئەو ژیانە - هەرچەندەش درێژ - بە سەرەنجامەکەیەوە لەگەڵ ژیانی کورت بەڵام پڕلەشانازی و لەمێژووتۆمارکراوی تێکۆشەرانی مەیدانی خەبات و شەهیدانی رێگای ئازادی گەل، وەک دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری هەڵسەنگێنێ و بڕیاری خۆی لە بارەی ریگەی ژیانیدا بدا.

**هاونیشتمانانی ئەویندارى ئازادی !**

- دوکتور قاسملوو لە سەرانسەی ژیانیدا وەک مەلێکی لەهێلانەدەرکراو دڵی بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەی و تێیدا حاسانەوە لێی دەدا. بەڵام بەداخ و کەسەرەوە ئەو نیشتمانە خۆشەویستەمان لە وەزعێکی وادا نەدیت کە پەیکەری پاکی شەهیدانی ئازیزمانی بە دڵنیاییەوە پێبسپێرین. هەر بۆیە جارێ بەئەمانەت لە جێگایەکی دوور لە کوردستان دامانناون هەتا ئەو رۆژەی کە لەسایەی خەبات و تێکۆشانی ئێمەدا خاکی پاکی نیشتمانە جوانەکەمان نەک هەر باوەشی بۆ رۆڵە فیداکارو بەئەمەگەکانی خۆی، بەڵکوو بۆ هەموو ئینسانێکی خەباتگێڕی شەیدای ئازادی ئاواڵە بکاتەوە.


**بەهیوای ئەو رۆژە پیرۆزە.**

**رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢ - رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران - رێکەوتی: ٢ی ٥ی ١٣٦٨**

**تایپ کردنەوەی لەرۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢: رەحمان نەقشی**

# چەند دیدوبۆچوونی شەهید د. قاسملوو

## جێگیر بوونی نەتەوایەتیی کورد!



ئایا دەتوانین بڵێین کورد نەتەوەیە؟ ئایا باشتر نیە کورد بە کەمایەتی نەتەوایەتی دابنێین؟ با لە نیزیکەوە لەم دوو پرسیار وردببینەوە.

زۆر جار (نەتەوە) مانایەکی ڕاست و دروستی لێ نەدراوەتەوە، بەڵام زانستی نوێ سنووریکی ڕاست بۆ نێوەڕۆکی ئەم مانایە دەداتە دەست. نەتەوە خەڵکێکە کە لە ڕەوتی مێژوودا پەیدا بووە و سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکێک تەنیا پاش قۆناغێکی دیاریکراوی پێگەیشتن دەبێتە نەتەوە ڕاستیەکەشی ئەوەیە کە بناخەی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە بە گەشەکردنی سەرمایەوە بەندە و ئەو نەتەوانە لە گەڵ گەشەکردنی سەرمایەداری دا سەقامگیر دەبن. دیارە ریشەی پێگەیشتنی ئەو نەتەوانە بۆ سەر شێوەکانی پێشووی کۆمەڵ لە قۆناغی کویلەتی و قۆناخی دەرەبەگایەتی دا دەگەڕێتەوە. لە گەڵ ئەوەش دا بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بە نەتەوە دابنرێ، هێندێک شەرتی دیکە پێویستن کە لە هەموویان گرنگتر زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ژیانی ئابووریی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشە کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوە دا

خۆی دەنوێنێ.

باسی ئەوەمان کرد کە کورد کۆمەڵەخەلکیکی خاوەن مێژوویە و لەسەدەی حەوتەمەوە بەو ناوە ناسراوە ئێستا بزانین ئەو سروشتە تایبەتی‌یانە چین کە کورد دەکەنە نەتەوەیەکی سەربەخۆ"؟

وەک لە پێشەوە گوتمان زمانی کوردی زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە و بوونی جیاوازی‌یەکی کەم لە نێوان شێوەکانی دا هێچ لەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ، چونکە شێوەی جۆراوجۆر تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیش دا ماوە. دیارە ئەوە کە تا ئێستا زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کورد پێک نەهاتوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. بەڵام ئەمە هۆی ئەوە نیە کە گۆیا زمانی کوردی هێشتا ئەوەندە پێش نەکەوتوە و لەبەر ئەوەش نیە کە گۆیا وەک هێندێک دەڵێن شێوەیەکی زمانی فارسی‌یە. چونکە هێچ ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگ لەوە دا گۆمانی نیە کە زمانی کوردی بەڕادەی پێویست پێشکەوتوە. یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی ساڵی ١٦٨٧دەرچووە. کەوابوو. نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە نووسینێکی یەکگرتوومان نەبووە. هەروەک لەوە پێش گوتمان کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی و رووسی دەنووسرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە نێوان چەند وڵات دا دابەش کراوە و لە زۆربەی ئەو وڵاتانە دا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بووە. کەوابوو، لە باری مێژوویی‌یەوە لانی کەمی وەخت و دەرەتان پێویستە بۆ ئەوەی نووسینێکی یەکگرتوو و زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی پێک بێ. بەم جۆرە نەتیجە وەردەگرین کە نەتەوەی کورد زمانی هاوبەشی هەیە کە یەکێکە لەو سروشتانەی هەموو نەتەوەیەک لێک جیا دەکەنەوە.

هیچ کەس گومانی لەوەدا نیە کە کورد خاکی هاوبەشی هەیە، چونکە لە ڕۆژگارێکی یەکجار کۆنەوە کوردستان بە خاکی کورد ناسراوە کە هەزاران ساڵە لە کەژ و کێو و پێدەشتەکانی دا دەژی. لەتلەتبوونی کوردستان بە هۆی سنووورە سیاسی‌یەکانیش لە نێو چەند وڵاتان دا هێچ لەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ.

لەباری ژیانی ئابووریی هاوبەشەوە وەک ئەوەی لە وڵاتێکی وەک فەرانسە یا ئیتالیا هەیە، نابینرێ. لەو بارەوە تەنانەت لە نێوان کورد و تورکیش دا جیاوازی هەیە، چونکە تورکەکان لەوبارەوە لە کورد زیاتر پێشکەوتوون، هۆی ئەوەش کزیی گەشەکردنی سەرمایەداری‌یە لە کوردستان دا و هۆیەکی تریش ئەوەیە کە کوردستان لەتلەت کراوە و بەکردەوە هێندێک بەش لە بەشەکانی دیکە جیابوونەوە، هەروەک لە نێوخۆی هەرکام لەو وڵاتانەش دا کوردستان دابەش کراوە، دیارە هەموو ئەوانە دەبنە کۆسپی پێکهاتنی ژیانێکی ئابووریی هاوبەش، بۆ نموونە کوردستانی ئێران کراوەتە سێ بەش: بەشی شیمال

کە بەڕەسمی بە (ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا) ناو دەبرێ، بەشی نیوەڕاست کە بەڕەسمی پێی دەڵێن (ئوستانی کوردستان) و بەشی جنووبی کە بەڕەسمی بە (ئۆستانی کرماشان) دەناسرێ. ئەودەم تەنانەت تاقە ڕێگایەکی باشیش نیە کە بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدا و زستانان لە نێوان سەقز و سنە دا هاتوچۆ نامێنێ، کە ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی جنووبیی کوردستانی ئێران بە تەواوی لە بەشی شیمالی دادەبڕێ.

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، پێشکەوتنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری و ئەو جیاوازییەی لە نێوان گوندنیشنەکان دا پەیدا بووە و پێگەیشتنی شارەکان و بەربڵاوبوونی بازرگانی و هاتوچۆ هەموویان دەبنە هۆی سەقامگیربوونی نەتەوەی کورد.

ئەمە وا دەگەیەنی کە ئەگەر ناتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی یەکگرتووی تەواو لە کوردستان دا هەیە. ناشتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی هاوبەش نیە. ئێمە لەمەوبەر گوتمان کە بە پێچەوانەی ئەو سنوورە دەسکردانە، کوردەکان پێوەندییەکی ئابووریی بەربڵاویان پێکەوە هەیە، وەک کوردی ئێران و عێراق، بێجگە لەوانەش یەکیەتیی ژیانی ئابووری شتێکی نیسبییە و نەتەوکانی دەوروبەری کوردیش (وەک فارس، تورک و عەرەب و ئازەربایجانی) هەر وەک کوردن. ئەوانیش لە هێندێک جێگا یەکیەتیی ئابووریان بە هێزە و لە هێندێکی تر لاوازە. یەکیەتیی ئابووریی نەتەوەکانی قەفقازیش ناتەواو بوو، و هی نەتەوەکانی ئاسیای نێوەڕاست لە رووسی هەر شوێنەواری نەبوو، کەچی ئەوە نەبوو بە کۆسپ بۆ ئەوەی لە دوا رۆژ دا ببن بە نەتەوەی سۆسیالیستیی سەربەخۆ.

خوو و ڕەوشتی هاوبەشی کوردەکان بەگشتی شتێکی شتێکی سەلمێندراوە، هەموو رۆژهەڵاتناسەکان و ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کورد تەرخان کردوە، لەوە دا یەکدەنگن کە کورد لە هەموو نەتەوەکانی دەوروپشتی خۆی جیایەو کوردەکان فەرهەنگی خۆیان پاراستوە و لە نێو هیچ کۆمەڵێکی رەگەزی و زمانیی دیکە دا نەتواونەوە. خەباتی بەردرێژی کورد لە پێناوی پاراستنی بوونی نەتەوایەتیی خۆی دا هەمیشە بۆتە هۆی جێگیربوونی خوو و ڕەوشتی هاوبەش و فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد. پێویستە بگوترێ کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری دێموکڕاتی کوردستان دا هەستی نەتەوایەتی لە نێو کورد دا زۆر بەهێز بووە.

بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد هەروا درێژەی هەبووە و لە پاش شۆڕشی ژووئیەی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق زیاتر بەهێز بووە. ئێستا لە کوردستانی عێراق چەند رۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەردەچن. لە ئێران و عێراق چەند ئێزگەی رادیۆ بە کوردی کراونەتەوە کە هەر چەند ئێزگەکانی ئێران بەرنامە بە قازانجی گەلی کورد بڵاو ناکەنەوە بەڵام ئێستاش تاڕادەیەک

## بەشی یەکەم

یارمەتیی گەشەکردنی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی واتە ئەدەب و مۆسیقا دەکەن.

ئەوەش گرنگە کە بگوترێ سەقامگیربوونی ئەو نەتەوانە کە لەباری ئابووریەوە، دواکەوتوون پێوەندییەکی زۆری بەخەباتی دژی ئیمپریالیستییەوە هەیە و نەتەوەی کوردیش لە کارەساتی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و زۆرداریی نەتەوایەتی دا کە لە لایەن حکوومەتە مەرکەزییەکانی تورکیا و ئێرانەوە تووشی بووە، ریشە دادەکوتی.

هاوبەشیی ئایینیش یەکێک لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدوا خستوە. چونکە ئیسلام وەک ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان کراوەتە پەردەیەک بۆ داپۆشینی زۆڵموزۆری نەتەوایەتیی خەلیفەکانی بەغدا وپاشان سوڵتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان یاریّ کردوە.

بۆ نموونە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی دا کوردەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ ڕێ کەوت کە لە پێناوی مافی نەتەوایەتی و مافی چارە نووس دا خەبات بکەن. بەڵام بەناوی غەزاوە فریویان دان و زوڵم و زۆری نەتەوایەتیی تورکەکانیان بۆ ماوەیەک لە بیر بردنەوە.

ئەوە ڕاستە کە ئایین یەکێک لە دیاردەکانی نەتەوە نیە، بەڵام دەتوانین تەئسیری ئایین لەسەر سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لەو نموونەیەی خوارەوە دا تەماشا بکەین! لە گەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لە باری ئابووری و کۆمەڵاتییەوە زیاتر پێش کەوتوە، جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە مەهاباد بەهێزترە، چونکە کوردەکانی مەهاباد سوننین و کوردی کرماشان وەک فارسەکان شیعەن. جیاوازیی مەزهەب لە مەهاباد دەبێتە هۆی ئەوە کە زوڵم زۆری نەتەوایەتی لە مەهاباد ئاشکراتر خۆی بنوێنێ و ئەوەش هەستی بەرهەڵستیی کوردەکان زیاد دەکا و لە ئەنجام دا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی.

دیارە دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتیش دا کۆسپێکی دیکەی ڕێگای سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کوردە و پێویستە ئەو هۆیەش بەکەم نەگرین کە تا ئێستاش ڕۆڵی خۆی لەو بارەیەوە یاری دەکا.

هۆیەکی نالەباری تریش پێوەندیی عەشیرەتگەری و دەربەگایەتییە کە تا ئێستاش لە گوڕێ دا ماوە، بەڵام ئەو پێوەندییانە بەرەبەرە لە ئەنجامی گەشەکردنی بازاری نێوخۆیی و پەیدابوونی پێوەندییەکانی سەرمایەداری لە لادێی

## بەشی یەکەم

کوردستان دا بێ بایەخ دەبن.

لەوەڕا نەتیجە وەردەگرین کە جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لە هەلومەرجی ئێستا دا مومکین نیە، بەڵام ئەوە بەهیچ جۆر بەو مانایە نیە کە بتوانین حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد بکەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکا و سەقامگیر دەبێ.

کەوا بوو، هیچ شەرتێکی پێویستی نەتەوە بوون نیە کە لە نەتەوەی کورد دا نەبێ، بۆیە دەتوانین هەروەک باسی نەتەوەکانی تر دەکەین باسی نەتەوەی کوردیش بکەین، چونکە سێ هۆی گرنگ و بنەڕەتیی بوونی نەتەوە کە بریتیین لە: زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەش بە تەواوی لە کورددا هەن و ژیانی ئابووریی هاوبەشیش زۆر وەخت بە شەرتێکی گرنگی نەتەوە دانانرێ، کە واتە دەتوانین کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێین کە ئێستا بە قوناخی پێگەیشتنی نەتەوایەتی دا تێدەپەڕێ.

سەرچاوە: کتێبی کوردستان و کورد، نووسینی شەهید دوکتور قاسملوو

تایپ کردنەوەی لەکتێبی کوردستان و کورد: ڕەحمان نەقشی

## جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوو



لە گەڵ ئەوە کە ماوەی ژیانی کۆماری کوردستان ١١ مانگ بوو و زوو تێک چوو، دیسان جێگایەکی تایبەتیی لە مێژووی نەتەوەی کورد دا هەیە. کۆماری کوردستان لە ئاسمانی تاریک و لێڵی سەردەمی درێژی ژێردەستیی گەلی کورد دا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەدرەوشێ. ڕاستە ئەو ئەستێرەیە زۆر زوو ئاوا بوو، بەڵام ئێستاش هەروا ڕووناککەرەوەی ڕێگای خەباتی دژواری گەلی کوردە. گەلی کورد لە ڕۆژگاری نوێی مێژووی خۆی دا تا پێکهاتنی کۆماری کوردستان نەیتوانیبوو چارە نووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ و حوکمداری نیشتمانی خۆی بێ. بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی نەتەوەکەمان دا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان گەلی کورد بە ئاواتی خۆی گەیشت و هەستی بەوە کرد کە چارەنووسی خۆی بە دەستەوەیە و لە نیشتمانی خۆی دا بیگانە نیە و حاکمێکی دیکەش بێجگە لە خۆی لەو نیشتمانە دا نابینێ. بۆ یەکەم جار بوو کە گەلی کورد کۆماری خۆی هەبوو، پێشەوا و لەشکری خۆی هەبوو، دەزگای هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتەکەی لە خۆی بوو، پاش سەدان ساڵ خەبات هەستی لەخۆدڵنیابوون لە گەلی کورد دا پەیدا ببوو و چیرۆکی کۆن کە کورد هەرگیز "نابێتە هیچ" پووچەڵ ببۆوە، بۆ گەلی کورد دەرکەوتبوو کە بە خەباتی خۆی دەتوانی "ببێتە شتێک" و ژێردەستی کەس نەبێ و ئازاد و سەربەرز بژی.

کۆماری کوردستان کۆمارێکی گەلی بوو، بۆ یەکەمجار لەمێژووی نەتەوەی کورد دا بەڕێوەبەریی جووڵانەوە بە دەست ئاغایەک، سەرۆکعەشیرەتێک یان شێخێک نەبوو. ڕاستە هێندێک لە مانە لە کۆماری کوردستان دا خاوەندەسەڵات بوون. بەڵام هەوڵ دەدرا کە کۆمەڵانی سادە واتە خەڵکی کۆڵان و بازار نوێنەرانی خۆیان بە شێوەیەکی دێموکڕاتی هەڵبژێرن و

بەڕێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن، بۆ یەکەمجار جووڵانەوەیەکی پان و بەرینی گەلی پێکهاتبوو کە پشتیوانی ئامانجەکانی خۆی و کۆماری خۆی بوو. لەم بارەوە جووڵانەوەی ساڵەکانی ٢٤ - ١٣٢٥ لە گەڵ هەموو جووڵانەوەکانی پێشووی نەتەوەی کورد جیاوازیەکی بنەڕەتیی هەبوو.

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بوو. گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە بەشێک لە نیشتمانی خۆی دا شوێنەوارێکی لە زۆردارانی مێژوویی خۆی نەدەدی. لەشکر و پۆلیسی زۆردار نەمابوون. کاربەدەستی بەرتیلخۆری لە مەرکەزەوە دیاری کراو دەرکرابوون، کەس بۆ ئەوە ئازار نەدەرا کە بە زمانی خۆی قسە دەکا، هەستێکی یەکجار شیرین و دڵخۆشکەر لە ژیانی خەڵک دا پەیدا ببوو و دەیانزانی کە ئەوانیش نەتەوەیەکن. خاوەنی ئاو و خاکن، خاوەنی نیشتمانن.

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەکی دێموکڕاتی بوو، لەم جووڵانەوەیە دا هەموو چین و توێژە دێموکڕاتیەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەشدار بوون و هەرچی دەرۆیی باری دێموکڕاتیی جووڵانەوە زیاتر دەبوو. خەڵکی کوڵان و بازار و خەڵکی ساویلکە و نەخوێندەوار کۆماری کوردستانیان بەهی خۆیان دەزانی و ئازادانە لە هەڵسووراندنی دا بەشداریان دەکرد. ئەو دێموکڕاسیە کە لە کۆماری کوردستان دا بەدی دەکرا، جێی سەرسوڕمان بوو بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوە ڕا دەهاتن و چاویان پێ‌دەکەوت.

کۆماری کوردستان ئاکامی پەرەئەستاندنی جووڵانەوەیەکی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستی بوو. جووڵانەوەیەک کە لە کوردستان دا پەرەی گرتبوو بۆئەوەی سەربەخۆیی بپارێزی، دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیس خاشەبڕ بکا و بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە سیاسەتێکی نیشتمانی لە ئێران دا سەرکەوێ. ئەوەش یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی جووڵانەوەی ٢٤ - ١٣٢٥ بوو کە بۆ یەکەمجار جووڵانەوەی کوردستانی کرد بە بەشێک لە جووڵانەوەی دێموکڕاتیی پێشکەوتووی سەرانسەری ئێران.

هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیس ئەوەندە لە کۆماری کوردستان بیزار بوون و ئەوەندەیان رق لە پێشکەوتنی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستان هەستا بوو کە بۆ تێکشاندنی بە هەموو هێزیانەوە یارمەتیی دەوڵەتی مەرکەزیی ئێرانیان دا. چونکە بە حەق ترسی ئەوەیان هەبوو کە جووڵانەوەی کوردستان لە دوارۆژ دا ببێ بە بنکەیەک بۆ پێشکەوتنی جووڵانەوەی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستی لە هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا.

## بەشی یەکەم

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەک بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەی کورد دا ببوو بە بەشێک لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی و پێشکەوتووی جیهانی کە باڵێکی وڵاتەکانی سۆسیالیستی و جووڵانەوەی کرێکاریی جیهانی و باڵێکی دیکەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراو بوو. جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان لە ساڵەکانی ٢٤ - ١٣٢٥ دا ببوو بە بەشێک لە جوولانەوەی دژی فاشیستی و دژی ئیمپریالیستیی سەرانسەری جیهان و هەر بۆیەش لە گەڵ ئەوەی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی بوو، باری ئینترناسیونالیستییشی هەبوو.جووڵانەوەیەک بوو کە بۆ دۆستایەتی و ئاشتی و هاوکاری لە نێو هەموو نەتەوەکانی دنیا هەوڵی دەدا.


هیچ نەتەوەیەکی دیکەی لە کورد بەزیاتر دانەدەنا، بەڵام بە هیچ جۆرێک نەتەوەی کوردیشی بە زیاتر لە هیچ نەتەوەیەک نەدەزانی، دژی ڕەگەزپەرستی و فاشیزم و شووێنیزم بوو.

کۆماری کوردستان ئەو ڕۆڵە تاقانەی مێژووی نەتەوەی کورد جوانەمەرگ بوو، بەڵام شوێنەواری ئەو کۆمارە ئێستاش هەر زیندووە. ئیستاش هەر پاش ٤٧ ساڵ خەڵکی کوردستان ڕێگای کۆماری کوردستان دەبڕن، ئەو ڕێگایەی کە پێشەوا شەهید قازی محەممەد دیاری کردبوو و گرتبوویە بەر. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەو هەموو ئەزموونە کە دەستیان کەوتووە و بە پەیرەوی کردن لە سیاسەتی ڕاست و دروستی حیزبەکەیان، ڕێگای پێشەوا تا سەر دەڕۆن و ئاواتەکانی بەجێ نەهاتووی کۆماری کوردستان بە تەواوی وەدی دێنن.

سەرچاوە کتێبی ٤٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی

تایپ کردنەوەی لەکتێبی ٤٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی: ڕەحمان نەقشی

## سۆسیالیزم لە بەرچی ئامانجی "دواڕۆژە" ؟



**لە پێشدا ئەوە بزانین کە بۆ گەیشتن بە ئامانج، دەبێ قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێش بچین و بۆ هەر قۆناغەی دروشمی تایبەتیمان هەبێ، بەگشتی حیزبێکی سیاسی سێ جۆر دروشمی هەیە:**

**یەکەم**: "دروشمی رۆژ" کە دەکری لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراوی زۆر بچووک بێ. بۆ نموونە ئەگەر لە شارەکان "نان" یان "نەوت" وەدەست نەکەوت دەتوانین خەڵک هان بدەین بۆ ئەوەی کۆ ببنەوە و خۆپیشاندان پێک بێنن و داوای "نان" یان "نەوت" بکەن. شاگردی مەدرەسە دەتوانین هان بدەین بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ وەڕێ کەون و داوا بکەن: مامۆستاکانیان تەبعید نەکرێن و دروشمی دیکەی ئاوا ...

**دووهەم**: درێژتر لە دروشمی ڕۆژ، دروشمی "تاکتیکی"یە ئەگەر سەرنج بدەینە تێکۆشانی حیزب. دەبینین کە لە پاش شۆڕشی ئێرانەوە هەتا ئێستا، حیزب چەند جار تاکتیکی خۆی گۆڕیوە: لەسەرەتا دا تاکتیکمان هاوکاری لە گەڵ ڕێژیمێک بوو کە بە دوای شۆڕشدا هاتبووە سەرکار. ئێمە پشتیوانیمان لە بەڕێوەبەرایەتیی خومەینی و لە ڕێژیمەکەی دەکرد و مەسەلەی خەباتی چەکداری لە گۆڕێ نەبوو. لە شەڕی سێ مانگە دا دەستمان کرد بە خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕێژیمی خومەینی کە لەڕاستی دا ئەو شێوە خەباتە ڕێژیم بەسەری داسەپاندبووین. پاش سەرکەوتن لە شەڕی سێمانگە دا، سەرلەنوێ تاکتیکی خۆمان گۆڕێ. بەڵام ئەم جارە لە جیاتی پشتیوانی لەڕێژیمی خومەینی، دەمانەویست بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ مەسەلەی کوردستان، لەگەڵ دەوڵەت وتوویژ بکەین. تاکتیکی "وتوویژ" یش زۆر درێژەی نەکێشاو سەر لە نوێ شەڕی چەکداری دەستی پێکرایەوە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین کە تاکتیکی شەڕی چەکداری ئێستامان لە گەڵ شەڕی

چەکداریی سێ‌مانگەدا فەرقی هەیە: ئەوکاتە ئێمە شەڕمان دەکرد بۆ ئەوەی ڕێژیم ناچار بە وتووێژ بکەین، بەڵام ئێستا شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی ڕێژیم بڕووخێنین، چونکە لەم بڕوایەدایین کە هیچ کام لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران. لە چوارچێوەی ڕێژیمی خومەینی دا وەدی نایەن، واتە دروشمی ئێستای ئێمە: "ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی یە".
بەمجۆرە دەبینین کە لەو ماوەیە دا چەند قۆناغ هاتوتە پێش و بەپێی هەرکامیان، تاکتیکمان گۆڕیوە و دروشمی تایبەتیمان داوە.

**سێهەم**: لە تاکتیک درێژتر "ستراتێژی "یە. قۆناغی ستراتێژیک ماوەیەکە کە چەند قۆناغی تاکتیکی دەگرێتەوە. ئێمە هەروەک ئیشارەمان پێکرد، لە چەند ساڵی رابردوو دا تاکتیکی خۆمان چەند جار گۆڕیوە. بەڵام دروشمی ستراتێژیمان کە بریتی بووە لە: "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران" چ ئەو کاتەی پشتیوانیمان لە ڕێژیمی خومەینی دەکرد، چ لەوەختی شەڕی سێ مانگە دا، چ ئەودەمەی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت خەریکی وتووێژ بووین و، چ ئێستا کە دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیممان هەڵگرتوە، هەر لە جێگای خۆی بووەو هەیە ...

کەوابوو، قۆناغی ستراتێژیک درێژە و مومکینە پێنج هەتا دە یان تەنانەت بیست و پێنج ساڵ و زیاتریش بکێشێ. ئەوە بەستراوەتەوە بە زۆر هۆ و بەتایبەتی بەوە کە تا چ ڕادەیەک لە قۆناغێکی تاکتیکی تایبەتی دا سەرکەوتوو بووین و تاچ ڕادەیەک تاکتیکی باشمان بەکار هێناوە.

بەرنامەی سیاسیی هەر حیزبێک، بەگشتی بۆ قۆناغێکی ستراتێژیک دانراوە و لە بەرنامەی حیزبی ئێمەش هەروایە. بەڵام بێجگە لەوانەی گوتران، هەر حیزبێکی شۆڕشگێڕ پێڕەوی لە هێندێک ئوسوولیش دەکا کە بۆ دابینکردنی هەرکام لەو ئەسڵانە، مومکینە بە چەند قۆناغی ستراتێژیک دا تێپەڕێ.

بۆ ئێمە دامەزراندنی سۆسیالیزم فەسڵێکی زۆر گرینگە بۆ گەیشتن بەو ئەسڵەش، ئێستا لە ئاسۆی خەباتی گەلی کورد دا، سێ قۆناغی ستراتێژیکمان لەبەر چاوە:

**قۆناغی یەکەم:** وەدست هێنانی خودموختارییە. پاش وەدەست هێنانی خودموختاری، هەتا پێکهێنانی هەلومەرجی پیادەکردنی سۆسیالیزم. دەبێتە **قۆناغی دووهەم**... ئەگەر ح.د.ک.ئ. بتوانی ئەو بەرنامەیەی ئێستا هەیەتی، پاش وەرگرتنی خودموختاری لە ماوەی بیستوپێنج ساڵدا جێبەجێ بکا، سەرکەوتنێکی مێژوویی یەکجار گەورەی وەدەست هێناوە.

## بەشی یەکەم

بیستوپێنج ساڵ ئەگەرچی بە نیسبەت ژیانی یەک ئینسان ماوەیەکی زۆر دێتە بەرچاو، لە مێژووی نەتەوەیەک دا ماوەیەکی زۆر کەمە.

بەدوای جێبەجێبوونی بەرنامەکەماندا، دەست دەکەین بە دانانی بەرنامەیەکی تازە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم. ئەوە **قۆناغی سێهەمە.** دامەزراندنی سۆسیالیزم بۆ خۆی ماوەیەکی زۆری دەوێ. لەوانەیە ژیانی دوو یان سێ نەسلی بۆ تەرخان بکرێ، وڵاتی زۆر پێشکەوتوو لە ئوورووپای ڕۆژهەڵات دا وەک "ئەڵمانی دێموکڕاتی" یان "چێکۆسلۆواکی" کاتێک دەستیان کرد بە دامەزراندنی سۆسیالیزم، لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە بە سەدان ساڵ لە ئێمە لە پێشتر بوون، بەڵام هێشتا ناڵێن کە لە وڵاتی ئەواندا سۆسیالیزم تەواوە واتە ئەوەی پیی دەگوترێ: "سۆسیالیزمی پێشکەوتوو" پیادە کراوە.

کەوابوو جێبەجێ کردنی ئەسڵێکی گرینگ وەک دامەزارندنی سۆسیالیزم کە بۆ خۆمان دیاری کردوە و بڕوامان پێی هەیە، سێ قۆناغی ستراتێژیکی پێویستە.

بە کورتی ئێمە لە ئێستاوە، هەم دروشمی ڕۆژمان کە بەشێکە لە تاکتیکمان و، هەم دروشمی تاکتیکمان کە بەشێکە لە ستراتێژی‌یەکەمان و هەم دروشمی ستراتێژیکمان کە لەسەر ئەسڵێکی پیرۆز دانراوە، بەروونی دیاری کردوە...

دامەزراندنی سۆسیالیزم، چارەسەرکردنی بنەڕەتیی مەسەلەی کۆمەڵایەتی‌یە، بەڵام ئەوە ئامانجی دوارۆژە و، لە قۆناغی ئێستای خەبات دا ناتوانی ببێ بە دروشمی ڕۆژ، تەنانەت مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم، بەو وەزعە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەی ئێستا لە کوردستان دا هەیە، ناتوانی نەک تەنیا دروشمی ڕۆژ بێ، بەڵکوو لەڕاستی دا وەک قۆناغێکی تاکتیکییش ناکرێ باسی لەسەر بکرێ... بەڵام هەر ئەوە کە لەئێستاوە ڕادەگەیەنین: "ئامانجی دواڕۆژی حیزبەکەمان دامەزراندنی سۆسیالیزمە"، ڕێبازی گشتیی حیزبەکەمان بۆ دواڕۆژ دیاری کردوە و ئاسۆی سیاسەت و تێکۆشانەکەمان روون کردۆتەوە. ئەوەشمان دیاری کردوە کە لە کۆمەڵی کوردەواری دا، کێ پشتیوانمانە، لەگەڵ کام چین و توێژێک دەبی و دەتوانین بچینە پێش، هەروەها ڕوونمان کردۆتەوە کە لە ئێران و لە دونیا دا دۆست و هاوپەیمانەکانمان کێن؟

سەرچاوە: کتێبی کورتە باس نووسینی شەهید دوکتور قاسملوو

تایپ کردنەوەی کتێبی کورتە باس: ڕەحمان نەقشی

**بەشی یەکەم**

# تیڕۆریزم:

## بۆچوونێکی جیاواز



**نووسەر: دوکتور قاسملوو**

**لە فەرەنسی یەوە بۆ کوردی: حەسەن ئەیووبزادە**

تیرۆریزم هێرش بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و ئازادیی خەلکی بێتاوانە کە لەشەڕی نیوان تیرۆریست و دژبەرەکانیاندا بەشدار نین.

لە ولاتانی رۆژئاواییدا چاندنی بۆمب( تەقاندنەوە یان دانانەوەی بۆمب) لە شوێنە گشتییەکان، بەبارمتەگرتنی خەلک و ڕفاندنی فڕۆکە بە کردەوەی دزێوی تیرۆر ناو دەبردرێن. هەرچەند رواڵەتەکانی دیکەی ئەم دیاردەیە لەوانە زیاترن و دەزگا راگەیەنەرە گشتییە رۆژئاواییەکان ناویان نابەن و خۆی لێ دەبوێرن.

**ڕێگا بدەن لەو باسەدا چەند پرسیارێک بکەین:**

**تیڕۆریست کێیە؟**

**وڵاتانی رۆژاوا پێیانخۆشە بزووتنەوەی نەتەوەیی و خەباتی چەکداری لەگەڵ کاری تیڕۆڕیستی تێکەڵ بکرێ.**

## بەشی یەکەم

### وێدەچی تێرۆریزم لەگەڵ کردەوەی زۆر لە دەوڵەتەکان رێک بکەوێ، ئەگەر نەبێ رێک دەخرێ...

نموونەی ئەو وڵاتانە زۆرن کە لەبەر پێویستیی خۆیان بە تێرۆریزم بۆ پەڕاندنی سیاسەتی تێرۆریستی، بە شێوەی ئاسایی خۆیان بە دژی تێرۆریست ناو دەبەن. وەکوو باشووری ئەفریقا، ئیسرائیل، شیلی و ئێران لەو ریزەدان.

کاتێ رەشەکان داوا دەکەن ئاپارتاید نەمێنێ، ئەوان رەشەکان بە تێرۆریست دەزانن، فەلەستینییەکان داوای وڵاتی خۆیان دەکەن. خەڵکی شیلی دژ بە دیکتاتۆرییە و ئێرانی‌یەکان دیکتاتۆریی ئاخوندی رەت دەکەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناچار کراوە لە حەوتساڵی رابردوودا دژ بە ڕێژیمی خومەینی دەست بۆ خەباتی چەکدارانە بەرێ. ئەو خەباتە هەرگیز بەرەو تێرۆریزم نەکشاوە. بە پێچەوانە یارمەتیی کردوە بە ئازادکردنی ژمارەیەک بەبارمتەگیراو کە حەوت کەسیان فەڕەنسەیی بوون.* بزووتنەوە نێونەتەوەیی‌یەکانی دیکەی جیهان بەو شێوەیە رەفتار دەکەن. ئەو شێوە هەڵسوکەوتە ناکەوێتە نێو گەرداوی تێرۆریزمەوە.

بە پێی پرەنسیپ، ئێمە تێرۆریزم رەت دەکەینەوە. چونکە پێمان وایە ئەو بنەمایە، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دەستەبەر دەکا. هەروەها لەروانگەی سیاسی‌یەوە، لە درێژخایەندا تێرۆریزم پرستیژی بزووتنەوە لەنێو دەبا و لە نێوخۆوە وێرانی دەکا. هەڵسەنگاندن و پێناسەکردنی نەگونجاوی وڵاتانی رۆژاوا لە تێرۆریسم, خەبات بە دژی ئەو دیاردەیە ئەستەم دەکا.

### کردەوە تێرۆریستی‌یەکان بە دژی وڵاتانی رۆژاوا مەبەستی جۆراوجۆری لەپشتە.

تێرۆریستەکان بۆ ئامانجەکانیان پێویستی‌یان بە پروپاگەندە هەیە. دەیانەوێ، بە ناتەواویی دوژمنەکانیان روحییەی مەعنەویی هێزەکانیان پتەو بکەن.

ئەوان دەیانەوێ چالاکی‌یە ئاسایی‌یەکانی دەوڵەتی دژبەر لەکار بخەن و هەوڵ دەدەن، دەوڵەت پێوانەی نائاسایی بەمەبەستی دنەدانی نارەزامەندیی گشتیی بخاتە گەر.

راگەیەنەرە گشتی‌یەکان لە رۆژاوادا دەکەونە داوێکەوە کە تێرۆریستەکان بۆیان دادەنێنەوە. لە حاڵێکدا چالاکی‌یە تێرۆریستی‌یەکان بە بەربڵاوی بڵاو دەکرێنەوە و بە ئاگاداریی خەلک رادەگەیەندرێن، خەباتی بزووتنەوەی

## بەشی یەکەم

دێموکراتیک بۆ ئازادی و مافەکان لەبیر دەکرێ.

جیهادی ئیسلامی کە تەنیا نوێەرایەتیی تاقمێکی دەستکرد دەکا، ناوو دەنگیان لە جیهاندا هەیە. ویست و داخوازی بیست ملیۆن کورد لە بازنەی سیاسیدا بە دژواری دەناسرێ. ئایا ئەو نەگونجاوی و بێقەوارەییە بزووتنەوە دێموکراتییەکان هاننادا بۆ ئەوە پەنا بۆ کردەوەی تێرۆریستی بەرن، بۆ ئەوە دەنگیان ببیسترێ؟

دێموکراسییەکانی رۆژاوا ناتەواون و تێرۆریستەکان لەو ناتەواویە سوود وەردەگرن. بەڵام هەر لەو کاتەدا دێموکراسی دوژمنی ژمارە ١ی تێرۆریزمە. لەو شوێنەی کە دێموکراسی هەیە، تێرۆریزم گەشە ناکا. تێرۆریزم بە ئاشکرا لە دەرەوەڕا دێ. لەو وکاتانەی کە ئازادییەکان پێشێل دەکرێن، دیکتاتۆریهەیە، بێعەداڵەتی هەیە، گرفتە ئایینی و ئیتنیکی و سیاسییەکان پەرە دەگرن.

دامرکاندنی دێموکراسی زیاتر زیان بە دێموکراسیە رۆژاواییەکان دەگەیەنێ. ئازادکردنی بەبارمتەگیراوێک ئیمتیازێکە کە لەهەڵبژاردنەکاندا کەڵکی وەردەگیرێ.

### تێڕۆریستەکان لە ئیمتیازی رکەبەریی سیاسی کەڵک وەردەگرن. ویستەکانیان پەرە پێدەدەن.

دەبێ لەبیر بێ کە بهبارمتەگرتنی ئەمریکاییەکان لە ١٩٨٠ لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئەمریکا لەلایەن خومەینییەوە شوێنیخستە سەر سیاسەتی ئەمریکاییەکان. هەر وەها دانی باجی سمێل بە حیزبوڵڵای لوبنان لە مارسی ١٩٨٦.

تێروریستەکان ئامانجیان ئەوەیە کە دێموکراسییەکان لەق بکەن، لە ناوەوە بنکۆڵیان بکەن وگرفتەکان بەرەو رۆژاوا بنێرن بۆ ئەوە وڵاتەکانیان وێران بکەن.

### بەرتەسکردنەوەی دێموکراسی بە مانای یارمەتیدان و لایەنگریکردنە لە تێرۆر.

### لەم هەلومەرجانەدا چۆن دەکرێ کۆتایی بە تێڕۆڕیزم بێنین؟

مرۆڤ دەبێ ئاگاداری ئەو راستییە بێ کە تێرۆریزم بە شەوێک کۆتایی پێ نایە و لەنێو ناچێ. وەرێخستنی

پروپاگەندەیەکی زۆر بۆ بەبارمتەگیراوان سودی نیە. چونکە ئەوە راست ئەو شتەیە کە تیرۆریستەکان دەیانەوێ. رووخاندنی دەوڵەت ،ئەگەرنا وڵات دەکەنە بارمتەی بارمتەکان.

ئاگاداركردنی رای گشتی لەمەر بەبارمتەگیراوان، مانای نووسینی مقالەی سەرەکیی لە چاپەمەنییەکاندا نیە. "دانبەخۆداگرتن" لەمەر بارمتەکان رەنگە زیاتر یارمەتی بکا بە ئازادکردنیان.

وتوویژ نابێ وەلا بنرێ. بەڵام قبووڵی وتوویژ بە مانای چۆکدادان بۆ هەموو ویستەکانیان نیە. نابی لە بیربکرێ کە تەسلیمبوون بە ویستە نەقانوونییەکانی تیرۆریستەکان ریگا دەکاتەوە بۆ ئەوە کە داخوازەکانیان رێک وپێکتر و زیاتر بکەن.

زۆر گرنگە کە لەگەل تیرۆریستانی راستەقینە وتوویژ بکرێ نە ئەو کەسانەی کە بۆ چاندنی بومبەکان و بارمتەگرتن و رفاندن کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

خاڵی وتوویژ لەگەل حیزبوڵلای لوبنان چیە، لەحاڵێک دا هەموو کەس ئەوە دەزانێ کە ئەمانە دروستکراوی تارانن. دەبێ سەرەنجام نوێنەرانی موعتەبەر بۆ وتوویژ بدۆزرێنەوە.

خومەینی پارەی دەوێ،بۆ ئەوە لەگەڵ عێراق درێژە بە شەڕەکەی بدا. لەبەر ئەوە کە ئابوریی ئێرانییەکان بەرەو کارەسات دەچێ.
خالی سەرەکیی وتووێژەکان لە وتوێژەکانی نێوان فەرەنسە و کۆماری ئیسلامی پێوەندیی بە میلیارد دۆلار قەرزەوە هەیەکە شا بە شیرکەتی ئۆیرۆدیفی دابوو.

نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی وتووێژ لەسەر حەوت کەس لە بارمتەگیراوان کە لە دەست حیزبوڵلای لوبنان دان رەت دەکەنەوە و هەمووان دەزانن کە چارەنووسی ئەوانە پێوەندیی بە ویستی ئایەتوڵلاوە هەیە. گرووپەکانی دیکە سەر بەدەوڵەتگەلێکی ناسراوی دیکەن. شەڕکردن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانی لە تیرۆر دەکەن بە تایبەتی ئێران پێویستییەکە و چاوپۆشیی لێناکرێ. ئەو وڵاتانە دەبێ خۆیان بگلێنە نێو ترس و خۆفەوە. هەموو وڵاتان دەبێ دژ بە تیڕۆڕیزم هاوکاری بکەن. ئەوەش تایبەت بە ناتۆ و EEC نیە.

## بەشی یەکەم

لەماوەی ٤٤٤ ڕۆژدا کە بارمتە ئەمریکاییەکان لە ئێران دا بوون. چەند وڵاتێکی ئورووپایی پێوەندیی باشیان لەگەڵ ئێران هێشتەوە.

لە نەبوونی ئەمریکییەکاندا دەوڵەتەکانی ئورووپایی سوودی بازرگانیی باشیان لە ڕێژیمی خومەینی دەس کەوت.

چەند مانگ، چەند فەرەنسی لەدەستی ئیرانییەکاندا لە لوبناندا بوون، فەڕەنسە گوشاری پڕوپاگەندەی لەمەڕ بارمتەکان تەجروبە کرد.

هاوکارانی ئی. ئی. سی. فەرەنسە وەکوو ئینگلستان و ئاڵمان ئێستاش زۆر پێوەندیی ئابووریی بە هێزیان لەگەڵ ئێران هەیە. ئەوانە پشتیوانی لە ڕێژیمێک دەکەن کە تێرۆریزمی وەکوو دوکتورینیکی دەوڵەتی هەڵبژاردوە. هاو پێوەندیی بە دژی تێرۆر دەبێ کارامەتر بێ و ببێتە دیاردەیەکی نێونەتەوەیی و نەتەنیا وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەڵکوو وڵاتانی سوسیالیستیش بە تایبەتی جیهانی سێهەمیش بگرێتەوە.

**ئەو تێئۆرییە کە ئیددیعا دەکا جیهانی سێهەم تێڕۆڕیزم دروست دەکا دەبێ لێی دوور بکەوێتەوە.**

خەبات دژی تێڕۆڕ کارێکی پێویستە، بێ جیاوازی و لەهەرجێیەکەوە سەرچاوە بگرێ. ژێرانەیە کە تێڕۆریزمی عەرەبەکان کە ژیانی بێتاوانەکان دەخەنە مەترسییەوە بێ ڕارایی و بە وردی مەحکووم بکرێ. هێرش بۆسەر سێناگۆگی جوولەکەکان لە ئیستامبوڵ کە تێیدا ٢٤ کەس کوژران، ئەو کردەوەیە دژ بە ئازادیی ئاییینە. بەڵام بۆچی هێرش بۆ سەر کوردی عێراق مەحکوم ناکرێ؟

ئەم هێرشە دەبێتە هۆی مەرگی سەتان مەدەنی. هاوکوفەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا کردەوە تێڕۆریستییەکان مەحکووم دەکەن. بەڵام زۆر گونجاوە کە ڕاراییەکانیان لەمەڕ ئەو هەنگاوانە دژ بە ڕێژیمی نژادپەرستی ئەفریقای باشووری وەبەرچاو بگیرێ.

**کاتی ئەوەهاتوە ئەو جیاوازیدانانە کۆتایی پێبێ، کە لەم جیهانەدا بڕێک لە خەڵک وەکوو شاروەندی دەرەجە دوو و سێ چاویان لێدەکرێ کە ژیانیان ئەو بایەخەی نیە کە ئەو شاروەندانەی وڵاتانی پێشکەوتوو هەیانە. پشتیوانیی ئەخلاقی، و سیاسی لە بزووتنەوەکانی ئەو خەڵکانەی کە پەنابردن بۆ تێڕۆر ڕەت دەکەنەوە ڕێگەیەکی دیکە بۆ خەبات**

## بەشی یەکەم

**بە دژی تێرۆڕیسمە.**

**ABDUL RAHMAN GHASSEMLOU**
**GENERAL SECRETARY**
**PARIS, 16/09/1986**

**تێرۆریزم لە روانگەیەکی جیاوازەوە، نووسراوەیەکی نەمر دوکتور عەبدوررەحمان قاسملووە کە بۆ "کۆنفرانسی تێرۆر و رەوشتی مرۆڤانە" نووسراوە. ئەم کۆنفرانسە لە ١٦ – ٩ – ١٩٨٦ لە شاری پاریس بەسترا.**

**دوکتور کۆشنێر، وەزیری دەرەوەی ئێستای دەولەتی فەرانسە بە هۆی نەبوونی دوکتور قاسملوو لەو کۆنفرانسەدا خوێندبوویەوە.**

**حەسەن ئەیووبزادە ئەو مەقالە حقووقی‌یەی لە دەقە سەرەکی‌یەکەیەوە کە بەزمانی فەرانسەیی نووسراوە، بە وەبەرچاوگرتنی وەرگێڕدراوەکەی بە زمانی ئینگلیزیی کردوویە بە کوردی.**

**٭ تێبینی**


**٣ کەس لەو ٧ کەسە کە حیزبێکی سیاسیی کورد لە عێراق بە بارمتەی گرتبوون، ناوەکانیان بریتی بوو لە: Gymore و Maurice و Hary گیراوەکان، فەرەنسی بوون و بە ئیبتیکار و نێوبژیکردنی د. قاسملوو دەبیری گشتیی حدکا و هاوکاریی سیاسەتڤان د.عزیز ماملی بەرپرسی سیاسیی حدکا لە پاریس و سەرۆکی ئەو حیزبەی کە فەرەنسی‌یەکانی بە بارمتە گرتبوو ئازادکران.**

**هەروەها دوو ئەندازیاری یوگوسلاوی کە بە هەمان شیوە بە بارمتە گیرابوون بەئیبتیکاری د.قاسملوو سکرتێری حدکا و پێوەندیگرتنی نوێنەری حدکا (ئەندازیار حاج ئەحمەدی) لەگەڵ باڵوێزخانەی یوگوسلاوی، گیراوەکان ناردرانەوە بۆ وڵاتەکەیان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕێ هەڵوێست**

## به‌شی یه‌که‌م

# له سێپتامبری ۱۹۸۸ه‌وه تا سێپتامبری ۲۰۱٤؛




## وتووێژێکی د. قاسملوو له‌گه‌ڵ چه‌تین چه‌کۆ



**له تورکییه‌وه: سه‌لاحه‌دین بایه‌زیدی**

مانگی سێپتامبری ۱۹۸۸ له ستۆکهۆڵم، وتووێژێکی دوور و درێژم له گه‌ڵ د. عه‌بدولڕه‌حمان قاسملوو سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕۆژنامه‌ی "کوردستان پرێس" ئه‌نجام دا. وتووێژه‌که به دوو به‌ش له‌و ڕۆژنامه‌یه‌دا بڵاو بۆوه. ده مانگ دوای دیمانه‌ی ئاماژه‌پێکراو، له ١٣ی ژووییه‌ی ١٩٨٩، له ڤیه‌ننای پایته‌ختی ئوتریش د. قاسملوو و عه‌بدوڵا قادری نوێنه‌رێ حدکا له ئه‌ورووپا له لایه‌ن سیخوڕه‌کانی ئێرانه‌وه به شێوه‌یه‌کی هۆڤانه و پلان بۆ داڕێژراو تیرۆر کران.

## بەشی یەکەم

**پرسیار**: بەڕێز قاسملوو، ئاخۆ دەتوانن سەبارەت بە رەوشی سەربازی و سیاسیی ئێستای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زانیاریمان پێ بدەن؟

**وەڵام**: هەر وەک دەزانن، نۆ ساڵ لەمەوپێش لە ئێران هەڵبژاردن ئەنجام درا. ئەو کات ٨٠%ی دەنگەکانی کوردستانی ئێرانمان بە دەست هێنا. گەلەکەمان لە کوردستان پشتیوانیمان لێ دەکا. تارانیش ئەم راستییە دەزانێ.

**پرسیار**: لەم پەیوەندییەدا، بۆچوونە سیاسییەکانی حزبەکەتان کە پشتیوانی جەماوەری لێ دەکرێ، چین؟

**وەڵام**: ئامانجی ستراتیژی حزبی ئێمە، دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە. ئێمە خودموختاریمان دەوێ، چونکە حزبێکی واقعگەراین. بەڵام لایەنی واش هەیە داوای کوردستانی سەربەخۆ یان کوردستانی یەکگرتوو دەکا. ئەگەر هەلومەرجی ژیۆ - پۆلیتیکی کوردستان بگرینە بەرچاو، بۆمان دەردەکەوێ ئەمە رێکارێکی واقعبینانە نییە. چوونکە سەربەخۆیی یانی گۆڕینی سنوورەکانی چوار دەوڵەت. ئەویش لە کوێ؟ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست!

لە بنەڕەتدا، ئێمە داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلان دەکەین. ئەم مافە فۆرمی جۆراوجۆر لە خۆوە دەگرێ. سەربەخۆیی و فیدرالیزمیش لە نێو ئەم فۆرمانە دان. تێکۆشانی ئێمە بریتییە لە هەوڵدان بۆ خودموختاری کە یەکێکە لەو شێوازانە. دروشمی ئێستای ئێمە لە ئێران، خودموختارییە. کە بۆ خودموختاری تێدەکۆشین، نایەتە ئەو واتایەی کوردەکان مافی سەربەخۆییان نییە! نەخێر، هەیانە. بەڵام سیاسەتی حزبەکەمان خودموختارییە، سەربەخۆیی نییە. گەلەکەشمان پشتیوانی لەو سیاسەتەی ئێمە دەکا.

لە ئێران گەلانی تریش دەژین. فارسەکان لە ئێران ٥٠% کەمترن، کەمینەن. ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ و تورکمەن پێکەوە زیاتر لە ٥٠%ی دانیشتوانی ئێران پێک دێنن. بەم پێیە، سیستەمێکی فیدراڵ لە ئێران، ویست و داخوازییەکانی ئێمە بەدی دێنێ.

ئەگەر بێینە سەر دۆخی سەربازی، ئەوا دەبینین ستراتیژی سەربازیمان گۆڕانی بە سەردا هاتووە. نۆ ساڵ لەمەوبەر زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا بوون. ئێستا حزبەکەمان، شەڕی پارتیزانی بەڕێوە دەبا. ئامانجەکانی شەڕی پارتیزانیش روون و ئاشکران. یەکێک لەو ئامانجانە، وەدەرنانی رژێمی ئێران لە کوردستان یان دانیشتن لە گەڵ

ئێمەیە.

ئێمە بەردەوام گوتومانە، لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ئێستادا دیموکراسی یان خودموختاری نایەتە دی. بەڵام ئێمە، وەک پێویستیەکی جەنگ، چاوپێکەوتن لە گەڵ رژێمی ئێران قەبووڵ دەکەین. ئەمە پێداویستییەکە. دەمانەوێ لەو پێداویستییەش سوودمەند بین. ئەگەر رژێمی ئێران داوای وتوێژ لە گەڵ ئێمە بکا، وتوێژی لە گەڵ دەکەین. بەڵام فەلسەفەی رژێمی ئێران لە بەردەم خودموختاری یان دیموکراسی بەربەستە. من کاتێ لە گەڵ خومەینی قسەم کرد...

**پرسیار**: کەی؟

**وەڵام**: پێش شۆڕشی ئێران. خومەینی ئەو کات پێی گوتم "دیموکراسی" و "خودموختاری" ئەو وشانەن لە دەرێرا هاتوون. گوتی: "ئێمە هەموومان موسڵمانین، هەموومان براین." بەڵام ئێمە دواتر بینیمان ئەوان چۆن موسڵمان و چۆن برایەکن. سەرانسەری کوردستانیان خەڵتانی خوێن کرد. تا ئێستا ٤٥ هەزار کەس لە خەڵکی ئێمە لە لایەن ئێرانەوە کوژراون، ٤٥٠٠ پێشمەرگەشمان شەهید بووە. سەرباری ئەوەش ئێران بە ئامانجی خۆی نەگەیشتووە.

ئێمە ئێستا لە سەرانسەری کوردستان، لە سنووری تورکیاوە تا کرماشان حزوورمان هەیە. ئەمە، مۆڕاڵی سوپای ئێران، سوپای خومەینیی رووخاندووە. پێشمەرگەکانمان دژ بە ئێران چالاکی بێ وێنە ئەنجام دەدەن. بە گوێرەی ئەو هەواڵەی ئەمڕۆ (٨ی سێپتامبری ١٩٨٨) بە دەستم گەیشتووە، پێشمەرگەکانمان دوێنێ لە شاری شنۆ هەڵمەتێکی سەرکەوتوویان بەڕێوە بردووە. بە کورتی، رەوشی سەربازیمان باشە. ئەزموونی زیاترمان وەسەریەک ناوە، چەکەکانمان باشتر بوون، شەڕێکی پارتیزانی راستەقینە دەکەین. بێگومان، شەڕی پارتیزانیش چەندین چەشن و جۆری هەیە. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەوەیە، پارتیزان لە هەموو شوێنێ هەیە، هاوکات لە هیچ کوێش نییە. سوپای ئێران، تەنانەت ئەگەر هێرشێکی بەرفراوانیش پێک بێنێ، شتێکی ئەوتۆی لە دەست نایە.

**پرسیار: کاریگەرییەکانی پەیمانی ئاگربەستی نێوان ئێران و عێراق لە سەر تێکۆشانی سیاسیی کوردستان چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**وەڵام**: دەتوانم بڵێم پاش ئاگربەستی نێوان ئێران و عێراق، سوپای ئێران گشتی رژاوەتە نێو کوردستانەوە. بە بۆچوونی من

ئەوە نیشان دەدا کوردستانیان نەناسیوە. کوردستان هەمووی شاخ و بەردە. هیچ دەوڵەتێک، سوپایەکی یەک میلیۆنی لەوێ بەجێ ناهێڵێ. ئێستا ئێران دوو سەد هەزار سوپا و سێ هەزار پایەگای لە کوردستان هەیە. بەڵام لەوە زیاتر نابێ.

لە لایەکی ترەوە، لە نێوخۆی ئێرانیش دۆخەکە هێندە باش نییە. کێشە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە رادە بەدەر زۆرن. تەنانەت لە نێو ئایەتوڵاکانیشدا کێشەی گەورە بەدی دەکرێ. دوو رۆژ لەمەوپێش، سەرۆک وەزیر دەستی لە کار کێشایەوە. دواتر دەست لەکارکێشانەوەکەی رەت کرایەوە. لە ئێران، میکانیزمی تاکە ناوەندێکی بڕیاردان بوونی نییە. بەتایبەت پاش خومەینی، میکانیزمەکانی بڕیاردان زێدەتر دەبن. بە گەشبینییەوە لە ئێران و داهاتووی خۆمان دەڕوانم. لە ئێران ئۆپۆزۆسیۆنێکی بەرچاو هەیە. بەڵام ئۆپۆزۆسیۆنێکی ناچالاکە. پێویستە هێدی هێدی هەڵوێست بنوێنێ. بە دڵنیاییەوە رێکەوتێک دیاری ناکەم، بەڵام لە داهاتوو دا بەتایبەت پاش خومەینی ئەم نەیارێتییە زیاتر پەرە دەستێنێ. ئەوکات ئێمەش، هەم لە رووی سیاسی و هەم لە رووی سەربازییەوە زیاتر بوارمان بۆ دەڕەخسێ.

**پرسیار**: بۆچی پاش خومەینی؟

**وەڵام**: چونکە خومەینی سێ تایبەتمەندی هەیە. یەکەم؛ ئەو رابەری شۆڕشە. دووهەم؛ خومەینی ئایەتوڵایەکی گەورەیە. سێهەم؛ هەرچەند لە رووی سیاسیەوە خاوەن فەلسەفەیەکی بەهێز نەبێ، بەڵام ئەزموونی زۆرە و مرۆڤێکی ژیرە. فەلسەفەکەی فەلسەفەی چاخی ناوینە. پاش خومەینی کەسێک نییە رابەرایەتی بکا. کەسێک نییە هەم ئایەتوڵا بێ و هەم دەسەڵات و هێزی سیاسی هەبێ. بە شێوەیەکی رەسمی دەبێ مونتەزەری جێگەی خومەینی بگرێتەوە. تەنانەت مونتەزەرییان کردە ئایەتوڵاش. بەڵام کەسێک نییە خاوەن نفووزی سیاسی بێ. بەتایبەتی زۆر ناوەندی بڕیار بەدەستی بەرچاو، لە سەرووی هەمووشیانەوە سوپا، ئایەتوڵا مونتەزەرییان قەبوڵ نییە.

رەفسەنجانی، بەهێزترین پیاوی رژێمە. بەڵام ئەو حوجەتولئیسلامە. ئایەتوڵا گەورەکان ئەویان قەبوڵ نییە. بۆ ئەوەی رەفسەنجانی ببێتە ئایەتوڵا، دەبێ پلەکەی بەرز بکرێتەوە، بەڵام هەرچی بێ ئایەتوڵا نییە. کەواتە پاش خومەینی کەسایەتییەک بەدی ناکرێ کە ئێران بەڕێوە ببا. ئەودەم دەبێ شۆڕا یان دەستەیەک دابمەزرێ.

**پرسیار**: کەواتە دەتوانین بڵێین پاش خومەینی گۆڕانکاریی سیاسی دەبێتە رۆژەڤ و حزبەکەتان لەم گۆڕانکارییانە سوودمەند دەبێ؟

**وەڵام**: سەیر کەن دوو تیۆری هەیە. بە گوێرەی یەکەم تیۆری، پاش خومەینی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڕووخێ. بەڵام ئەم تیۆرییە بڕ ناکا.

**پرسیار**: بۆچی بڕ ناکا؟

**وەڵام**: چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران بەدیلی هەیە. لەم روانگەوە دوایی نایە. بەڵام بۆی هەیە ڕێگە بۆ گۆڕانکاری جۆراوجۆر خۆش بکا. تیۆری دووەم پێی وایە خومەینی و ڕژێمی ئیسلامی دانی پێدا نراوە. نەخێر، قەبوڵ نەکراوە. چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ پرسێکی ئابووری و سیاسی چارەسەر نەکردووە. هەموویان لە جێی خۆیان ماونەتەوە. بە کورتی، پاش خومەینی ڕێگە بۆ گۆڕانکاری خۆش دەبێ، هەڵبەت لەم پێناو دا وزەیەکی زیاتر پێویستە، دەبێ ئۆپۆزیسیۆن بەهێز بکرێ، شێوەی پێ بدرێ و گۆڕانکاریی گەورە چێ بن.

حزبی ئێمە، دڵنزم و واقعگەرایە. کوردستانی ئێران، ٧%ی ئێران پێک دێنێ. واتە، ئێمە بە تەنیا ناتوانین ببینە ئاڵتەرناتیف. پێویستمان بە هاوپەیمانە. یانی دەبێ هاوپەیمان بدۆزینەوە. بەهۆی ئەوەی ئامانجمان خودموختاری و دیموکراسییە، پێویستمان بە هاوپەیمانی دیموکرات هەیە. حاڵی حازر هاوپەیمانی دیموکرات بە شێوەیەکی راشکاوانە نابینرێن. هەڵبەت هێز، ڕێکخراو و کەسایەتی دیکەش هەن، بەڵام بە ڕای من، پاش خومەینی، ئۆپۆزۆسیۆن لە ئێران گەشە دەستێنێ و هاوپەیمانە دیموکراتەکانیش بەدەر دەکەون. بگرە ئۆپۆزۆسیۆنی یەکگرتوو و دیموکرات دێتە ئاراوە. ئەمەش رەنگە سبەی رۆژ حکومەتێکی دیموکرات بێنێتە سەر دەسەڵات.

**پرسیار**: با بگەڕێینەوە بۆ سەر شەڕی ئێران - ئێراق، بەرای ئێوە هۆکارەکانی وەستانی ئەم شەڕە چی بوون؟

**وەڵام**: دیارە شەڕ بۆچی دەوەستێ، دوو لایەن کە لە شەڕدا بن، ئەگەر ماندوو بن، شەڕەکە رادەوەستێ. هەردوو لایەن ماندوو بوون. جگە لەمە، هێزە دەرەکییەکان تا ئێستا دەیانویست ئەم شەڕە درێژە بخایەنێ. لە لایەکەوە بۆ فرۆشتنی چەک وچۆڵ و لە لایەکی دیکەوە بۆ تاقیکردنەوەی چەکەکانیان. مەسەلە تەنیا ئێران و عێراق نییە، وڵاتانی دیکەی عەڕەبیش بە بڕی میلیار میلیار دۆلار چەکیان کڕی. وڵاتانی وەک عەڕەبستانی سعوودی، کوەیت و ...تاد لە نزیکەوە ئەم شەڕەیان دەشۆپاند. یان بۆ نموونە ئیسرائیل! ئیسرائیل هەم لە گەڵ ئێران دوژمنە، هەم لە گەڵ عێراق. بەڵام ئەم شەڕە بە قازانجی وی بوو. ئەم شەڕە هەروەها تا بڵێی سوودی بە ئابووری تورکیا گەیاند. بەر لە جەنگ، بارستایی بازرگانی نێوان

تورکیا و ئێران دووسەد هەزار دۆلار بوو. ئێستا گەیشتۆتە سێ میلیارد دۆلار.

سەیریان کرد ئەم شەڕە رەهەندێکی مەترسی‌دار بە خۆیەوە دەگرێ، بۆ دەوروبەر پەرە دەستێنێ، لە هەموو لایەکەوە گوشار هات. شەڕ تەواو نەبووە، بەڵام ئاگربەست کراوە. بە رای من لە ئاگربەستەوە تا کۆتایی جەنگ، واتە تاکوو ئاشتی، رێگەیەکی درێژ هەیە. چونکە کارەکتەرەکانی ئەم دوو دەوڵەتە ناکۆک و دژ بە یەکن. دەبێ حیسابی ئەمە بکرێ.

**پرسیار**: بەم پێیە لە روانگەی کوردەکانەوە، ئاخۆ دەتوانین بڵێین وێکچوونێک هەیە لە نێوان ساڵی ۱۹۷۵ و ئەم رۆژانەدا؟

**وەڵام**: ئەو بۆچوونەی هەندێک کەسم پێ ڕاست نییە کە پێیان وایە مەرجەکانی ۱۹۷۵ وەک خۆیان هاتوونەتە دی و رێککەوتنەکە بەدی هاتووە. ئێران و عێراق ئێستاکە ئەوەندە لێک دوورن کە وا سووک و سانا نییە، دوای هەشت ساڵ شەڕ هەموو کێشەکانی نێوانیان بە چەند مانگێک لە نێو ناچێ. هەروەها سرووشت و کاراکتەری ئەم رژێمانە جیاوازە. یەکیان حکومەتێکی عیلمانی و بەعسی، ئەوی تریان حکومەتێکی شیعەی ئیسلامی. بێگومان گشت ئەم مەسەلانە بوونە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ و هەروا لە جێگەی خۆیانن. من پێموایە ئەمە ئاگربەستێکی کاتییە.

جیاوازییەکی دیکەی نێوان ساڵی ۷۵ و ئێستا، کە جیاوازی هەرە گەورە و بەرچاوە، دروستبوونی رێکخراوی کوردستانی شۆڕشگێڕە لە ئێران و عێراق. ئەمڕۆکە تەنانەت لە خراپترین هەلومەرجدا، یانی ئەگەر تەنانەت عێراق و ئێران پێکەوە هێرش بکەنە سەر کورد، ئێمە دیسان درێژە بە شەڕەکەمان دەدەین. بە ڕای من، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ۷۵ و ئێستا دا بەدی ناکرێ.

**پرسیار**: باشە ئاگربەست چ کارتێکەرییەکی لە سەر بزووتنەوەی کوردی دەبێ؟

**وەڵام**: حزبی ئێمە دژی ئەم شەڕە بوو. چونکە شەڕێکی بێ‌واتا و گەمژانە بوو. ئێستاش نازانین ئامانجی ئەم شەڕە و ئامانجی خومەینی چ بوو. خومەینی گوتی: "بە کەربەلا دا دەچمە قودس." نەچوو و میلیۆنێک کوژراو و بریندار هەیە. لە بنەڕەتدا کەس لە گەڵ ئەمەدا نەبوو.
ئێمە لە کۆتایی هاتنی جەنگ ناترسێین، چونکە لایەنگری ئاشتین. ئەوەی لە ئاشتی دەترسێ، رژێمی ئێرانە. فەلسەفەی رژێم لە سەر شەڕ بونیاد نراوە. ئێستا بەم فەلسەفەیە خۆی لە سەر پێ راگرتووە. بۆیە ئاشتی هەلی زۆر بۆ ئێمە دەڕەخسێنێ. بەڵام بە پێچەوانەوە، هەندێک کەسیش هەیە دەڵێ هەلومەرجی ئێستا لە داهاتوو دا زیاتر گوشارمان بۆ دێنێ.

## بەشی یەکەم

لەو حاڵەتەدا تەنیا خەباتی چەکداریمان هەندێک رووبەڕووی زەحمەت دەبێتەوە و بۆ چوونە دەرەوە کێشەمان بۆ دروست دەبێ. ئەگەر ئێران، عێراق و تورکیا دژ بە جووڵانەوەی کورد هێرشێکی هەمەلایەنە دەست پێ بکەن و جووڵانەوەی کورد، وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ لە کوردستان خۆ بنوێنێ، ئەوا ئێمەش جێی تێ دا دەگرین.

جووڵانەوەی کورد دوو ئەرکی دەکەوێتە سەر شان. یەکەم ئەوەیە خۆی وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ نیشان بدا. بۆ نموونە، هەموو دونیا ببینێ و قەبووڵ بکا جووڵانەوەی کورد لە ئێران جووڵانەوەیەکی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە عێراقەوە نییە. دووهەم، پێویستە کێشەی کورد بکرێتە رۆژەڤێکی نێونەتەوەیی. ئێستا کە من دەڵێم داوای خودموختاری دەکەم. دەڵێن ئەمە کێشەیەکی دەرەکی نییە و نێوخۆییە. دەڵێم دەمانەوێ بە کوردی قسە بکەین و خۆمان کاروباری خۆمان لە کوردستان بەڕێوە بەرین، دەڵێن شتێکی وا گەورە نییە و داخوازییەکی بچووکە. کە ئەمە بە رۆژنامەنووس و دیپلۆماتێکی ئەورووپی دەڵێم، سەری سووڕ دەمێنێ. دەڵێن "یانی دە ساڵە لە پێناو ئەمە دا شەڕ دەکەن؟"

**پرسیار**: بۆ ئەوەی جووڵانەوەی کورد وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ بێتە ئاراوە، دەبێ چ بکرێ؟ رای گشتیی جیهان پێی وایە بزووتنەوەی کوردی عێراق لە ئێران و بزووتنەوەی کوردی ئێران لە عێراق یارمەتی وەردەگرێ. وەک سکرتێری حدکا لەمبارە دەڵێن چی؟

**وەڵام**: زیاتر حەز دەکەم سەبارەت بە جووڵانەوەی کوردستانی ئێران قسە بکەم. وەک دەزانن، شەڕی ئێمە دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە جەنگی عێراق - ئێران. یەکەم شەڕی ئێمە دژ بە رژێمی ئێران، مانگێک پاش شۆڕشی ئێران لە سنە و پاشان لە نەغەدە رووی دا. مانگی ئووتی ١٩٧٩، خومەینی دژ بە ئێمە شەڕی راگەیاند. لەم روانگەوە، شەڕی ئێمە لە گەڵ جەنگی ئێران-عێراق جیاوازی هەیە. ئێران و عێراق لە سەر سنوور شەڕ دەکەن. بەڵام ئێمە لە ناوخۆ شەڕ دەکەین و شەڕێکی پارتیزانی بەڕێوە دەبەین. بێجگە لەمە، عێراق داوای ئاشتی لە ئێران کرد، بەڵام ئێمە ئاشتیمان ناوێ. لەم هەلومەرجەدا، ئەگەر دەوڵەتێک یارمەتیمان بدا و ئەم یارمەتییە بێ مەرج بێ، قەبووڵی دەکەین. بەڵام ئەگەر هیچ دەوڵەتێکیش یارمەتیمان نەدا، بە دەرفەتی خۆمان درێژە بە شەڕ دەدەین. لە کوردستان هەمیشە جووڵانەوەیەک دروست بووە و ئەم جووڵانەوەیە هەمیشە سەر بە لایەن ئەوانی تر و دەوڵەتانی دیکەوە نیشان دراوە. جوڵانەوەی کورد دوژمنی زۆرن... بەڵام دەسەلمێنرێ کە جووڵانەوەی کوردی، جووڵانەوەیەکی سەربەخۆیە. بڕوام بەوە هەیە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤە رۆژ - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

بەشی یەکەم

## د.قاسملوو: هەروەخت گەلی کورد داوای مافی خوراوی خۆی کردووە، تاوانی تەجزییەتەڵەبییان پێ بەستووە




(وتاری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە میتینگی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ لە شاری مەهاباد)

ئاماژە:

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیران لە کۆتاییەکانی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و ئەو ئازادییە ڕێژەییەی باڵی بەسەر کەشی کوردستان و ئیراندا کێشابوو، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاری دابوو لە میتینگێکی گەورەدا دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای خۆی بەڕەسمی ڕابگەیەنێ. بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی دیاری کردبوو کە بوو بە خاڵ و وەرچەرخانێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا. ڕۆژێک کە تیایدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای زیاتر لە سێ دەیە تێکۆشانی نهێنی ڕاگەیاندرا، و بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکرات و شاری مەهاباد، وەبیرهێنەرەوەی دامەزرانی "کۆماری کوردستان" مەزنترین ڕووداوی مێژوویی و پڕشانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو. لەم میتینگە زیاتر لە

## بەشی یەکەم

**سەت هەزار کەسییەدا شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامانج و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا ئاسا لەسەر نەخشە ڕێگای خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەرنامەی حیزب بۆ خەلک دوا.**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە بۆخۆی لەگەڵ نەمر جەلیل گادانی یەکێک لە وتاربێژانی دیکەی ئەو کۆبوونەوە بەرفراوانە بوو، لە وتارێکدا دەڵێ ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ دوای ٢٥ی گەلاوێژ، دامەزرانی حیزبی دێموکرات و ٢ی ڕێبەندان، دامەزرانی کۆماری کوردستان سێهەمین ڕۆژ و ڕووداوی گرینگی مێژووی ژیانی حیزبی دێموکراتە. "کوردستان" لە ٤٤ ساڵەی ئەو ڕۆژە مێژووییەدا دەقی وتارەکەی د. قاسملوو بۆ خوێنەرانی ئێستای بڵاو دەکاتەوە کە لەلایەن زۆر کەسەوە بە مانیفێستی سەدە، یان مانیفێستی حیزبی دێموکرات ناو دەبرێت.**

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**میوانانی خۆشەویست!**
**خەڵکی بەشەڕەف و شۆڕشگێڕی مەهاباد!**
**هاوڕێیانی خەباتگێڕ!**

ڕێگام بدەن بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێ بکەم و بەختیاری و دڵخۆشیی خۆم و هاوڕێیانم لە پێکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیە مەزن و مێژووییە دەرببڕم. سپاسی هەموو خوشک و برایانی خۆشەویست و میوانانی بەڕێز دەکەم کە زەحمەتیان کێشاوە و لە شارەکانی دورر و نیزیکی کوردستان و ئێرانەوە، بۆ بەشداریکردن لەم میتینگەدا لێرە ئامادە بوون. هەروەها سپاسی دانیشتووانی مەهابادی قارەمان دەکەم کە هەم بە بەشدارییان لەم کۆبوونەوەیەدا، هەم بە میوانداریییان ئیمکانی تەشکیلی ئەم میتینگەیان پێکهێناوە.

سڵاو لە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی ئێران و گەلی کورد کە بە خوێنی گەشی خۆیان ئەم ڕۆژە پیرۆزەیان بۆ ئێمە ئامادە کرد. سڵاو لە گیانی پاکی هەموو ڕۆڵە بەشەڕەفەکانی گەل، کە لە ساڵانی ڕەشی ئیستبدادی پاشایەتیدا، نیشانەی بەرزی فیداکاری و ئینسانییەت، نیشانەی زیندووبوونی گەل و سیمبولی درێژەپێدانی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانەکەمان بوون. سڵاو لە برایانی فارەس، ئازەربایجانی، بەلووچ، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، ئەرمەنی، کەلیمی و هاوخەباتانی ئێمە لە شۆڕشی ئێراندا.

## بەشی یەکەم

**هاونیشتمانان!**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی ئەمڕۆ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ دەکا. لە ماوەی ساڵانی چالاکی نهێنیدا، ئەندامانی حیزبی ئێمە چ فیداکارییەک کە نەیانکردووە، چ زەحمەتێک کە نەیانکێشاوە، چ تەنگوچەڵەمەیک کە تووشی نەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهیدی زۆری داوە، زیندانیی زۆر بووە، ئەندامان و لایەنگرانی بەدبەختی و کوێرەوەرییان زۆریان دیوە. بەڵام ئەندامانی حیزبی ئێمە بە پشتیوانیی خەڵک ڕێگای خەباتی بەر نەداوە و ئێستاش سەربەرز و دڵنیا لە هێزی خۆیی و هێزی بێپایانی گەل بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک، ڕاوەستاوە و پەیمان تازە دەکاتەوە کە لە دوارۆژیشدا، بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، بۆ پتەوکردنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، لە هیچ تێکۆشان و گیانبازییەک نەکشێتەوە. گەلی کورد بەحەق چاوەڕوانی ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی، شەهیدانی چوارچرا، حیزبی شەهیدانی فەیزوڵڵابەگی، مەلا ئاوارە، برایانی موعینی، شەریفزادە، مەحموودی زەنگەنە، نحۆ، وێردی، حیزبی عەزیز یووسفی، سەدانی شەهیدی کرماشان، سنە، سەقز و... سەدان زیندانی قارەمانی هەموو ناوچەکانی کوردستانە.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنەری کۆماری مەهاباد، یەکەم حکوومەتی گەلی کورد لە تاریخی نوێی کوردستاندایە. یادی ئەو کۆمارە و سەرکەوتنەکان و دەستکەوتەکانی ئێستاش، لە بیروڕای کۆمەڵانی خەڵکدا، هەر زیندووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی ڕاپەڕینی چەکداریی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ە کە بە سەرکردەیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، حیزب هەتا دوا هەناسە تا شەهیدبوون لە ئامانجەکانی حیزب و گەل دیفاعیان کرد. حیزبی ئێمە لە ماوەی ٢٥ دیکتاتۆریی ڕەشی حەمەڕەزا شادا، لە دیفاع لە مافی گەلی کورد و قازانجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان درێغی نەکردووە. ئەندامان و لایەنگرانی هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوی خەباتدا بوون. هەموو پێکەوە دەبێ تێبکۆشین جارێکی دیکە ڕێژیمی شا و هەرچەشنە ئیستبدادێکی دیکە زیندوو نەبێتەوە.**

**پاراستنی ئازادییە دێموکراتییەکان و دابینکردنی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە لە سەرانسەری ئێراندا، زامنی ئەسڵیی بەرەوپێشچوونی شۆڕش بۆ بە دەستهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتیی گەلەکەمانە. بەبێ ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە مافی گەلی کورد بەتەواوی دابین نابێ و بێ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، ڕێژیمێکی دێموکراتیک تا سەر پێک نایەت. گەلی کورد وەکوو هەموو گەلانی دیکە ئێران، هەقی هەیە بەڕەسمی پێی بگووترێ، کە ستەمی نەتەوایەتیی**

میراسی شوومی ڕێژیمی کۆنەپەرستی شا لەنێو دەچێ و شوێنەواری نامێنێ. دەبێ نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی مووئەسسان و لە دانانی قانوونی ئەساسیی تازەی ئێراندا بەشدارن بن تا بتوانن مافی ڕەوای گەلانی ئێران و گەلی کورد لەم قانوونەدا بگونجێنن.

تاوانبارکردنی گەلی کورد بە جیاوازیخوازی و تەجزییەتەلەبی گۆرانییەکی کۆنە و هەروەخت گەلی کورد داوای مافی خوراوی خۆی کردووە، ئەم تاوانەیان پێ بەستووە. ئێمە لە کاتێکدا ئەو تاوانە بە تەوتیئەی دوژمنانی شۆڕش دەزانین و بەتەواوی ڕەدی دەکەینەوە، ڕادەگەینین کە لە سەرانسەری کوردستانی ئێران، دووپاتەی دەکەمەوە، لە سەرانسەری کوردستانی ئێران، هیچ هێزێکی سیاسی جیاوازیخواز و تەجزییەتەلەب نییە. گەلی کورد بە تێکڕایی داوای مافی نەتەوایەتیی خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا دەکا. ئەگەر دوژمنانی شۆڕشی ئێران و گەلی کورد پێیان وایە کە بە سازکردنی تاوانی جیاوازیخوازی و تەجزییەتەلەبی دەتوانن گەلی کورد، ناچار بکەن حاڵەتی دیفاعی بەخۆییەوە بگرێ و داوی مافی ڕەوای خۆی نەکا زۆر بەهەڵە چوون. ئێمە مافی دانانی چارەنووسی خۆمان، حەقی تەعینی سەرنوشتی خۆمان دەوێ و بۆ ئەم مافە بە هەموو هێزمانەوە تێدەکۆشین.

**هاونیشتمانیان!**

ئێستا کە لە ئێراندا هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕی پێکهاتووە، پێمان خۆشە ڕابگەیەنین کە دەوڵەتی شۆڕشگێری مەرکەزی نابێ هەوڵ بدا ژاندارمێری و شارەوانی بە شێوەی پێشوو لە کوردستان و سەرانسەری ئێران زیندوو بکاتەوە. ئیدارە و هەڵسوڕاندنی کاروباری نێوخۆی کوردستان، دەبێ بە دەست خەڵکی کوردستانەوە بێ. هێزی ئیجرایی ناوەوە دەبێ پێڕەوی لە شۆراکانی ئینقلابی بکا کە لە شار و دێ پێکهاتوون. لەسەر ئەرتەش نەزرمان ئەوەیە کە ئەرتەشی کۆنەپەرستی شاهەنشاهی هەڵوەشێ و لە جێگای ئەو تەرتەش گەلی و برای خەڵک کە تەنیا ئەرکی دیفاع لە سنوورەکانی وڵات بێ، دابمەزرێ. لە دواڕۆژ دا، نابێ ڕێگا بدرێ، ئەرتەش دەستدرێژیی بەسەر خەڵکدا بکا و ببێتە گۆپاڵی دەستی دەوڵەت، بۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەی خەڵک. کوردستانی ئێران دەبێ لە حاڵەتی ناوچەیەکی میلیتاریزە، نیزامیکراو بێتە دەر و ئەو پادگانانە کە بۆ دیفاع پێویستن، دەبی لە نیزیک سنوور بن نەک لەنێو شارەکانی کوردستاندا.

**خوشک و برایانی بەڕێز!**

شۆڕشی ئێران هەتا ئێستا هەنگاوێکی گەورەی هەڵێناوە، بەڵام ڕێگایەکی دووریشی لەبەرە. بۆ ئەوەی سەرکەوتنی تازە

## بەشی یەکەم

وەدەست بێنین، یەکیەتی و خۆڕێکخستنمان پێویستە. نابێ ڕێگا بدەین دوژمن لەنێوماندا، ڕەخنە بکا و دووبەرەکی و ناکۆکی پێک بێنێ. نابێ ڕێگا بدەین هیچ چین و توێژێکی نیشتمانی، دژی چین و توێژێکی نیشتمانی دیکە، عەشیرەتێک دژی عەشیرەتێکی دیکە هان بدرێ. نابێ ڕێگا بدەین دەستە و حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو، هێزی خۆی بۆ کوتانی دەستە و حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتووی دیکە تەرخان بکا. با فێری دێموکراسی بین و تەمرینی دێموکراسی بکەین. کوردستان هەروەکوو ئێران پاوانی هیچ حیزبێک و دەستەیەکی سیاسی تایبەتی نییە. با هەمووما بەرنامە و بیروڕای خۆمان بخەینە بەرچاوی خەڵک، و خەڵک ئازادانە ڕێوشوێنی خۆی هەڵبژێرێ. هەرچەشنە تێرۆری فیکری دەبێ لەنێو بچێ و هیچ کەس لەبەر بیروباوەڕی خۆی نابێ بخرێتە ژێر فشار. لەسەر دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە بیروڕا و بەرنامە و داخوازەکانی حیزبی ئێمە لەنێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا، بەشێوەیەکی دێموکراتیک بڵاوکەنەوە و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای حیزب ڕابکێشن. لەسەر ئەندامان و کادرەکانی حیزبی ئێمەیە کە بە هەموو هێزیانەوە، بۆ بووژاندنەوە و دامەزراندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی تێبکۆشن و هەرگیز نابێ لەبیریان بچێ کە ڕێکخراو، تەشکیلات چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە. ئەو چەکەمان پێ بێ هەموو قەلایەکمان پێ دەگیرێ.

**هاونیشتمانان!**

**هاوڕێیان و میوانانی خۆشەویست!**

جارێکی دیکە بەخێرهاتن و پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هیوام ئەوەیە کە گەلی کورد بە تێکۆشانی هەموو ڕۆڵە بەشەرەفەکانییەوە، هەر بیروباوڕێکیان هەبێ و شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران، لەم خەباتە مێژوویەدا سەرکەوێ. با بەرهەمی خەباتی شێلگیر و یەکگرتووی ئێمە، جمهوورییەکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران بێ.

بژیی شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران!
سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، لە ڕێگای دێموکراسی و سەربەخۆییدا!
سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە ڕێگای خودموختاری کوردستانی ئێراندا!
سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

**بەشی یەکەم**

## وتاری دوکتور قاسملوو لە ئەنستیتۆی هاوەدەردی لەگەڵ ئامریکای لاتین و ئەفریقا

**"شەڕی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەم شەڕە لەسەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد"**

**وەبیرهێنانەوەیەک:**



**و: قادر وریا**

**ئەم وتارەم ٣١ ساڵ لەمەوبەر لە فارسییەوە وەرگێڕایە سەر کوردی بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان". ئەو کات د.قاسملوو بۆ خۆی لە ژیان دابوو.. ئەمڕۆ جارێکی دیکە خوێندمەوە تا هەم وەرگێڕانی ئەو کاتی خۆم هەڵ بسەنگێنم، هەم جارێکی دیکە چاو بە ڕوانگە و بۆچوونی د.قاسملوو لە سەر پرسێکی گرنگ دا بخشێنمەوە. وەرگێڕانەکەی من بەو هۆیەوە ئەو کات تازەکار بووم، قسە هەڵ دەگرێ، بەڵام وتارەکەی د.قاسملوو، هەر وەک ئەو کات بۆ من پڕ تام و چێژ و جێگای لێ فێربوونە.**

**------**

**لە کۆتایی هاوینی ١٣٦٧ دا دوکتور قاسملوو سەفەرێکی بۆ ئوڕووپا کرد کە نزیکەی ٣ مانگی خایاند. لەم سەفەرەی دا**

## بەشی یەکەم

**لە ئیسپانیا لە سەر بانگهێشتنی ئەنستیتۆی هاودەردی لە گەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا کۆنفرانسێکی لە سەر تەقەوەستان لە نێوان ئێران و عێڕاق و شوێنەواری ئەو تەقەوەستانە لە سەر جووڵانەوەی گەلی کورد پێشکێش کرد. پاشان نیزیک بە سەعات و نیوێک وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. ئەمەی خوارەوە وەرگێڕاوی دەقی قسەکانی ڕێبەری شەهیدمان لەو کۆنفرانسە دایە:**

شەڕی ئێران و عێراق کە نیزیکەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا، بۆ هەر دوو وڵات ئاکامی زۆر دڵتەزێنی بە دواوە بووە. زیاتر لە یەک میلیۆن کوژراو و بریندار، سەدان شار و دێی وێران، هەزاران قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنیاتی ئابووریی لە کەڵک کەوتوو، بە میلیۆن ئینسانی ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ، کورتەیەک لە ئاکامەکانی ئەم شەڕەن. ئەگەر زیانەکانی ماددیی شەڕ بە ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ، شوێنەوارە ڕەوانی یەکەی لە بەراورد کردن نایە و ڕەنگە تا دەیان ساڵی دیکەش هەر بمێنێ.

لەم هەشت ساڵ شەڕە خوێناوی یە دا، بۆ کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع لە هەر جۆرە چەکێک، تەنانەت ئەو چەکانەی کە کەلک لێوەرگرتنیان بە پێی بڕیارنامە نێونەتەوەیی یەکان مەنع کراوە، کەلک وەرگیراوە. هەر ئەمە لە نێو دوو گەلی دراوسێ دا بۆتە هۆی دوژمنایەتی یەکی وا کە لە نێو چوونی مەگەر لە داهاتوویەکی دوور دا ئیمکانی نیە. زەبرەکانی رووحی، نەخۆشی یەکانی ڕەوانی و، لێک هەڵوەشانی بنەماڵەکان ئاکامێکی دیکەی ئەم شەڕەن. شەڕێک کە هیچ قازانجی گەلانی ئەم دوو وڵاتەی لە پێ دا نەبوو. پاش ئاکامەکانی زیانی ماددی و ئینسانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، ئێستا هەر دوو وڵات خۆیان ڕاست لەو جێگایەی کە شەڕیان لە سێپتامبری ١٩٨٠ دا دەست پێ کردبوو دەبیننەوە. جا لە بەرامبەر ئەم بیلانە دڵتەزێنە دا داخوا بە ڕاستی دەکرێ باس لەلایەنی سەرکەوتوو لەم شەڕەدا بکرێ؟ هەر دوو وڵات بە هۆی لە دەستچوونی بەرەبەرەی هێز و توانایان لە شەڕدا بە ناچار تەقە وەستانیان قبووڵ کرد. عێراق لە چەند ساڵ لە مەوبەرەوە داواکاری ئاگربەس بوو، ئێرانیش لە ڕووی ناچاری یەوە سەرەنجام قبووڵی کرد. خومەینی کە شەڕی بە "نیعمەتی ئیلاهی" دەزانی، بە پێچەوانەی مەیلی دڵی خۆی ملی بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش ڕاکێشا. لە ڕاستی دا خومەینی کە بۆخۆی قبووڵکردنی بڕیارنامەی بە مانای خواردنەوەی ژار دانا، تەنیا لەبەر ئەوە تەقە وەستانی قبووڵ کرد کە حاکمییەتی ئاخوندەکان بە هۆی دژایەتی و بەربەرەکانیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری خەڵک لەگەڵ شەڕ، لە مەترسی کەوتبوو. ئەم بەربەرەکانی یە خۆی لە نارەزایەتیی گشتی و، خۆ بواردنی لاوان لە چوون بۆ بەرەکانی شەڕ دا نیشان دەدا و، قەیرانی ئابووری و ناتەبایی یە کۆمەڵاتی یەکان دەبوونە هۆی پەرە ئەستاندنی. شکستە نیزامی یەکانی چەند مانگی دوایی نیشانی دا کە وەرەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم زۆر هاتۆتە خوارێ، لە حاڵێک دا هەر ئەم وەرەیە سەردەمێک وەک هۆی سەرەکیی بە هێز بوونی لەشکریانی ئیسلام حیسابی لە سەر دەکرا.

## بەشی یەکەم

تەریک کەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی نێو نەتەوەیی‌دا کە ئاکامی پەنا بردنی رێژیم بۆ کاری تێرۆریستی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و، لە ژێر پێنانی هەموو ئوسوولێکی دیپلۆماسی بوو لە لایەک و، گیر و گرفتەکانی رێژیم لە دابین کردنی چەک و تەقەمەنی و هێندێک مەسەلەی نێوخۆیی لەلایەکی دیکە ببوونە هۆی ناتەبایی تەنانەت لە نێو ئۆرگانەکانی سەرووی رێژیم و، هەروەها ترس و سەر لێشێوان لە نێو رێبەرایەتی دا.

فشاری گەورە دەسەڵاتەکان لە کەنداوی فارس بە تایبەتی لە لایەن ئەمریکاوە، حاکمییەتی لەرزۆکی ئاخوندەکانی زیاتر لە پێشوو خستبووە مەترسی یەوە. حکوومەتی خومەینی بۆی دەرکەوت کە درێژەی شەڕ بە جیددی هەڕەشە لە مان و مەوجوودییە تی دەکا. بۆیە بۆ پاراستنی بە ناچار تەقە وەستانی قبووڵ کرد.

دیارە سەقامگیر بوونی تەقەوەستان لە نێوان دوو وڵات دا بە مانای کۆتایی هاتنی یەکجاری بە شەڕ نیە. رەوتی وتوویژەکان وا نیشان دەدا کە بۆ گەیشتن بە ئاشتی یەکی بەردەوام رێگایەکی دوور و درێژ لە پێش دایە. گەیشتن بە ئاشتی یەکی بەردەوام پێویستی بە لە نێو چوونی ناکۆکی یەکان لە نێو دوو وڵات، یانی دڵنیا بوون لە دەست تێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتردایە، هەتا دەگاتە هاوکاریی نێوان دوو وڵات. پسپۆران و خاوەن رایان لەوە دا یەکدەنگن کە بێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەو دوو وڵاتە دا، وتوویژی ئاشتی لە وانەیە چەندین مانگ و تەنانەت چەند ساڵ درێژەی هەبێ.

لە هەلومەرجی ئێستا دا چاولێکردنی وەک یەکی رووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨ لە گەڵ ساڵی ١٩٧٥(ساڵێک کە رێککەوتننامەی ئەلجەزیرە لە نێوان ئێران و عێراق دا ئیمزا کرا و، بوو بە هۆی تێکشکانی جووڵانەوەی گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی) شتێکی دروست نیە. ئەو کات کە عێراق بەشێک لە "شط العرب"ی لە بەرامبەر یارمەتی نەدان بە راپەڕینی کوردەکانی عێراقی دا بە ئێران، رێبەرایەتیی راپەڕینی کورد بە هۆی تایبەتمەندیی بە هێزی عەشیرەیی، نەیتوانی بەرامبەر بە هەلومەرجی نوێ خۆی رابگرێ و، سووک و سانا خۆی بە دەستەوە دا.

هەلومەرجی ئێستا جیاوازە، ئەم هۆیانەی شەڕێکی ئاوا درێژ و خوێناوییان هەڵگیرساند هەر لە جێگای خۆیان ماون. ئێمە تەنیا ئیشارە بە گرینگترینیان دەکەین کە بریتین لە: دیاریکردنی سنوورەکان بە تایبەت لە "شط العرب" دا، مەسەلەی کورد بە لە بەر چاوگرتنی هەموولایەنەکانی یەوە، ویست و مەیلی مەزنیخوازانە و، سەرەنجام کێشەی نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و ناسیۆنالیزمی فارس کە ریشەیەکی لە مێژینە و مێژوویی هەیە.

نێوەرۆک و فەلسەفەی بە تەواوی لێک جیاوازی ئەو دوو ڕێژیمەش دەبێ لە بەر چاو بگرین. ڕێژیمی ئێران کە ڕێژیمێکی شیعەی بونیادگەرایە دەستتێوەردان لە کارو باری وڵاتە موسوڵمانەکان بە تایبەتی لەو وڵاتانە دا کە رادەیەکی زۆر لە دانیشتوانیان شیعە مەزهەبن، بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆی دەزانێ.

ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەر دا دابەش کراوە بۆ جارێکی دیکەش بۆ تێک شکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، پێکەوە ڕێک کەون (هەرچەند کە ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە) کوردەکان دەبێ چ بکەن؟ لە هەلو مەرجێکی ئەوتۆ دا بۆ کوردەکان تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە: ئەویش بریتی یە لەوە کە: یەک بگرن و بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان بکەن. بە ئاشکرا دەبێ بڵێین کە ئەمجار باسی ئاشبەتاڵ و خۆ بەدەستەوەدان لە گۆڕێ دانیە. بەربەرەکانی و خۆڕاگریی گەلی کورد لە شارو لادێ دا هەر درێژەی دەبێ و، لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش کەڵک وەردەگیرێ. ئەمڕۆ جووڵانەوەیەکی بە تەواوی سازمان دراو بە ڕێبەرایەتی یەکی شۆڕشگێرەوە لە کوردستان دا لە گۆڕێ دایە. لە هەلومەرجی تەقە وەستانی شەڕ لە نێوان ئێران و عێراق دا کوردەکان دوو ئەرکی گرینگیان لە سەر شانە:

لە پێش دا کوردەکان دەبێ وێڕای درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە، خۆیان وەک هۆیەکی سەربەخو لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا نیشان بدەن. پێویستە خەڵکی جیهان لە راستی یەک کە تا ئێستا لە بەرچاویان شاردراوەتە باش ئاگادار بن، ئەویش ئەمەیە کە لەم ناوچەیە دا تەنیا یەک شەڕ لە گۆڕێ دا نیە، یانی شەڕ هەر لە نێوان عێراق و ئێران دا نیە. بەڵکو سێ شەڕ هەیە. تەقە وەستاندنی نێوان ئێران و عێراق، لە خۆی دا ئاشتیی نێوان کوردەکانی ئێران و حکوومەتی ئێران لە لایەک و، کوردەکانی عێراق و حکومەتی عێراق لە لایەکی دیکەوەی بە دواوە نیە. لە ئاکام دا خەباتی کوردەکان هەر درێژەی دەبێ و هەتا کاتێک مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ، ناوچەکە ئاشتی یەکی بەردەوام بە خۆیەوە نابینێ. پێویستە بگوترێ ئەم شێوە بیر کردنەوەیە، کە بە سەقامگیر بوونی ئاشتیی نێوان ئێران و عێراق چاوەدێرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان جێگیر لە سنوورەکانی وڵات ئیدی شاهیدی هەڵگیرسانەوەی شەڕ نابن، خەیاڵێک زیاتر نیە. لە راستی دا زیاتر لە ٥٠٠ کیلۆمیتر لەو سنوورەی کە ئێران و عێراق لێک جیا دەکاتەوە بە نێو کوردستان دا کێشراوە. ناوچەیەک کە ئەمڕۆ بە شێکی لە ژێر چاوەدێریی جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد دایە.

دووهەم ئەرکی گرینگ ئەوەیە کە کوردەکان بۆ نێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد هەوڵ بدەن. بە راستی زۆر جێی داخە کە مەسەلەی کورد تەنیا دوای هاتنە گۆڕی مەسەلەی بە کار هاتنی چەکی شیمیایی بە دژی کوردەکان کەوتە بەر سرنجی بیر و رای نێو نەتەوەیی. بەر لە هەموو شتێک دەبێ لە بەستنەوەی مەسەلەی کورد بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی دەست

## بەشی یەکەم

هەڵگرین. پێویستە مەسەلەی کورد لە هەموو لایەنەکانییەوە بخرێتە بەر چاو. مەسەلەی ٢٠ هەتا ٢٥میلیۆن ژن و پیاو بێتە گۆڕێ کە نەتەوەیەک پێک دێنن و مافی بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دا بەش کراوە خاوەنی ڕێژیمی سیاسیی لێک جیاوازن. تورکیە بەردی ئۆرووپا و دێموکراسی لە سینگ دەدا و، سەرەڕای بێدەنگی و خۆ بواردنی ڕێبەرانی ئێستای، وێ دەچێ کە سەرەنجام ڕۆژێک ناچار بە ناسینی کەسایەتی و مافی نەتەوەیی کوردەکان بێ. لە وەزعێکی ئاوا دا کوردەکان دەتوانن لە ئیمکاناتی قانوونی بە مەبەستی سەلماندنی داخوازەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن.

کەچی لە کۆماری ئیسلامی دا کە ئیستبدادێکی شێوەی سەدەکانی نێوەڕاست زاڵە، کوردەکان بۆ پاراستنی کەسایەتی و مافەکانی خۆیان، ناچار بوون چەک بە دەستەوە بگرن. مافی دیاریکردنی چارەنووس دەتوانێ بە چەشنی جۆر بە جۆر بێتە گۆڕێ و شکڵ و شێوەی جۆر بە جۆر بە خۆیەوە بگرێ کە بریتین لە: خودموختاری، فیدرالیزم و سەربەخۆیی.

لە ئێران دا ئێمە شکڵی خودموختاریمان هەڵ بژاردوە و، دروشمی حیزبی ئێمە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، لە چوار چێوەی وڵاتی ئێران دایە. بە سرنجدان بە ئەزموونەکانی مێژوویی و هەروەها هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکیی ناوچەکە، ئێمە لەسەر ئەم بڕوایەین کە دروشمی ئێمە دروشمێکی واقیع بینانەیە.

داخوازی خودموختاری، داخوازێکی ڕەواو سادەیە. ئێمە خوازیاری پاراستنی فەرهەنگی خۆمانین و دەمانەوێ زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران دا بە زمانی ڕەسمی بناسرێ. لە کوردستان دەبێ فێرکردن و بار هێنان بە زمانی کوردی بێ، دەسەڵاتی سیاسی دەبێ لە پاوانی یەک ناوەند بێتە دەر و، کار و باری نێوخۆی کوردستان بدرێتە دەست نوێنەرانی گەلی کورد کە بە شێوەی دێموکڕاتیک هەڵ دەبژێردرێن. مەبەستی بنەڕەتی لەم داخوازانە ئەوەیە کە کوردەکان چی دیکە لە وڵاتی خۆیان دا وەک بێگانە چاویان لێ نەکرێ و بە هاووڵاتی دەرەجە دوو و تەنانەت دەرەجە سێ نەژمێردرێن.

ئەمڕۆ کورد بوون لە ئێران دا جۆرە تاوانێکە . دەیان ساڵە کوردەکانی ئێران بۆ خودموختاری و وەدەستهێنانی سەرەتایی ترین مافەکانی خۆیان خەبات دەکەن. هەر ئێستا دە ساڵی بەردەوامە کە شەڕێکی نەخوازراو بە سەر ئێمە دا سەپاوە. سەرەڕای قەڵاچۆی پەنجا هەزار کەس لە خەڵکی بێ دیفاع و شەهید بوونی ٤٥٠٠ پێشمەرگە لە مەیدانی خەبات دا بەربەرەکانیی ئێمە هەروا درێژەی هەیە. بە پێی ئەو هەواڵە تازانەی بە دەستمان گەیشتوون ئاخوندەکان لە حاڵی ئامادە کردنی هێرشێکی گەورە بۆ سەر کوردستانی ناوەندی دان. ئەو هێرشە ناتوانێ بۆ پێشمەرگەکان کە شەڕی پارتیزانی دەکەن

گیر و گرفتێکی ئەوتۆ بێنێتە پێش. بەڵام ئێمە یەکجار زۆر نیگەرانی چارەنووسی خەڵکی بێ دیفاعین. هەر بۆیە ئێمە پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرین کە خودموختاری بەشێک لە مافی مرۆڤە و نابێ تەنیا وەک مەسەلەیەکی نێو خۆی وڵاتان چاوی لێ بکرێ. کۆمەڵی نێونەتەوەیی دەتوانێ و دەبێ لە ئامانجەکانی گەلی کورد بە گشتی و، هەر وەها لە مافی خودموختاری دیفاع بکا. هەر بەو مەبەستە زۆر پێویستە داوا بکرێ مەسەلەی کوردیش لە دەستووری وتووێژەکانی نێوان ئێران و عێراق لە ژێر چاوەدێریی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان دا بگونجێ.

هاودەنگیی نێونەتەوەیی تا ئێستا لە سەر کارو باری بەشێکی زۆر لە وڵاتان شوێنەوارێکی باشی داناوە. ئەم هاو دەنگی یە دەتوانێ بە لایەنگری لە داخوازی ڕەوای کوردەکان کە ئێستا لە وەزعێکی دژوار دان جارێکی دیکە توانای خۆی بنوێنێ.

هەڵبژاردنی دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" نیشاندەری ئۆگری بە تەواو مانای حیزبی ئێمە بە دێموکڕاسی یە. ئەم ڕاستی یە لە ئوسوول و یاسای بە تەواوی دێموکراتیکی نێوخۆی حیزب و هەروەها ڕێزی حیزبی ئێمە بۆ پلۆرالیزم لە نێو خۆی وڵات دا سەرچاوە دەگرێ.

ئەوەشم لێ قبووڵ بکەن کە بەڕێوە بردنی دێموکراسی و پاراستنی، لە مەڵبەندێکی دواکەوتووی بێ پێشینەی دێموکراتیک و لە حاڵی شەڕ دا کارێکی زۆر دژوارە. ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تا ئێستا بۆ پاراستن و بەڕێوە بردنی ئوسوولی دێمۆکراتیک لە نێو حیزب و هەر وەها لە ناوچەکانی کوردستان دا، هەوڵ و تێکۆشانێکی بەرینی لە خۆی نیشان داوە و، لە مەو دواش هەموو توانای خۆی لەم بوارە دا بەکار دێنێ.

ئێمە بڕوایەکی پتەومان بە نەخشی سەرەکی و بنەڕەتیی دێموکراسی هەیە. بێ دێموکراسی یەکی جێگیر و بنەگرتوو لە ئێران دا، خودموختاریی کوردستان هەموو کات لە بەرامبەر مەترسی و هەڕەشەی لە نێو چوون دا دەبێ. تەنیا دەستەبەری خودموختاریی کوردستان، بوونی دێموکڕاسی یەکی سەقامگیر لە ئێران دایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی دێموکرات بە پێی ئوسوول و ڕێبازی خۆی، هەمووکات تێرۆریزمی لە فرۆکە رفاندنەوە بگرە تا دەگاتە بۆمب دانانەوە و بارمتە گرتن، ڕەد کردۆتەوە. بە گشتی حیزبی ئێمە هەر کردەوەیەک کە ژیان و هێمنایەتیی ئەفرادی غەیرە نیزامی و بێ دیفاع بخاتە مەترسی یەوە ڕەد دەکاتەوە. ئێمە بە هیچ جۆرێک ئامادە نین سەبارەت بە هێندێک دەسکەوتی تەبلیغاتی و کورتخایەن، لە ئوسوولەکانمان بترازێین و سیمای حیزبەکەمان کە وەک حیزبێکی سیاسیی بەرپرس، دێموکڕات و ئینساندۆست ناسراوە خەوشدار بکەین.

## بەشی یەکەم

**دۆستانی بە ڕێز!**

**ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵی نێونەتەوەیی هەیە. پەندێکی کوردی دەڵێ: "دوژمنێک زۆرە و هەزار دۆست کەم". بەداخەوە کوردەکان دوژمنیان زۆرە، هەر بۆیە ئێمە بەدوای دۆست دا دەگەڕێین. هیوا دارم ئەمڕۆ لەم تالارە دا هێندێک دۆستمان بۆ خۆمان دیتبێتەوە.**

**لە ژمارە ١٤٤ی ڕۆژنامەی ((کوردستان)) سەرماوەزی ١٣٦٧ (دیسامبری ١٩٨٨)دا بڵاو بۆتەوە.**

**وێنەکەش بە کامێرای خۆم گرتوومە(قادر وریا)**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٩**

## دواوتووێژی د. قاسملوو



**ئاماژە:**

**تۆڕی میدیایی "بی بی سی "لە بیستوپێنج ساڵەی تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی لە ڤییەن بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیدا وتووێژێکی بڵاونەکراوەی دوکتور قاسملووی بڵاو کردەوە.**

**عینایەتی فانی، ئامادەکاری ئەم وتووێژە دەڵێ لە ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٦٨ (نیزیک مانگێک پێش ڕووداوی ٢٢ی پووشپەڕ) بۆ فیلمێکی دێکیۆمێنتاری بۆ یەکێک لە تەلەڤیزیۆنەکانی بریتانیادا لەگەڵ دوکتور قاسملوو کۆ بوونەوەتەوە و لەبارەی پرسە گرینگەکانی ئێران و کوردستان ئەم وتووێژەیان لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە.**

**عینایەتی فانی کە ئەم وتووێژەی لەگەڵ شەهید دوکتور قاسملووی پاش ٢٥ ساڵ لە بەرنامەی "بە عبارت دیگری"لە تەلەڤیزیۆنی بی بی سیدا بڵاوکردەوە، باس لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان و چییەتیی ماف و داخوازەکانی کورد دەکا و لە خودموختاریخوازی یان ویستی سەربەخۆییخوازیی کوردەکان دەکۆڵێتەوە. هەروەها کاریگەریی لەبەریەکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و مردنی خومەینی و کاریگەریی ئەم دوو فاکتەرە لەسەر داهاتووی هاوکێشە جیهانییەکان و بارودۆخی نێوخۆیی ئێران و چارەنووسی کۆماری ئیسلامی"کوردستان" لە سیوسێ ساڵەی تیرۆری ڤییەندا**

## بەشی یەکەم

### دەقی ئەم دواوتووێژەی د. قاسملووی دابەزاندوە و بۆ خوێنەرانی بڵاوی دەکاتەوە:

**عینایەتی فانی: بۆچی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران کە کوردەکان ڕۆڵێکی چالاکیان تێیدا هەبوو، زۆر زوو لە کوردستان بوو بە شەڕ؟**

**د. قاسملوو:** ئێمە، خەڵکی کوردستان لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەشدار بووین و شەهیدمان دا، و فیداکاریمان کرد. هەر بۆیەش چاوەڕوان بووین کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش ئەگەر هەموو داخوازەکانیشمان وەدی نەیەن، هەرنەبێ بەشێک لە داخوازەکانمان پیادە بکرێن. بەداخەوە، هێشتا چەند ڕۆژ بەسەر شۆڕشدا تێنەپەڕیبوو کە بۆمان دەرکەوت ئەو ڕێژیمەی لە تاران هاتۆتە سەر کار، بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان جیاوازی دادەنێ. ئێوە دەزانن کە لە ماوەی شۆڕش و ڕۆژەکانی دوای شۆڕشدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، لاوە شۆڕشگێڕەکان پەلاماری پادگانەکانیان دا و دەستیان بەسەر چەکی پادگانەکاندا گرت. بەڵام کاتێک ئێمە لە مەهاباد بە بێ خوێنڕێژی هەر ئەو کارەمان کرد دەگەڵ ناڕەزایی توندی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی بەرەوڕوو بووین. دوای ئەوەش هێشتا یەکەمین نەورۆز بوو کە لە سنە بەهۆی ئاخوندێکەوە شەڕیان دژی لاوەکانمان وەڕێخست و ژمارەیەکی زۆر لەو شەڕەدا کوژران. دەسبەجێ دوای ئەویش لە نەغەدە وەختێک ئێمە دەمانەویست متینگێکی ئاشتیخوازانە وەڕێ بخەین و کاتێک ئەمن دەمەویست بچمە پشت تریبوون و قسە بکەم، تەقەیان لە متینگی ئاشتیخوازانەی ئێمە کرد، شەڕێک هەڵگیرسا کە سێ ڕۆژی خایاند و لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو لا کوژران. بەمجۆرە بۆ ئێمە ڕوون بۆوە کە ڕێژیم بە هیچجۆر حەز ناکا ئەو ڕاستییە بسەلمێنێ کە حیزبێک لە کوردستانی ئێران هەیە کە خاوەنی ڕابردوویەکی درێژە و بۆ دێموکراسی و خودموختاری تێدەکۆشێ. ڕاستییەکەش ئەوەیە کە ئێمە لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا چووینە سەردانی خومەینی خۆی و داوامان لێکرد ڕایبگەیەنێ کە لە کۆماری ئیسلامیدا مافی خودموختاری بۆ گەلی کورد مسۆگەر دەکرێ و پێمان گوت کە ئێمەش بەو مەرجە ئامادەین لە ڕێفراندۆمدا بەشدار بین و دەنگ بە کۆماری ئیسلامی بدەین. بەڵام چون ئەو کارەی نەکرد ئێمە هەر لەسەرەتاوە دەنگمان نە بە کۆماری ئیسلامی دا، نە بە قانوونە بنەڕەتییەکەی و نە لە هیچ ڕێفراندۆمێکیشدا بەشدار بووین. ئەمن پێموایە ئەمەش یەکێک لە هۆیەکانی ئەو ڕقە بوو کە خومەینی لە خەڵکی کوردستانی هەبوو. لەڕاستیدا هۆیەکی دیکەش هەبوو، ئەویش بریتی بوو لەوە کە زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان سوننیمەزهەب بوون، و لەڕاستیدا بەمجۆرە خومەینی بە سێ هۆ دژایەتیی ئێمەی دەکرد یەک ئەوە کە ئێمە خوازیاری دێموکراسی بووین و ئەویش هەر ئەودەم ڕایگەیاند کە دێموکراسی شتێکە لە خۆرئاواوە هاتوە و بۆ قبووڵکردن ناشێ، ئێمە خودموختاریمان دەویست کە لەجێدا لە فەلسەفەی بەناو ئیسلامیی ئەودا شتێک بەناوی نەتەوە نەبوو تا ئەو دان بەوەدا بنێ کە مافی خودموختاریی هەبێ، پاشان ئێمە هەم سوننیمەزهەب بووین و هەم چەکمان

بەدەستەوە بوو و ئامادە نەبووین بچینە ژێر باری (وەک دەڵێن) زۆری دەوڵەتی ناوەندی. هەمووی ئەمانە بوونە هۆی ئەوە کە ئەو دوو شەڕەی ناوم بردن ڕوو بدەن و دوایەش لە مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨دا خومەینی شەڕی ئاشکرا و ڕەسمیی دژی ئێمە وەڕێخست و جیهادی ڕاگەیاند و ئەمن کە ئەودەم بۆخۆم وەک تەنیا نوێنەری لاییکی ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان) هەڵبژێرابووم و قەرار بوو بچم لە تاران لە دانیشتنی ئەنجومەندا بەشدار بم، هەر ئەو شەوە، یانی پێش ئەوەی وەڕێ-کەوم نوێنەرانی ئەنجومەنی خڕ کردنەوە و هەر لەوێ جنێوی پێدام و قسەی ناشیرنی کرد و منی بە «مفسد فی‌الأرض» ناو برد. ئێوە دەزانن کە ئەمە لە عورفی خومەینیدا بە مانای ئێعدام بوو. هەر بۆیە ئەمن ئیدی نەچوومە تاران و شەڕێک هەڵگیرسا کە سێ مانگی خایاند و لەو شەڕە سێ مانگەیەدا ئێمە توانیمان سوپا ببەزێنین و سەرلەنوێ چووینەوە شارەکان. بەڕواڵەت ئاخوندەکان دەیانەویست نیشان بدەن کە دەیانەوێ وتووێژمان لەگەڵ بکەن. شەش مانگ دەگەڵ ئاخوندەکان لەڕاستیدا قسەمان کرد. ئەمن لە هەموو ژیانمدا ئەوەندەم ئایەتوڵڵا نەدیبوو کە لەو شەش مانگەدا دیتم، بەڵام دوایە دەرکەوت کە نیازی ئەوانە تەنیا کاتبەدەستهێنانە و دەیانەوێ خۆیان بۆ شەڕێکی دیکە ئامادە بکەن و هەربۆیەش لە نەورۆزی ١٣٥٩وە سەرلەنوێ هەم لە باکوور لە ناوچەی ورمێ و هەم لە ناوچەی کامیاران شەڕیان دەست پێکردەوە و ئەوەش شەڕێکە کە تا ئێستا درێژەی هەیە.

**عینایەتی فانی: داخوازەکانی حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی بەڕێز قاسملوو ئەوکات لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بە جیابوونەوەخوازی دادەنران و شەڕ لەگەڵ کوردەکانیش بەو ڕوانگەیە پاساو دەدرا، ئەم داخوازانە چ بوون و بەڕێز قاسملوو چۆنی بۆ من ڕیز کردن؟**

**د. قاسملوو:** ئەگەر سەرنجتان دابێ ئێمە «دێموکڕاسی بۆ ئێران»مان وەپێش «خودموختاری بۆ کوردستان» خستبوو، نەک لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئێمە دێموکڕاسی هەموویە و خودموختاری بەشێکە لە دێموکڕاسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە بەبێ دێموکڕاسییەکی سەقامگیر لە ئێران، ئەگەر خودموختاری بەدەستیش بێنین ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا چەکەکانمان دەستەبەری پاراستنمانن. بەڵام ناکرێ هەتاهەتایە چەکمان پێبێ، دەبێ شتی دیکە لەجێی چەک دابنێین. ئەو شتەی دەتوانێ جێی چەک بگرێتەوە تەنیا دێموکڕاسییە و وێناکردنی ئێمە بۆ دێموکڕاسی زۆر سادەیە. دێموکڕاسی بۆ ئێمە یانی فرەیی (پلوڕالیزم)، دێموکڕاسی واتە ئازادی بۆ هەمووان، ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی زمانە نەتەوەیی‌یەکان، ئازادیی فەرهەنگ و دیارە ئازادیی حیزبەکان، دانی دەسەڵاتی (وەک دەڵێن) جێبەجێکردن بەدەستی خەڵک و ئێمە باوەڕمان وایە کە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک لە ئێران لە دوارۆژدا ناتوانێ ئامانجەکانی خەڵکی ئێران، گەلانی ئێران دابین بکا. ئێستا ئەو دیکتاتۆرییە دیکتاتۆریی شاهەنشاهی

بێ، دیکتاتۆریی ئیسلامی بێ یان دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئێرانی ئێمە پێویستیی بە ڕێژیمێکی دێموکرات هەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئێمە، مێژووی ئێمە، بەڵام بە پاراستنی بنەماکانی دێموکراسی، بە پاراستنی ئەو بنەمایانە کە لە بڵاوکراوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەیاننامەی مافی مرۆڤدا هاتوون، دەتوانێ وڵاتی ئێمە بەڕاستی بەرەوپێش بەرێ. بەمجۆرە ئێمە تەنانەت لە کوردستانیش کە بەرپرسانە دەتوانم پێتان بڵێم زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان لایەنگری حیزبی ئێمەن، ئێمە خۆمان بە خاوەنی کوردستان نازانین، ئەوە خەڵکی کوردستانن بڕیار دەدەن داخوا حیزبی دێموکرات دەبێ خودموختاری بەڕێوە بەرێ یان ڕێکخراوێکی دیکە. ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەگەر هەلومەرجی شەڕ لەنێو بچێ دەبێ هەموو ڕێکخراوەکان و هەموو گرووپەکان بەرنامەی خۆیان بخەنە بەر چاوی خەڵک و خەڵکی ئێران بتوانن بە ئازادی لەنێو ئەو ڕێکخراو و گرووپانە هەڵبژێرن. بەمجۆرە ئێمە باوەڕمان بە دێموکراسییەکی قووڵ لە ئێران هەیە، دێموکراسییەک کە ڕێز بۆ مافەکانمان دابنێ، ڕێز بۆ مافی نەیارانیش دابنێ. چونکە بە باوەڕی ئێمە هیچ دێموکراسییەک بێ ڕێزدانان بۆ مافی نەیاران ناتوانێ هەبێ و هەربۆیەش ئێمە دژی هەموو ئەو ڕێکخراوانەین کە بەجۆرێک دەیانەوێ لە ئێران دیکتاتۆری دامەزرێنن. هەر لەبەر ئەوەش ئامادە نیین دەگەڵ شایەتی-خوازەکان هاوکاری بکەین، چونکە پێمانوایە مێژووی ئێمە پێی سەلماندووین شایەتی واتە ملهوڕی.

**عینایەتی فانی:** لێیم پرسی پەیوەندیی کوردستانێکی خودموختار دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چۆنە و چۆن تۆمەتی جیابوونەوەخوازی بەرپەرچ دەدەنەوە؟

**د. قاسملوو:** لە مێژووی ئێراندا هەمیشە هەموو دەسەڵات لە تاران خڕ بۆتەوە، لەحاڵێکدا ئێمە خودموختاریمان دەوێ، خودموختاری واتە خڕنەبوونەوەی دەسەڵات. ئێمە نامانەوێ هەموو دەسەڵات لە تاران خڕ بێتەوە، ئێمە دەمانەوێ دەسەڵات لەنێو خەڵکی ئێران، لەنێو گەلانی ئێران و تەنانەت ئوستان (پارێزگاکان)ی ئێراندا دابەش بکرێ. ئێستا لە کۆتایی-یەکانی سەدەی بیستەمدا لەڕاستیدا لە هەموو وڵاتان دەسەڵات بەش کراوە، دەسەڵات لە دەستی تاقەکەسێک ئەویش لە ناوەند کۆ نەبۆتەوە و نەبۆتە ناوەندی و هەربۆیە ئێمە دژی ئەو گرووپانەشین کە بیانەوێ لە ئێران دیکتاتۆری بێننە سەر کار، ئێستا سەر دەکەون یان نا مەسەلەیەکی دیکەیە. ئەمن وا بیر دەکەمەوە لە ئێرانی دوارۆژدا ئەگەر دوای کۆماری ئیسلامی دیکتاتۆرییش بێتە سەر کار، ئەو دیکتاتۆرییە ماوەیەکی درێژ لەسەر کار نامێنێتەوە. بەداخەوە ڕێی تێدەچێ دۆخی وڵاتی ئێمە بەرەو شەڕی نێوخۆییش بەرێ. کەوایە لەپێشدا هەموو داخوازەکانمان هەم دێموکراسی هەم خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندان. ئێمە خۆمان بە ئێرانی دەزانین و ڕێگا بە هیچ کەس بە هیچ ئێرانییەک نادەین خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێ، هۆیەکیش بۆ ئەم کارە نابینین، بەڵام لەم بنەماڵە هاوبەشەی خۆمان، نیشتمانی هاوبەشی خۆماندا کە

ئێرانە دەمانەوێ مافەکانمان لەبەر چاو بگیرێن و وەک هاونیشتمانی پلە دوو نەژیەین. بەڵکوو هەموومان بەرابەر قانوون وەکیەک بین و هەربۆیەش بیر دەکەینەوە کە ئەم داخوازانەی ئێمە چ داخوازە دێموکراتییەکان و چ ئەو داخوازانەی پەیوەندییان بە مافی نەتەوایەتییەوە هەیە کە دیارە بۆ گەلانی زۆرلێکراوی دیکەی ئێرانیش دەبێ لەبەر چاو بگیرێن، تەواوی ئەمانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکڕاتدا دەگونجێن و هەربۆیەش لەڕاستیدا ئێمە دێموکڕاسی بۆ ئێرانمان کردۆتە دروشمی سەرەکیی خۆمان.

**عینایەتی فانی:** ساڵی ١٣٦٨ ساڵی دەستپێکردنی هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و سەرلێشێواوی لەنێو ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران بوو، دیارە عەبدولڕحمان قاسملوو لەمێژ بوو خۆی بە سۆسیالیستێکی دێموکڕات دەزانی و حیزبەکەشی کە لە سەرەتای دامەزرانیدا وەک ڕێکخراوی ئەیالەتیی حیزبی توودەی ئێران کاری دەکرد، ئیدی نە ئەندامێکی بنەماڵەی حیزبە چەپەکانی لایەنگری سۆڤیەت بەڵکوو لە تەنیشت حیزبە سۆسیالدێموکڕاتە ئورووپاییەکان دانابوو. بەوحاڵە هەمیشە حیزبە چەپەکان بوون کە پشتیوانییان لە خودموختاریی کوردەکانی ئێران دەکرد، پرسیم بۆچوونی لەبارەی ئەو سەرلێشێواوی و پەرشوبڵاوییەی هێزە چەپەکان چیە و حیزبەکەی خۆی لە کوێ دەبینێ؟

**د. قاسملوو:** ئێمە حیزبێکی دێموکڕاتین، حیزبی مارکسیستی نیین. لە ڕیزەکانی حیزبی ئێمەدا کەسانی خاوەنی ئیدیۆلۆژیی جیاواز هەن. ئێمە تاقە ئیدیۆلۆژییەکمان نیە. زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەندامانی حیزبی ئێمە باوەڕی مەزهەبییان هەیە، موسوڵمانن، کەسانێکیش هەن کە خۆیان بە مارکسیست دەزانن. تەنانەت لە مەسەلەی مەزهەبیشدا لە حیزبی ئێمەدا سوننی، شیعە، ئەهلی حەق، مەسیحی، هەموویان هەن. بە باوەڕی ئێمە ئەوە ڕاستە کە هێندێ هێزی چەپ هەن، چەپی مارکسیستی کە هیچ نەبێ وەک فەرمووت لە تیۆریدا بەرگری لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و یەک لەوان گەلی کورد دەکەن و ئێمە هیواداریین کە ئەگەر ڕۆژێک بەکردەوەش لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بەرەوڕوو بوون، ئەم بۆچوونەیان هەر هەبێ. بەڵام ئەو شتەی دەمەویست بە ئێوەی بڵێم ئەوەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، پێموایە مەسەلەی سەرەکی هێزە چەپە مارکسیستەکانیش لە ئێران هەر مەسەلەی دێموکڕاسییە. هێزەکانی چەپی مارکسیستی دوای شۆڕش دەرفەتێکی زۆر بەنرخیان لەدەست دا، وەدوای خومەینی کەوتن هێندێک بەو ناوە کە ڕێژیمی خومەینی ڕێژیمێکی دژی ئیمپەریالیستییە، لەحاڵێکدا هەر ئەوکات ئێمە گوتمان و نووسیمان ڕێژیمێک کە ئازادییەکان لەنێو بەرێ، خەڵکی وڵاتی خۆی سەرکوت بکا ڕێژیمێکی دێموکڕاتیک کە هیچ، ناتوانێ ڕێژیمێکی دژی ئیمپەریالیستییش بێ. جگە لەوە، قەیرانی هێزەکانی چەپی مارکسیستی ڕیشەیەکی مێژووییشی هەیە و ئەویش تێنەگەیشتنی دۆخی واقعیی ئێرانە. ئەم ڕێکخراوانە زۆرتر لەڕووی کتێبەوە دەیانەویست مەسەلەکانی ئێران چارەسەر بکەن، لەجیاتی ئەوەی سەرنج بدەنە ڕاستییەکان، لە ڕووی کتێبەوە و

ئەویش نەک کتێبە ڕەسەنەکانی مارکس و ئەنگێلز بەڵکوو ئەو کتێبانە کە بەدەستی دووەم و سێیەم وەک بڵاوکراوەگەلێک نووسرابوون و زۆربەیان لە ڕێگای حیزبی توودەوە گەیشتبوونە دەستی خەڵک، دەیانەویست کێشەکانی ئێران چارەسەر بکەن کە دیارە باش دیتتان کە ئەو ڕێکخراوانە تووشی لەتبوون هاتن و ڕێکخراوێکی وەک ڕێکخراوی چریکە فیدایییەکانی گەل کە لە سەرەتاکانی شۆڕشدا یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوەکان بوو، بووە چەند ڕێکخراوی چووکەڵە. بەڵام ئێستا چەند ساڵێکە مەسەلەیەکی دیکەش قەیرانی ئەو ڕێکخراوانەی توندتر کردوە، ئەویش ئەو شتەیە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەچێتە پێش. ئێستا یەکیەتیی سۆڤیەت وەک گەورەترین وڵاتی سۆسیالیستی بەخێرایی بەرەو دێموکراسیزاسیۆن و بەرەو دێموکراسی دەچێتە پێش. گلاسنۆست و پریسترۆیکا ڕاستە کە لەجێدا گۆڕباچۆف دروستی کردن بەڵام پێویستییەکی مێژوویین و نەخشی گۆڕباچۆف پتر لەوەدایە کە باش و بەوەخت لەو پێویستییە مێژووییە تێگەیشت. ڕێکخراوە مارکسیستییەکان ئێستا تەنیا دوو ڕێگایان لەپێشدان. یان دەبێ ئازایانە پێ لە هەڵە و ڕابردووی پڕ لە هەڵەی خۆیان بنێن و لە سیفرەوە دەست پێبکەن و بەرەو دێموکراسی بڕۆن، پەیوەندییە نێوحیزبییەکانیان دێموکراتیزە بکەن و فرەیی قبووڵ بکەن و وەدوای دیکتاتۆری نەکەون، یان هەر لەو حاڵەتی پێشوودا بمێنن. ئەمن پێموایە ئاکامەکە ئەوە دەبێ کە هێندێ کەس لە حاڵەتی پێشوودا دەمێنن و ژمارەیەکیش دیارە ئازایەتی بەکار دێنن و سیاسەتێکی تازە دەگرنە پێش. هەر بۆیەش بەداخەوە دەبێ پێشبینی بکەین ڕیزە لەتبوونێکی دیکە لەو ڕێکخراوانەدا بێتە پێش. بەڵام ئەمن هیوادارم پاش ئەو لەتبوونانە ئیدی ڕەوتی یەکیەتی و یەکبوون لەنێو هەموو ئەو کەس و کەسایەتی و ڕێکخراوانەدا کە حەز بە دێموکراسی دەکەن و پێیان وایە سۆسیالیزمیش بەبێ دێموکراسی دروست ناکرێ، دروست ببێ. چونکە دروستە کە ئێمە حیزبێکی مارکسیستی نین، بەڵام لە بەرنامەی حیزبیی خۆماندا سۆسیالیزمی دێموکراتیمان کردۆتە ئامانجی درێژخایەنی خۆمان و زۆر پێشتر، دەوری پێنج ساڵ پێشتر نیازمان هەبوو هەر ئەو وەختە سنوورمان دەگەڵ ئەوانە هەبێ کە دەیانەوێ بەرەو دیکتاتۆری یان تووتالیتاریزم بڕۆن. ئەمن پێموایە ڕێکخراوەکان و هەموو گرووپەکانی چەپی مارکسیستی لە ئێران ئێستا ئەرکیان ئەوەیە دابنیشن، باش بیر لە ڕابردووی خۆیان بکەنەوە و ئەو ڕێگایە کە ئێستا لە سۆڤیەت و هێندێکی دیکە لە وڵاتانی سۆسیالیستی گیراوەتە پێش، ئەو ڕێیە کە لەپێشدا ڕێی دێموکراسیی نێو حیزب و دوایە دێموکراسی لە نێوخۆی وڵاتە بگرنە پێش.

**عینایەتی فانی: ڕاست دوو حەوتوو بەر لە وتووێژەکەم دەگەڵ بەڕێز قاسملوو، ئایەتوڵڵا خومەینی مردبوو و هێندێک لە لێکدەرەوە سیاسییەکان قسەیان لە ئەگەری قەیرانی سیاسی بەهۆی لەدەستچوونی ئەو و توندبوونی ناکۆکییەکانی نێوخۆی ڕێژیم لەسەر دەسەڵات دەکرد، بۆچوونی بەڕێز قاسملوو لەم بارەیەوە چ بوو؟**

## بەشی یەکەم

**د. قاسملوو:** ڕێژیمی خومەینی لەمێژە کەوتۆتە قەیرانێکی قووڵەوە. تەنانەت پێش ئاگربەس دەگەڵ عێراق و پێش مەرگی خومەینی. ئێمە قەیرانی ڕێژیم لەوەدا دەبینین کە مەسەلە گرنگە سیاسی، ئابووری، سەربازییەکانی وڵات بێچارەسەرن و ئەم ڕێژیمە نە بەرنامەیەکی بۆ چارەسەری ئەو مەسەلانە هەیە و نە لەجێدا لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی ویلایەتی فەقیهدا ئەگەری چارەسەری ئەو مەسەلانە هەبوو. بەمجۆرە ئاگربەس کە دیارە ناچاری بوو و خومەینی بۆخۆی گوتی ژارێک بوو کە ئەو دەبوو بیخواتەوە و خواردیەوە، قەیرانەکەی توندتر کرد و دۆخێکی هێنایە پێش کە سەرانی کۆماری ئیسلامی یەکتریان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە شەڕ خەتای ئەم گرووپ یان ئەو گرووپ بووە. خومەینی جارێکی دیکە هەموویانی دەمکوت کرد و خەتەکەی خۆی کە ناوی خەتی ئیمامە، بردە پێش کە لەڕاستیدا خەتی توندڕۆیەکانە. ئێستا خومەینی ڕۆیوە. ئەمن پێموا نییە بە مردنی خومەینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی برووخێ. ئەمن لەو باوەڕەدام کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا زەوەڕی (زەخیرە) هەیە و بەمجۆرە ماوەیەک دەخایەنێ کە قەیرانەکە دیسانیش توندتر خۆی نیشان بدا، دەرکەوێ و ناکۆکیی نێوخۆی ڕێژیمیش بگاتە لووتکە. شتێکی سروشتییە کە پاش مەرگی خومەینی دەسبەجێ ئاخوندەکان هەرنەبێ بەڕواڵەت یەک بگرن، و ئەمەش بە باوەڕی من شتێکی کاتی و دەستکردە. ناکۆکییەکان زۆر پتر و توندتر لەوەن کە بکرێ ماوەیەکی درێژ سەرپۆشیان لەسەر دابنرێ و بەتایبەتی گیروگرفتەکانی وڵات ئەوەندە زۆرن کە سەرەنجام سەرانی ڕێژیمی ئێستا ناچار دەکا هەڵوێست بگرن و هێندێ کار بۆ چاری ئەو مەسەلانە بکەن کە سەرەنجام دەگەڵ قازانجی ئەو گرووپە جۆراوجۆرانە کە ئێستا لەنێو ڕێژیمدا هەن تێکدەگیرێن. بەمجۆرە ڕێژیمی خومەینی لەڕاستیدا بە مەرگی خومەینی دەسبەجێ ناڕووخێ، بەڵام ڕێگا بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەدار لەنێوخۆی وڵاتەکەماندا خۆش بووە و ئەمن دڵنیام کە ئەو ڕەوتە ئێستا دەستی پێکردوە و ئەگەر بمەوێ جۆرێکی دیکە بڵێم لەڕاستیدا مەرگی خومەینی سەرەتای کۆتایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە زۆربەی نزیک بەتەواوی خەڵکی ئێران، ئاشتییان دەوێ، ئازادی و دێموکراسییان دەوێ، ئەمنیەت و ئاسوودەییان دەوێ و کەسانێک کە بتوانن بەرنامەیەکی لەو جۆرە بخەنە بەر چاوی خەڵکی ئێران و خەڵکی ئێران بە ڕاستگۆیی خۆیان قانیع بکەن کە بەرنامەیەکی لەو بابەتە پیادە دەکەن پێم-وایە ئەم ڕەوتە لە دواڕۆژی ئێراندا دەیباتەوە. ئەمن باوەڕم وایە کە هیچ گرووپێک بەتەنیایی ناتوانێ لە ئێران بێتە سەر کار، هیچ گرووپێک بە تەنیایی ناتوانێ ببێتە دیکتاتۆر و ئەگەر بشگاتە ئەو جێیە کە دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ شەڕی نێوخۆیی وەڕێ دەخا. ئێمە وەک حیزبی دێموکڕات پێمان وایە دەتوانین ڕێژیم کز بکەین، دەتوانین زەبر لە ڕێژیم بدەین و تەنانەت دەتوانین تاڕادەیەک هەلومەرجی ڕووخانیشی ئامادە بکەین. بەڵام بەتەنیایی ناتوانین ببینە جێنشین (ئاڵتێڕ ناتیڤ)، بۆیە ئێمە لە ئێران، لە بەشەکانی دیکەی ئێران لە هاوپەیمان دەگەڕێین کە هەموومان لە هەڤبەندییەکی زۆر بەرین، دێموکڕاتیک لە بەرەیەکدا کە بتوانێ هەموو دێموکڕاتەکان و کۆمارخوازان کۆ بکاتەوە. پێکەوە بە یەکگرتوویی خەبات بکەین و ئەمجار دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کارێک بکەین کە هیچکات دیکتاتۆرییەکی باشتر یان خراپتر لە

## بەشی یەکەم

**کۆماری ئیسلامی نەیەتە سەر کار، بەڵکوو دوای دوو دیکتاتۆریی دوورودرێژی شاهەنشاهی و ئیسلامی ڕێژیمێکی دێموکڕات بێتە سەر کار کە داخوازەکانی خەڵکی ئێران پیادە بکا.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠٢٢**

---



## وتەکانی دوکتور قاسملوو لە دواساتەکانی ژیانی دا



وتووێژەکانی ناردراوانی تاران و ڕێبەرانی کورد بە هۆی بەشدارانی وتووێژەکەوە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. ئەو نەوارانە کە لە دەستی پۆلیس دا بوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران.

**عەبدولرەحمان قاسملوو قەت بەم وردبینی‌یە دەروونناسی یانەوە بۆچوونەکانی خۆی لە بارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکرد بۆوە:**

**"لە دوو چاوپێکەوتنی پێشوومان دا، ئێمە لە بارەی دوو خاڵی ئەسڵی‌یەوە قسەمان کرد:**

**قبووڵ کردنی ئەسلی خودموختاری و ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لە نێوخۆی وڵات دا. ئێوە وەڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لە گەڵ قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری نین.**

لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسیی دا باسێکی زۆر دوور و درێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسیی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە کە چەک تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەو مەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شەڕ و ئەو هەموو قوربانیدانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وەشەیەکی دیکە بەکار بێنین؟ "قاسملوو هەر لەو کاتە دا کە خۆی وەک پیاوی خودموختاری ناو دەبا، دەڵێ: نەسلی من نەسلی دێموکراسی و خودموختاری یە" پاشان وێڕای داوای درێژەی وتووێژ، وریایان دەکاتەوە

و

دەڵێ: دڵنیابن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دووربوونەوە لە مەرکەز و جیاییخوازی ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشیی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفی و مێژوویی هەیە ئەم وشەیە سەمبولێکە. من وا هەست دەکەم کە ئێوە نێوەرۆکەکە قبووڵ بکەن بەڵام ئێوە دەتانەوێ ئێمە واز لە وشەی کە بێنین. لە ئیسلام دا هەر کاتێک دەقێکی پیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بێ گوتنی "بیسم الله الرحمن الرحیم" دەست پێ بکرێ. ئەوەش ڕاست وایە،

ئێوە نێوەرۆکی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بە بێ "بسم الله الرحمن الرحیم".

"ئێوە دەڵێن کە لە هەلومەرجی ئێستا دا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیە، بەڵکوو چارەسەری پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسڵی یە.

ئێمە هاتووینە ئێرە کە داواتان لێ بکەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەن".

دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ: سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.

لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ: ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەیە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەڕاستی دەیەوێ کێشەی میللییەتەکان لەئێران دا چارەسەر بکا؟ ئەگەر وەڵامی کۆماری ئیسلامیی بەڵێ یە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کە دەیەوێ چۆنی چارەسەر بکا ؟ ئایا بەشێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمە کوردەکان لانیکەمی داخوازەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدرالیزمیشمان قبووڵە، بەدڵنیایییەوە دەڵێم بە بڕوای من بەو هۆیەوە کە کاتی خۆی لە ئیسلام دا جۆرە فیدراڵیزمێک هەبووە وا باشترە کە فیدرالیزم هەڵبژێردرێ و بۆ وێنە یەکیەتیی کۆمارە فیدراڵەکانی ئێران پێک بهێنرێ. کەوابوو ئێوە ئەگەر نەسەربەخۆییتان قبووڵ بێ، نە فیدراڵیزم و نە خودموختاری، ئەوە بەو مانایەیە کە ناتانەوێ مەسەلە میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکەن".

قاسملوو ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە: "لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکەی ئێران خوازیاری خودموختاری بێ. دەبێ ئەو

## بەشی یەکەم

ئازایەتییە هەبێ و بە ئوسوول و پرەنسیپی ئەوتۆ، مەسەلە نێوخۆیی‌یەکانی ئێران چارەسەر بکرێن کە هەموو لا قبووڵیان بێ. هەم عەرەبەکان، هەم بەلووچەکان، هەم تورکمەنەکان و هەم کوردەکان. ئەگەر لەمڕۆوە نەتوانین ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین دەبێ بە موسیبەتێکی گشتی بۆ وڵاتەکەمان.

پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان ڕۆژی داهاتوو بۆ درێژەی وتووێژەکان دیاری دەکەن. فازڵ رەسووڵ کوردی عێراق کە نەخشی نێوبژیوانی هەیە لە قسەکانی هەر دوو لا ئەم ئاکامە وەردەگرێ: یان ئێوە دەگەنە هێندێک ڕێککەوتن و درێژە بە وتووێژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ ڕابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتووێژەکان درێژە پێدەدەن. بەڵام لەهەر حاڵ دا باشترە ئەمڕۆ کە هەلومەرج لەبارە، بگەنە ڕێککەوتن و ئاکام، ٣ ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ و موعادیلەکان و هاوسەنگیی هێزەکان بەمجۆرە نەمێنێ و هەلومەرجی ئەوکات شتێکی دیکە بێ".

**ئەوە دوا وشەکانن. دەنگی جووڵانی کورسی و مێزەکان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی کپ کە دیارە بەچەکی تەیار بە ئامێری دەنگ‌گر کراون، دێتە گوێ. ئینجا بێ دەنگیی تەواو.**

ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە: ٤١٧



## شاعیری گەل



**نووسینی: دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو**

**ئامادە کردنی: سەلاح شەشە**

ئەوڕۆکە هەرکەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ ناوی هێمنی بیستووە. شێعرەکانی خوێندۆتەوە و بێ گومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە. بەڵام شێعری هێمن هەر لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی ئەدەیب و نووسەران دەرچووە، لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و هەر لە سەرەتاشەوە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر کاریگەر بووە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی رزگاری گەلی کورددا هان داوە. هێمن لە سەرەتاوە شاعیری گەلە و هەر شاعیری گەلیش ماوەتەوە.

**سی ساڵ زیاترە هەزاران خەباتکەری کورد پێکەوە لەگەڵ هێمنی شاعیر هاوار دەکەن:**

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قـــەت لەبەر ئەو چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**
**من لـــە زنجیرو تـــەناف و دارو بەند بـــاکم نـــییە**
**لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کـــوردم ئەمن**

## بەشی یەکەم



هێمن عاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردی کوردستانە، نیشتمانی، سروشتی وڵاتەکەی باش دەناسێ و لەگەڵی پەروەردە بووە. لە "بەهاری لادێ"، "بەهاری کوردستان"، "شەنگەبێری"، "فەریشتەی پەڕیوە" و زۆر شێعری تریش دا نیشان دەدا کە لە ناسین و ناساندنی سروشتی کوردستان و جوانییەکانی دا چەندە شارەزا و مامۆستایە. جێگای سەرسوڕمانیش نییە، هێمن لەگەڵ سروشت گەورە بووە و لە سروشت ئیلهامی وەرگرتووە. کەسێک سروشتی کوردستانی دیبێ و نەک هەر دیبێ بەڵکوو لەگەڵی تێکەڵاو بووبێ،

**هێمن بە ناهەق نازانێ کە دەڵێ:**

**بەهەشتە کوردەواری من بەهەشتە...**

هێمن لە شێعری خۆیدا زۆرجار باسی زۆرلێکراوی نەتەوەی کورد دەکا، لە مافی خوراوی گەل دیفاع دەکا، ئارەزووی ئەوەیە کورد هەرچی زووتر لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگاری بێ، بوونی ئەو ستەمە بە سەرچاوەی زۆر بەدبەختی و کوێرەوەری و بێ بەشی دەزانێ.

**لە "دوا ڕۆژی رووناک" دا دەڵێ:**

**لە مێژ بوو هەققی کورد دەخورا بەفیرۆ**
**لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ**

## بەشی یەکەم

**لە مەیـدانی شەقــێنی دووژمـــــــــی دا**
**سەری سەرداری کـوردی بوو وەکــوو گـــۆ**

هێمن بە تایبەتی زۆر پەرۆشی ئەوەیە کە لە کوردستانی ئێران زمانەکەی ئازادی پەرەئەستاندنی نییە، ئەدەبەکەی بڵاو ناکرێتەوە، فەرهەنگەکەی پێشێل دەکرێ،

**لە "ڕۆژگاری ڕەش" دا دەڵێ:**

داخرا دەرکی ڕۆژنامـە
شکاون نووکی خامە
کوردی نووسین حەرامە
دوژمن دەڵی بێ تامە
دڕان کاغەز و دەفتەر
گیران شاعیـر و نووسەر



هێمن نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ. لەوەش زیاتر نەتەوەی خۆی دەپەرستێ. بەڵام ڕقیشی لە هیچ نەتەوەیەکی تر نییە. لە هەموو دیوانی هێمن دا شێعرێک کە باسی نەتەوەکی تر بە خەراپە بکا، یا کورد لە نەتەوەیەکی تر بە بەرزتر دابنێ

## بەشی یەکەم

بەدی ناکرێ، دیاردەیەک کە بە داخەوە لە دیوانی زۆر لە شاعیری کورد دا بەرچاو دەکەوێ، نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بەشەردۆستی یەکێک لە سروشتە تایبەتییەکانی شێعری هێمنە.

هێمن زۆر جار باسی پێشەوا قازی دەکا، لە شێعرەکانی ڕا دیارە کە چەندە ئەو ڕۆڵە بەنرخ و هەڵکەوتوەی گەلی کوردی خۆش ویستووە. پێشەوای خۆشدەوێ چونکە:

زانابوو، کوردپەروەر بـــوو
پێـــشەوا بوو، ڕابەر بوو

بەڵام بۆیەش پێشەوا بە مەزن دەزانێ چونکە:

هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لەبەر بوو

هێمن گەلانی تری ئێران بە دۆستی گەلی کورد دەزانێ و لە خەبات و تێکۆشان دا بە برا و هاواڵیان دادەنێ. لە "کورد و ئازەربایجانی" دا دەڵێ:

کورد و ئازەربایجانی هەردوو داوایان ڕەوایـــە
هەر بژین و پایەدار بێ یەکەتی ئەم دوو برایە

هێمن دیسان هەر لە سەرەتاوە لە ناو نەتەوەی خۆشیدا هەموو چین و توێژێکی بە یەک چاو تەماشا نەکردووە و ناکا. لە شێعری بە ناوبانگی خۆیدا

"دەیڵێم و بێ باکم" دەڵێ:

ئـــــەوی ئاغا بێ بێـــــکارە
جـەبـوون و قـەڵس و لاسارە
دزی و ڕێ گرتـــــنی کـــــارە

**بەشی یەکەم**

**ئـــــەمن دەیڵێم و بێ بــاکم**

---------

**لە شەرم و شوورەیی مـــردم**
**بە خۆم من چۆن بڵێم کوردم**
**کە ئاغا ئابڕووی بــــــــــردم**
**ئەمن دەیڵێم و بێ باکـــــم**

**لە "ئارەق و تین" دا زۆر بە جوانی و بە زمانی سادەی جوتیاران باسی نرخی کاری خوتیار بۆ کۆمەڵ و چەوسانەوەی جووتیار نیشان دەدا و دەری دەبرێ کە ئینسانی زەحمەتکێش لە لای زۆر خۆشەویستە:**

**من جوتیارم، من جوتـــیارم**
**من لەگەڵ هەتاو هاوکــارم**
**من بە ئارەق و ئەو بەتـــین**
**دامان ڕشتووە بناغەی ژین**
**باسکی من و تیـشکی ئـەوی**
**بژیو دەســـتێنن لــــە زەوی**
**گەر جوتیار ئارەق نەڕێژێ**
**گەر هەتاو تیشک نـــاوێژێ**
**دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا**
**دەخۆن نانی گـەڵا گــــــەڵا**

لە شێعرەکانی را بەهاسانی دەردەکەوێ کە هێمن لـە ژیـانی زەحمەتکێشـانی کوردستان بەتـایبەتی جووتیـاران لـە نیزیکەوە شارەزایە. لە وەش زیـاتر خۆی تـا رادەیەک لەم ژیانەدا بەشدارە. خۆی دەڵێ: "چاک خەریکی کاسپی بـووم و زوو فێـری کشت و کاڵ بووم"

فەلسەفەی ژیـانی هێمن ئەوە نییە کە دانیشێ و لە دوورەوە تەماشای ژیـان و خـەباتی گـەل بکـا و بـۆ خـۆی و یـان بـۆ گـەل شێعر بڵێ. هێمن ئەو ئەسڵەی قبووڵ کردووە کە ئەرکی شێعری شاعیری گـەلێکی زۆرلێکراو تـەنیا لێکدانـەوە و خسـتنە نـاو

## بەشی یەکەم

هۆنراوەی سروشت و جوانی نییە. شعیر لە پێشدا ئینسانە، ئینسانێکە کە هەستی ناسکە و زوو دەجووڵێتەوە. چون شاعێر، بە مانای ڕاستی ئەو وشەیە، دەتوانێ بەرامبەر بە هەژاری و کوێرەوەری و بێ بەشی گەلەکەی بێ لایەن بێ؟ لە نێوان ڕاستی و درۆدا، لە نێوان ئاهورموزدا و ئەهریمەن دا، لە نێوان هەق و ناهەقدا ڕاستی هەڵنەبژێرێ، بەگژ ئەهریمەندا نەچێ و دیفاع لە هەق نەکا؟ بۆیە هێمن تەماشاچی نییە و ناتوانێ تەماشاچێ بمێنێتەوە. بە هەموو هێزی خۆیەوە، بە شێعر و بە نووسین هەنگاوی ناوەتە ناو مەیدانی خەبات و تاسەر بەرەو ئاسۆی روون، تا تروپکی رزگار بوون یاریدەی گەلی خۆی دەدا.

**هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا ناکرێتەوە.**

**ڕۆڵەی کوردم فێری هەوارزو لێژم**
**تا زۆر برۆم، زیاتر ئارەق برێژم**
**کورت تر دەبێ ڕێگای دوور و درێژم**
**دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون**
**دەڕۆم دەڕۆم، تا تروپکی ڕزگار بوون**

**تاقی کردنەوەی ساڵانی درێژی خەبات بە هێمنی سەلماندووە کە خەبات دوور و درێژە، هەوراز و نشێوی هەیە، سەرکەوتن و شکستی تێدایە. بەڵام هێمن کۆڵنەدەرە.**

**من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم**
**گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم**
**هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم**
**دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون**
**دەڕۆم دەڕۆم، تا تروپکی ڕزگار بوون**

**هەورازو نشیوی ژیان و خەباتی گەل لە شێعرەکانی هێمن دا زۆر جوان دیارە. لەو کاتەوە دەستی بە شێعر گوتن کردووە هەتا ئەمرۆ، شێعری هێمن ئاوێنەی قۆناخەکانی خەباتی گەلی کوردە.**

**لە ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٥) ڕا هێمن بە پێشوازی پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتەوە دەچی و دەڵێ:**

## بەشی یەکەم

**لە سایەی حیزبی دێمۆکراتی خـۆمان**
**لە باڵـدار تیپەڕی ئەڕۆکە پـــــێڕۆ**
**نەما داخ و پەژارە و ماتــەم و خـەم**
**زەمانی هەڵپەڕین و بەزمـــە ئیمڕۆ**

**لە ڕێبەندانی ١٩٤٥ دا کە کۆماری مەهاباد دامەزرا هێمن گوتی "ئەوساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستانن" یا لە "ڕۆژی خۆشی" دا دەڵێ:**

**گەرچی زستانە بەفر دای پۆشی ئەوڕۆ گشت وڵات**
**خاکی پاکی ئێمە خەملیوە وەکوو باخی ئیرەم**

**بەڵام کۆماری مەهاباد تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بوو. جووڵانەوەی گەلی کورد لە ئێران هەروەک جوڵانەوەی سەرانسەری ئێران توشی شکست بوو.**

**هێمن لە "ڕۆژگاری ڕەش" دا تووشی نائومێدی دەبێ، وەک کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە توشی نائومێدی بوون:**



**بە فیڕۆ چوو خەباتمان**
**داگیرکراوە وڵاتمان**
**تێپەڕی ڕۆژی هاتمان**
**ڕووخا کۆشکی ئاواتمان**

## بەشی یەکەم

له پیاوی ئازاو سەرکەش
له زەحمەتکێشی بێ بەش
ئاخنراوە کونە ڕەش
نابینی کەس ڕووگەش

به تایبەتی شەهیدبوونی پێشەوا قازی هێمنی داخدار کردووە. هەم دۆست و مامۆستای لە دەست داوە و هەم پێشەوا و سەرکۆمار:

له چوارچرای مەهــــاباد
له کانگای بیری ئــــازاد
دەسـتی ڕەشی ئیستیبداد
چەقانـدی داری بــــێداد
له کاتــــــی نــیوە شەوا
له جەنگەی شیرین خەوا
کــرا کـــــاری نــــــاڕوا
له دار درا پــــــــێشەوا

هەر لەو ساڵەدا هێمن لە بەر خەباتی رابردووی خۆی تووشی دەردە سەری دەبێ و بۆ ماوەیەک وڵات بە جێ دێڵێ. دیارە وەزعی سیاسی تەئسیری کردۆتە سەر شێعری هێمن. لە "بابردەڵە" دا دەڵێ:

بزانه تۆ، ئەوی ئەهلی هونـــــــەر بێ
دەبێ یا دەس بەسەر، یا دەربەدەر بێ
هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحـــــاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تــــاڵە
منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵــــووکەم
دەمێک لەو قوڵکە تاوێک لەو چلۆوکەم
منیش زۆرداری پرزەی لــێ بــــڕیوم
منیش بەدکاری بواری لــێ تــــەنیوم

## بەشی یەکەم

**یا لە "فرمێسکی گەش" دا کە بە قسەی خۆی لەوپەڕی تەنگانە و لێ قەوان دا گوتوویە، دەڵێ:**

**کوشتمی و شەش خانی ئوممێدی لە من گرتووە حەریف**
**مۆرە هـــەڵداوێم و بێهودە بە هـــــــیوای دوو شەشم**

**هێندێ شێعری تریش وەک " گریانی نیوە شەو" و "ئارەزووی فڕین" هەر نیشانەی نائومێدی شاعیرو ڕاکردنی لە ڕاست ژیانی تاڵە. لە ساڵی ١٩٤٦وە هەتا ساڵی ١٩٥١ سەردەمی پاشەکشەی جووڵانەوەی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێرانە. لە سداڵی ١٩٥٣ دا ئاسۆی خەبات ڕوونتر بووە،**

**هێمن لە "ئاواتی بەرز" دا جارێکیتر دێتەوە مەیدانی خەبات. هیوای بە خەباتی گەل زیاتر دەبی و دەیهەوێ بە شێعری خۆی لەم خەباتەدا بەشدار بێ:**



**فێری زۆر دەرسی بە کەڵک و باشی کردین تێ شکان**
**جـا ببینە ڕاپــەڕیــن و شۆڕشی ئەمجاری کـــورد**
**واگزینگی دا بــەیـانــی جوانـــی ئازادی بەشەر**
**ڕۆژی ڕوونــاکە نــەماوە زوڵمەتی شەوگاری کـورد**
**ئـەو زمانــە شیرینەی ئێمە پـــەرەی دەگـــرتەوە**
**نادڕێ چیدی کتێب و دەفــتەری ئەشعاری کـــورد**

**قۆناخێکی نوێ لە ژیانی گەل و شاعیردا دەست پی دەکاتەوە. ماوەی پاشەکشە دوایی دێ و گەلی کورد خۆی بۆ خەباتی دواڕۆژ ئامادە دەکا. نفوزی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە نە هێنی تێدەکۆشی، ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا زیاتر دەبێ. بەرەوە هەوراز ڕۆیشتنی جووڵانەوە هەتا ڕۆژەکانی گەلاوێژی ١٩٥٣ درێژەی هەیە. لە ٢٥ی**

## بەشی یەکەم

گەلاوێژەوە هەتا ڕۆژی شوومی کودیتای ۲۸ی گەلاوێژ خەڵک لە شاری مەهاباد حوکمداری دەکا. لە رۆژی ۲۵ی گەلاوێژدا خەڵکی مەهاباد بە درشت و وردەوە هەموو دەگەڵ هێمن کە بۆ یەکەمجار پاش چەند ساڵ لە کۆبوونەوەیەکی چەندهەزار کەسی دا شێعر دەخوێنێتەوە، هاوار دەکەن:

**برۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێ یەت بێ**

ئەو سەردەمە، سەردەمی نیوە دێمۆکراسیش زۆر ناخایەنێ. دەورانی ڕەشی پاش کودیتا دەست پێ دەکا و هێمنی شاعیر جارێکیتر تووشی نائومێدی دەبێ و لە "تووڕەیی" دا دەڵێ:

لەو وڵاتە کەسێک لە خەو ڕابێ بەشی چارەڕەشی و خەم و شینە
تێگەیشتم عیلاجی دەردی مـــن مەستی و شێتی و نـەزانـــــینە

**یا لە "چارەنوسی شاعیر"دا:**

دەزانی بۆچـــی من هێـــندە پەرێشان و خـــەفەتـــــبارم
لە بـازاڕی ژیـــان غەیـــری هەبـــەر نیمە چ سەرمـــــایە
لەگەڵ چارەڕەشی و دوورەبەشی و نەگبەت دەبێ هەڵکەم
لە مـــێژە چـــارەنووسی شاعـــــیرانی کـــوردی ئـــاوایە

ئەو تووڕەیی یە و ڕەشی چارەنووسی شاعیر لە شێعرەکانی تریشیدا هەر بەرچاو دەکەوێ و هەتا ساڵی ۱۹۵۹ هەر بەردەوامە.

لە "گلێنەی شاعیر" دا دەڵێ:

ئەگـەر خەرمانی عومـرم ئێستەکانە پاکی بـــا بی با
بە مەرگی تـــۆ مچورکیشم بە دڵـــدا نایـــە، با بـــی با
هەموو عومری ئەبەد تێدا نییە خۆشی دەمێک مەستی
خدر ئاوی حـەیاتی بۆ چیبوو؟ فێری شەرابـــی بــــا

لە "ناسۆری تەماشا" دا ڕاکردن لە ژیانی واقیعی. لەو حەقیقەتە تاڵەی کە شاعیر تووشی بووە و نایەوێ قبووڵی بکا، بە تەواوی دیارە. هێزی ئەوەی نییە ژیان بگۆڕێ، ڕێگای نییە خۆی دووربخاتەوە، دەیەوێ ڕابکا و بە یارمەتی مەی ڕوو لە دنیایەکی خەیاڵی دەکا:

چۆن نەبەم بۆ مـــەی و مەیخانە پەنا، تێگەیوم
لــەو وڵاتــە هەموو شت زۆرە بــنی ئــادەم کــەم
شەڕەبــایە لە چیاکــان و هــەوا تووشە دەبـــا
وەکوو شێتان دەمەویست ڕوو لە چیای ئەستەم کەم

ساڵەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ کە ڕاپەڕینی چەکدار لە کوردستانی ئێران بەرپا دەبێ، هێمن هەرچەند خۆی تێیدا بەشدار نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە دەژی. هیوای بە خەباتی گەل زۆرە، باوەری بە هێزترە. بۆ شەهیدانی ئەو ڕاپەڕینە دەگری، بەڵام شێعرەکانی پڕی لە هیوا و ئاوات بۆ سەرکەوتن و نیشتمانپەروەران بۆ تێکۆشان هان دەدا.

هێمن بیەوێ و نەیەوێ، دیسان و ئەوجارە بۆ هەمیشە لە ناو مەیدانی خەبات دایە:

بۆ شەهیدێکی کە گـــەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤاڵێکیکی کە چوو بێ سەرو بێ شوێن دەگریم
تا بە دەستی پەری ئازادی لە سەر گۆڕی شەهـــید
گوڵـــە شللێرە لـــە گشت لایەکی نەڕوێن دەگریـــم

شێعرەکانی هێمن ئیتر بۆنی ناهومێدی لێ نایە. چەند ساڵە قۆناخێکی تر لە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەستی پێ کردووە، قۆناخێک کە جێی هیوای گەلی کوردە. هێمنیش شاعیری وەفاداری کورد، هەم لە پێکهێنانی هەم لە دەربڕینی ئەم هیوایەدا بەشدارە. لە "مەتەرێزی شەرەف"، "شەنگە بێری"، "ئامێزی ژن"، "ترۆپکی ڕزگاری"، "شەپۆلی تۆڵە"،"شەو شەیتان"،"گاو و گەردوون"، "کاروانی خەبات" و لە "دەسکەوتی خەبات" دا شێعری کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی چ لە باری ناوەرۆک و چ لە باری شێوەوە، گەیاندۆتە پلەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە کەمتر شاعیری کورد گەیشتوویەتێ. هێمن ئامادەیە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم هێوایە خۆشی بەخت بکا:

خۆم دەسووتێنم هەتــا بــەزمی خــەڵک ڕۆشن بکــەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکوو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ؟

## بەشی یەکەم

لە سەرەتادا شێعرەکانی هێمن لە ژێر تەئسیری دوو ڕەوتی ئەدبی دایە. وەک هەموو شێعری شاعرانی کوردی سەردەمی سی چل ساڵ لەمەوبەر، تەئسیری ئەدەبی لەم شێعرانەدا دیارە. زۆربەی شێعرەکانی شێعری عەرووزین، وەزن و قافیەیان لە گەل دەستووری شیعری فارسی ڕێک دەکەوێ. لە لایەکی تریشەوە شێعری شاعیرە کوردەکانی بە ناوبانگ وەک نالی کە خۆی لە ژێر تەئسیری شێعری کلاسیکی فارسی دا بووە، تەئسیری کردۆتە سەر شێعرەکانی هێمن. بۆیە لە سەرەتادا هێمن شێعرەکانی شێوەی غەزەل و قەسیدە و جارجاریش مەسنەوی دوو بەیتی و هیتریانە هەیە. ئێستاش هەر جارجار دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە کلاسیکی یە و هێندێ لە شێعرە تازەکانی هەر بەم چەشنە گوتراون. وەک ئاواتی بەرز". " **گلێنەی شاعیر**"، "**دەسکەوتی خەبات**" و هتد. لەم شێوە شێعر گوتنەدا هێمن دەستێکی باڵای هەیە. شێعرەکانی ڕەوانن، بە زمان جوان و بە مانا دەوڵەمەندن.

پاش ماوەیەکی سەرەتایی شێعر گوتن هێمن بەرەبەرە دەگەڕێتەوە سەر شیوەی ئەدەبی ئەسیلی کوردی، خۆی لە قافیە و وەزنی شێعری کلاسیکی ڕزگار دەکا و شێعرەکانی لە بەستەی کوردی دەچن. لەو بەستەیەی کە شاعیر هەموو ڕۆژێ لە لادێ دەیبیسێ، بەستەیەک کە چوارچێوەی بۆ داڕشتنی شێعری کوردی لە بارترە و زمانی کوردی لە تەنگ و چەڵەمە ڕزگار دەکا و وەک چۆمێکی خرۆشانی لێ داکا کە بۆ لای دەریای بێ سنوور دەڕوا. جارجار کە ئینسان شێعری هێمن دەخوێنێتەوە، گۆرانی وەبیر دێتەوە. وادیارە کە لە هەڵبژاردنی ئەم شێوە شێعر گوتنەدا گۆران لە سەر هێمن بێ تەئسیر نەبووە. لەم شێعرانە دایە کە هێمن دەگاتە ترۆپکی ئەدەبی کوردی و بەڕاستی ئەدەبی کوردی پێش دەخا.

هێمن شاعیرێکی ریئالیستە، ریئالیزمی رەخنەگەرانە لە ناوەرۆکی شێعرەکانی هێمن دا بەتەواوی بەرچاو دەکەوێ. هێمن بارە هەرە گرینگ و ئەساسییەکانی تەبیعەت و ژیان و ئادەمیزاد بە چاوێکی رەخنەگرانەی شاعیرانە باس دەکا و کۆماڵ بۆ بەرەوپێش جوون هان دەدا. هێمن زۆرجار لە هێندێ شێعری خۆیدا لە ناتورالیزم نیزیک دەبێتەوە، ئەوەی کە دەیبینێ باسی دەکا و بە چاوی رەخنە سەیری تەبیعەت یان کۆمەڵ ناکا. هەر وابزانە دەیەوێ تابلۆیەکی تەبیعەت بکێشێ و بخاتە بەرچاوان. بەڵام شێعری وای کەمە، وادیارە خۆشی ئاگای لێیە کە لە ریالیزم دوور کەوتووە، زوو ناتورالیزم بەردەدا و دەگەڕێتەوە سەر ریئالیزم کە سەبکی بنەرەتی ناوەرۆکی شێعرەکانیەتی. ئەو ناتورالیزمە بە تایبەتی لە " بەهاری کوردستان" و لە بیرم مەکە" و چەند شێعری تردا خۆی دەنوێنێ.

ژن لە شێعرەکانی هێمن دا رۆڵێکی زۆر گرینگی هەیە. جوانی ژن ئیلهام دەری شاعیرە. سەرانسەری دیوانی هێمن ئەو راستیەیە دەردەخا کە وێڕای تەبیعەت و ژیان و خەباتی گەل، ژنە کە هێمن بۆ سێعر گوتن هان دەدا.

## بەشی یەکەم

شێعرەکانی هێمن لە سەر ژن نموونەی شێعری بەرزی کوردین. لە "کیژی لادێ" دا بە کچی کورد هەڵدەڵێ:

لاجانگت وەکوو گزینگی تاوێ
هەر بۆ خۆی جوانە تیف تیفەی ناوێ
کوڵمەکەت وەکوو گوڵاڵەی گەشە
بێ سوورمەش چاوە مەستەکەت ڕەشە
وەکوو فرمێسکی عاشق روونـاکی
وەکوو ئاونگی بەیان پاکی

ئەو تابلۆیەی کە لە " لە بیرم مەکە" دا لە ژن دەکێشێ، بە راستی جوان و نایابە. هەروەها لە "پەری شێعر" و لە "شەنگە بێری" و زۆر شێعری تردا هێمن مامۆستایی خۆی لە هۆنراوەدانان بۆ ژن دا دەسەلمێنێ.

بەڵام ژن بۆ هێمن تەنیا سەرچاوەی ئیلهام نییە. هێمن بۆ ڕزگاری ژنی کوردی خەبات دەکا. لە "یادگاری شیرین" دا دەڵێ:

لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت
چون لە قەڕنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕووگرتنە

هێمن دەیەوێ ژن بەر لە هەموو شتێک خاوەنی مافی ئینسانی خۆی بێ و زۆر جار دژی زۆرداری و بێ حورمەتی نیسبەت بە ژن دەنگی خۆی هەڵدێنێ.

هێمن ژنی خۆش دەوێ، دەیپەرستێ و نرخی هەموو جوانیەکانی ئەو دەستکردە نایابەی تەبیعەت دەزانێ، بەڵام لە لای هێمن خەبات بۆ ڕزگاری گەل، بۆ ئازادی کۆمەڵانی خەڵک لە ژن خۆشەویست ترە. لە "ئامێزی ژن" دا دەڵێ:

بەڵێ سەختە، یەجار سەختە
دووری لە ژن، نامرادی
بەڵام لە ژن خۆشەویست تر
لە لای من ئەتۆی ئازادی

## بەشی یەکەم

زمانی هێمن زمانی کوردی پەتی و جوانە. نە پڕو لە وشەی بێگانە و نە وشەی دەستکردی تێدایە. زمانەکەی زمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بەولام هێمن کە خۆی خەڵکی موکریانە، تەعسوبی بە کار نە هێناوە، بە زاراوەی موکریانی شێعر ناڵێ. بە تایبەتی لەم چەند ساڵی دوایی دا زمانی هێمن نموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردیيە و بێگومان لە پێکهێنانی زمانی پەسەندکراو (ستاندارد)ی کوردی دا تەئسیری هەبووە.

زمانی هێمن سادە و پەتی و ڕەوایە، هەم ئەدیب نووسەری کورد پێی خۆشە و هەم نەخوێندەواری کورد لێی حاڵی دەبێ.

هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە
کە بەو مانـــگە شەوە جوانە
دانیشتووی لـە رژد و هەڵـدێر
پەنـجە دەبـزێوی لـە بـــلوێر
دەگەڵ تـەبیعەت هــاودەمـی
شادی، بـەکـەیفی، بێ خەمــی

"بەهاری کوردستان" فەرهەنگێکی بچووکی زمانی کوردیە. بە تایبەتی بۆ ئەوانەی هەر لە شار ژیاون و لە زۆر باری ژیانی لادێ ئاگادار نین، تابلۆیەکی ڕاستەقینە بە زمانێکی دەوڵەمەند و بێ هاوتا دەخاتە پێش چاو.

ئەو شێعرە و چەند شێعریتری کە باسی تە بیعەت و ژیانی لادێ دەکەن، بۆ شارستانی ئەوەندە وشەی نەبیستراویان تێدایە کە زۆر جار خوێنەر سەری سووڕ دەمێنێ و ناچار دەڵێ زمانی کوردی چەند دەوڵەمەندە و بە داخەوە خزمەتی نەکراوە.

دیوانی هێمن شێعری وەک "بەهاری کوردستان" ی بەڕاستی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە.

شێعری هێمن لە تەشبیهی زوان ئاخنراوە.

خۆشەویستی گۆشەکەی تـەنیایی هەر ئەژنۆکــەمە
بۆیـە ڕۆژ و شەو وەها گـرتوومەتە نێو بـــــاوەشم

لە "شەنگە بێری" دا ئەنجامی شێعرەکەی ئەمەیە:

## بەشی یەکەم

زۆری نەماوە بێتە بەر، نەمامی هەوڵ و خـــەباتم
لە داگیرکەر پـاک بێتەوە خاکـــی پیرۆزی وڵاتــم
چەک دادەنێم گۆچانەکەی جــاران هەڵدەگەمەوە
تۆ هەر بێری بە من شوان، فریشتەی تاسە و ئاواتم

هێندێ شێعری هێمن گەیشتۆتە پلەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردی یەوە. یەکێک لەوانە "**کاروانی خەبات**"ە. بڕوانە چۆن باسی شەهید بوونی ڕووناکبیرێکی خەباتکار دەکا:

هەر چوار تەنیشتی گیرابوو
لە سەنگەرێک دا بەتەنێ
ئــەو لاوەی بــەڵێنی دابــوو
هەتا مردن چەک دادەنێ

----------

ڕووناکبیرێکی تـــــا ئەمڕۆ
دەچوو بەرەو ئاسۆگی ڕوون
ئێستا هیوای بە بووڵێڵ بوو
بۆ لە گەمارۆ دەرباز بوون

بەڕاستی ئەوەی هێمن لە سەر گۆرانی دەیڵێ لە سەر خۆشی ڕاستە. تـاکی لـە جـوانی پەرستی دا کەمە و وشـە لـە دەسـتی دا وەک مێوە، دڵتەڕە و خۆش خەیاڵە و ناسک بینە، بە هونەرە و شارەزا و ووشە ڕەنگینە.

هیوام ئەوەیە هێمن سالآنی درێژ لە نـاو گەلی کورددا، لە ڕیزی خەبـاتکەرانی ڕێگـای ئـازاری گـەلی کـورددا، تێکۆشـانی خـۆی لە پێناوی ڕزگاری گەلەکەمان، لە پێنـاوی پێشخستنی زمان و ئەدەبی کوردی، هەر درێژە پێ بدا. دڵنیام کە لە دوارۆژدا هێمن زۆرجار پەری شێعر دێنێتە ژوانی خۆی و دیوانێکی ترمان پێشکەش دەکا کە شێعری کوردی جوانی تێدابێ.

### شێعرێک وەک خوناوی بـاران

## بەشی یەکەم

**شێعرێک وەک سرتەی دڵداران**
**شێعرێک وەکوو دەریای بێ بن**
**گەرمــتر لــە بـــاوەشـــی ژن**
**شێعرێک سروودی شـــادی بێ**
**شێعرێک دەنگی ئـازادی بـێ**

**بە هیوای ئەو ڕۆژە.**

**دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو: پێشەکی بۆ دیوانی تاریک و ڕوونی هێمن ١٩٧٤**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی شەهید - ڕێکەوتی: ئاوریلی ٢٠٠٦**

---



## کرۆنۆلۆژیی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو



**مانگی دیسامبری ١٩٨٨: هەیئەتێکی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی جەعفەری سەحرارودی و بە هاوڕێیەتیی مستەفا ئەجەوادی (مستەفەوی) گەیشتە ڤییەن بۆ ئەوەی لەبارەی خودموختاریی کوردستانی ئێرانەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات وتووێژ بکا.**

□ **٢٧ی دیسامبری** ١٩٨٨: دوکتور قاسملوو لەگەڵ عەبدوڵڵا قادری ئازەر (نوێنەری حیزب لە ئورووپا) بەناوبژیوانیی مام جەلال تاڵەبانی لە ڤییەن لەگەڵ هەیئەتێکی کۆماری ئیسلامی کۆ بوونەوە.

□ **٣١ی دیسامبری** ١٩٨٨: جارێکی دیکە هەیئەتی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی کۆماری ئیسلامی هەر لەو شارە کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە نزیک بە ٨ سەعاتی خایاند.

□ **١٩ی ژانویەی** ١٩٨٩: دەوری دووهەمی کۆبوونەوەکان لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکرات و هەیئەتی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. دوکتور قاسملوو بەبێ مام جەلال بەشداری کۆبوونەوەکان بوو، لە جیاتیی مام جەلال نەوشیروان مستەفا بەشدار بوو. هەیئەتی کۆماری ئیسلامییش بریتی بوون لە سەحرارودی و مستەفەوی و بوزورگیان.

□ **٢٦ی ژووئەنی** ١٩٨٩: ئەمیر مەنسوور بوزورگیان لە سویسەوە هاتە ڤییەن و چاوی بە دوکتور فازل ڕەسووڵ کەوت و ٣

خاڵی پێ ڕاگەیاند:

١- ئێران ئامادەیە بۆ وتووێژ.

٢- ئێران پێی باش نیە تاڵەبانی بەشدار یا تەنانەت ئاگاداری کۆبوونەوەکان بێ.

٣- لە جیاتیی تاڵەبانی ئێران پێی باشە د. فازل ڕەسووڵ وەک ناوبژیکەر بەشدار بێ.

□ ٢٧ی ژووئەنی ١٩٨٩: د. فازل ڕەسووڵ تەلەفۆنی بۆ دوکتور قاسملوو کردو پێی گوت کە هەیئەتێکی ئێرانی پێیان ڕاگەیاندوە کە ڕەفسەنجانی دوای مردنی خومەینی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد زۆر تامەزرۆیە. ئێرانی یەکان ئامادەن ڕۆژی ٢٩ی ژووئەنی ١٩٨٩ لەگەڵ لایەنی کورد دابنیشن.

□ ٣٠ی ژووئەنی ١٩٨٩: دوکتور فازل ڕەسووڵ بە فرۆکە چووە پاریس بۆ لای دوکتور قاسملوو. پاش ئەم دیدارە دوکتور فازل، ئەمیر مەنسوور بوزورگیانی ئاگادار کردەوە کە دوکتور قاسملوو ئامادەیە سەرلەنوێ لەگەڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامی کۆ بێتەوە.

□ ٦ی ژووئیەی ١٩٨٩: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ڕۆژی ١٤ - ٧ ڕۆژی چلەی مەرگی خومەینی‌یە و، وریایی دا کە ئەگەری ئەنجامدانی کاری تێرۆریستی هەیە.

□ ١٠ی ژووئیەی ١٩٨٩: پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەحراروودی گەیشتە ڤییەن و ڕۆژی دوایی چووە هەمان هۆتێل کە مستەفا ئەجوادی پێشتر لێی جێگیر ببوو، ئەوان تا ڕۆژی ١٤ی ژووئیەی ١٩٨٩ ژووریان لەم هۆتێلە ڕێزێرو کرد بوو.

□ ١١ی ژووئیەی ١٩٨٩: دوکتور قاسملووو عەبدوڵلای قادریئازەر گەیشتنە ڤییەن. پاش چەند سەعات چوونە ماڵی د.فازل بۆ بینینی سەرۆکی پێشووی ئەلجەزایر ئەحمەد بنبیللا.

□ ١٢ی ژووئیەی ١٩٨٩: دەوری سێهەمی کۆبوونەوەکان لە نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. پاش دانیشتنێکی چەند سەعاتە هەیئەتی کۆماری ئیسلامی گوتیان پێویستە ئەنجامی کۆبوونەوەکان بە تاران ڕابگەیەنین و بۆ سبەینێ دووبارە ئامادەن درێژە بە وتووێژ بدەنەوە.

## بەشی یەکەم

□ ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩: دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵای قادریئازەر سەعات ٤ی پاشنیوەرۆ بە هاوڕێیەتیی خوسرەو بەهرامی نوێنەری حیزب لە ڤییەن سەردانی وەزارەتی نێوخۆی ئوتریشیان کردو چاویان بە سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەت کەوت. هەر لەوێشەوە وەڕێ کەوتن بۆ شوێنی کۆبوونەوە لەگەڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامی.

□ ١٣ی ژووئیەن ١٩٨٩ کۆبوونەوەی دووهەم لە شوێنی ڕۆژی پێشوو دەستی پێکرد. دەوری سەعات ٧:٢٠ دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای قادریئازەرو د. فازیل ڕەسووڵ درانە بەر گوللە. لەو ڕووداوەدا سەحرارووددییش بە هۆی دەست کردنەوەی عەبدوڵڵای قادریئازەر، بە گوللەی خۆیان بریندار بوو. سەعات ٧:٣٧ پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە.

□ ١٤ی ژووئیەی ١٩٨٩: بە هۆی فشاری وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش بۆ سەر دادگای ڤییەن و پۆلیسی ئەو وڵاتە، پرۆسەی دەرکردنی بەڵگەی تاوانبار بوونی دوو ئێرانییەکە (سەحرارووددی و بوزورگیان)، بەو بیانوویە کە هیچ شتێکیان لەسەر ئیسپات نیە، نەچووە پێش. بوزورگیان نێردرا بۆ باڵوێزخانەی ئێران.

□ ١٦ی ژووئیەی ١٩٨٩: دەفتەری ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لە شاری کۆڵن زانیاریی وردی لەسەر سەحرارووددی و بوزورگیان بڵاو کردەوەو رای گەیاند ئەمانە نەک دیپلۆمات بەڵکوو لە بەرپرسانی بەرزی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانن و بە فەرمانی ڕەفسەنجانی و فەللاحیان ئەم تێرۆرەیان ئەنجام داوە.

□ ١٩ی ژووئیەن ١٩٨٩: دوکتور دانیک، (دادوەر لە دادگای ڤییەن، پاش بازجۆیی لە Maihart (خاوەن فرۆشگەیەک) بۆی دەرکەوت کە ئەو ماتۆرسیکلێتەی پۆلیس دۆزیویەتەوە، سەحرارووددی بە ناوی ساختەی "مستەفا یالچین" کڕیویەتی.

□ ١٩ی ژووئیەی ١٩٨٩: خاتوو هێلێن قاسملوو رای گەیاند ئەوانەی مێردەکەیيان تێرۆر کردووە هەرسێکیان سەر بە دەزگای ئیتیلاعاتی ئێرانن و بە فەرمانی ڕەفسەنجانی (سەرکۆماری ئەوکات) ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە. خاتوو هێلێن لە ڕێگای پارێزەرەکەیەوە داوای زیندانیکردنی تاوانبارانی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی ئوتریش بۆ خۆیان لە نێو خۆیان دا ڕێک کەوتبوون، داواکەیان ڕەت کردەوە.

□ ٢٠ی ژووئیەی ١٩٨٩: تەرمی دوکتور قاسملوو بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر کورد، ئێرانی و فەرانسەیی کە زۆر کەسایەتیی ناسراوو بەناوبانگیان لە نێودا بوون، لە گۆرستانی پیرلاشێز بە خاک سپێردرا.

## بەشی یەکەم

□ ٢٢ی ژووئیەی ١٩٨٩: سەعات ٧ی ئێوارە، سەحراروودی لەگەڵ چەند لێپرسراوی باڵوێزخانەی ئێران و بە یاوەریی پۆلیسی ئوتریش گەیشتە فرۆکەخانەی ڤییەن و لەوێشەوە بە سلامەت گەیەندرایەوە ئێران.

❊ ٢٧ ی ژووئیەی ١٩٨٩: ڕۆژنامەی سەربەخۆی ئوتریشیی "دێرێیستاندارد" (دوو حەوتوو دوای تێرۆرەکە) نووسی: بە تەواوی دیارە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی هەرچی لە دەستیان هاتوە کردوویانە بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ چوونەوەی شاهیدان و تاوانباران بۆ ئێران بکەن و نەهێڵن نهێنییەکانی ئەم تێرۆرە ئاشکرا بێ".

❊ ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩: ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو بە ناوی کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی ١٩٩٠ بە کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بناسێنێ. بە دوای پشتیوانیی دەیان پرۆفیسۆرو نوێنەری پارلمان لە وڵاتانی ئورووپایی لەو پێشنیارە، ئەنجومەنی ناوبراو پێشنیارنامەکەی خۆی و سەنەدو بەڵگەی پێویستی لەو بارەوە لە ڕۆژی ٢٤ی ژانویەی ١٩٩٠دا بۆ کومیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە نۆرویژ نارد.

❊ نوامبری ١٩٨٩: فرانتز لویشناک وەزیری نێوخۆی ئوتریش لە سەفەرێک دا بۆ واشنگتۆن ڕایگەیاند کە دەوڵەتی ئێران لە تێرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤیەن دا ڕاستەوخۆ دەستی هەبووە.

❊ ٢٨ی نوامبری ١٩٨٩: فەرمانی گرتنی سەحراروودی، حاجی مستەفەوی و ئەمیر مەنسوور بزورگیان بە تاوانی بەشداریی ڕاستەوخۆ لە تێرۆری ٣ خەباتگێڕی کورد لە لایەن دادگای ئوتریشەوە دەرچوو!

❊ کۆتایی نوامبری ١٩٨٩: ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر گوللەکان، نیشانی هێڵێن قاسملوو دران. بە پێی ئەو ئاکامانە:

١- ئەم دوو چەکەی کە دەنگ کپ کەر (صداخفەکن) یان لەسەر بوو هەر لە ژووری ڕووداوەکەداو بە هۆی ٢ کەسی بەشداری کۆبوونەوەکە، کەلکیان لێ وەرگیراوە.
٢- گوللەکان لە دوو شوێنی جیاوازەوە کە هەر دوو چەکەکەش لە نزیک کوژراوەکانەوە بوون، هاوێژراون.
٣- دوکتور قاسملوو، ٣ گوللەی بە دوو چەک لێ دراوە، عەبدوڵڵای قادریئازەر بە یازدە گوللە کوژراوە و فازل ڕەسوول بە پێنج گوللە.

٤- هیچکام لە تەقەکەرەکان لەبەر دەرکی هاتنە ژووری ئاپارتمانەکە نەبوون.

٥- لەسەر تەرمی عەبدوڵڵای قادری ئازەر خوێنی سەحراروودی هەبووە.

٦- لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە سەحراروودی ڕاست ناکا کە بکوژەکان لەدەرەوە هاتبوونە نێو ئاپارتمانەکە.

❋ **٨ی دیسامبر تا ١٢ی نوامبری ١٩٨٩:** برۆنۆکرایسکی، راوێژکار (صدراعظم)ی پێشووی ئوتریش بە خاتوو هێلێن قاسملووی راگەیاند کە لەلایەن خاتوو دانیەل و ئاغای میترانیشەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم پەروەندەیە پشتیوانیی لێ دەکرێ.

❋ **٢٨ی نوامبری ١٩٨٩:** پیتر پیلتز نوێنەری سەوزەکان لە پارلمانی ئوتریش چل و دوو پرسیاری تازەی لە وەزیری دادگوستەری و دوازدە پرسیاری نوێی لە وەزیری دەرەوە کرد.

❋ **١١ی دیسامبری ١٩٨٩:** دادگای نێونەتەوەیی لاهە لەهۆلەند وڵاتی ئوتریشی ئاگادار کردەوە کە تاوانبار ئەمیر مەنسوور بوزورگیان خۆی لە سەفارەتی ئێران لە ڤیەن شاردۆتەوە، پێویستە حکوومەتی ئوتریش ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ گرتنی ئەو تاوانبارە.

❋ **٢٨ی فیوریەی ١٩٩٠:** وەزیری نێوخۆی ئوتریش بە هاوسەری دوکتور قاسملووی گوت ئەمن لە بیرم نیە لە بارەی بەشداریی راستەوخۆی ئێران لەم تیرۆرەدا شتێکم گوتبێ. بە پێی مەنتیقیش نەمدەتوانی شتی ئەوتۆ بڵێم، چونکە هیچ بەڵگەیەکی قانوونیم بەدەستەوە نەبوو!

❋ **مارسی ١٩٩٠:** راگەیەنە گشتییەکانی ئوتریش و ئەمریکاو یەک لەوان رۆژنامەی سەربەخۆی "دێرستاندارد" قسەکانی وەزیری نێوخۆی ئوتریشیان لەو بارەیەوە کە تیرۆری ڤیەن بە هۆی کەسانی سەر بە ئێرانەوە ئەنجام دراوە، بڵاو کردەوە. ئەم قسانە لەبەردەم هەواڵنووسانی تەلەڤیزیۆن و چاپەمەنییەکانی ئوتریش کران و لەوانیش دا بڵاو بوونەوە.

❋ **١٠ی ژووئیەی ١٩٩٠:** مانفرێد وایدینگێر وەکیلی ئوتریشیی بنەماڵەی دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا رایگەیاند، فەرمانی گرتنی ٣ تاوانبارەکە لە کاتی خۆیدا دەر نەچوو. بەر لەوەی ٢ کەس لەو ٣ کەسە خاکی ئوتریش بەجێ بێڵن، ئەو گومانەیان لەسەر بوو کە ئێستا بە هۆی لێکۆڵینەوە لە تەرمەکان و گوللەکان بۆ دادگوستەری پێک هاتوون. روون نیە کەمتەرخەمی لە کاتی خۆی دا و دەرنەچوونی فەرمان لەسەر کام دەزگایە، بەڵام شتێک کە هیچ

گومانێکی تێدا نیە ئەوەیە بەرلەوەی سەحرارووودی لە ٢٢ی ژووئیەدا ئوتریش بەجێ بێڵێ، هەموو شتێک روون ببۆوە و بەڵگەو دەلیلی تەواو بۆ پێشگیری لە ناردنەوەی هەبوون.

❊ ١٣ی ژووئیەی ١٩٩٠: بە بۆنەی یەکەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی،

ژمارەیەک لە نووسەران، رووناکبیران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ئورووپا لە بەیاننامەیەک دا رایانگەیاند کە ساڵێک دوای ئەو تیرۆرە بە هۆی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی "دەوڵەتی ئوتریش نە راستی‌یەکەی روون کردۆتەوە و نە ئەو هەموو ئامرازانەی دەوڵەتێکی قانوونی لە دەستی دا هەن، بە کاری هێناون تا دادپەروەری بە بێ هیچ کۆسپێک کاری خۆی بکا"، ئەوان داوایان کردبوو ئەم جینایەتە بێسزا نەمێنێتەوەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بڵاو بکرێتەوەو رێکخەرانی ئەم تاوانە بە بیروڕای گشتی بناسێندرێن و بدرێن بە دادگا.

❊ ١٨ی ژووئیەی ١٩٩٠: کاناڵی دووهەمی تەلەڤیزیۆنی ئەڵمان لە راپۆرتێکی بەڵگەدار لە بارەی رایەڵکەی تێرۆریستی ئایەتوڵلاکان لە ئورووپا دا بەشێکی سەرەکیی بۆ تێرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی تەرخان کرد. بەپێی راپۆرتەکە: تێرۆرەکە بە هەموو وردەکاری‌یەکانیەوە لە پێشەوە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. ١٤ ئێرانی بە پاسپۆرتی سیاسی‌یەوە لە هوتێلی ئێم ئێشتێفانزدۆم (١٨) نیشتە جێ ببوون. ئەوان لە بێرلینەوە هاتبوون و ئەو مەئموورییەتەیان هەبوو کە ئەگەر تیمی تیرۆر سەرکەوتوو نەبوو، ئەوان دەست بە کار ببن و کارەکە تەواو بکەن.

❊ ٨ - ٢ - ١٩٩١: خاتوو هێلێن قاسملوو (لە رێگای پارێزەرەکەیە و Manfred weidnger جارێکی دیکە بە رەسمی حکوومەتی ئوتریشی تاوانبار کرد و سکاڵای خۆی پێشکەشی دادگای ڤیەن کرد. لە رۆژی ١٥ی سپتامبری ١٩٩١ دادگا وەڵامی نیگەتیڤی پێ دایەوە و تەنانەت داوای بژاردنەوەی هەزینەی کارکردن لەسەر ئەو سکاڵایەی لێ کرد.

○ ١٥ی دیسامبری ١٩٩٥: دادستانی ئەڵمان لە درێژەی کاری دادگای میکونووس دا، ئاگادار بوون لە دەخالەت و رۆڵی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری ڤیەنی بۆ روونبوونەوە لەسەر تیرۆری میکونووس بە پێویست زانی. هەر بۆیە داوای کرد:

١- حوکمی جەلبی دەزگای قەزایی ئوتریش لەبارەی سەحرارووودی، بوزورگیان و مستەفا ئەجوادی لە دادگای میکونووس دا بخوێندرێتەوە.

٢- کارناسی پولیس و بەرپرسی بازجوویی پەروەندەی تیرۆری ڤیەن بەناوی "فرانتس ئۆستۆڤێس" وەک شاهید بۆ دادگای میکونووس بانگ بکرێ. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

○ ٢٣ی فیوریەی ١٩٩٥: بەرێز ئۆستۆڤێس کارمەندی وەزارەتی نێوخۆی ئۆتریش لە بەشی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم لە ئیدارەی جینایاتی سیاسی لە دادگای میکونووس دا وەک شاهید ئامادە بووو لەسەر تیرۆری ڤیەن و لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە، شیکردنەوەی خۆی خستە روو. (سەفەری بێگەرانەوە، سەلام عەزیزی)

○ ١٤ و ١٥ی ئوکتوبری ١٩٨٩: بە ئیبتیکاری بنیاتی فرانس لیپرتێ و هاوکاریی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس یەکەمین کونفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر کورد لە شاری پاریس پێک هات. ئەو کونفرانسە کە زیاتر لە دووسەد شەخسیەتی بەناوبانگی جیهانیی تیدا بەشدار بوون و بەناوی "کونفرانسی کورد، مافی مرۆڤو کەسایەتی فەرهەنگی ئەوان" ناسرا، بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملووی نەمر، پێشکێش بە یادی ئەو تێکۆشەرە ناسراوە کرا. ("کوردستان" ژ ١٧٣، مای ١٩٩١، بانەمەڕی ١٣٧٠)

○ ٨ی ژوئەنی ١٩٩١: کورت والدهایم سەرکۆماری ئوتریش بەسەرۆکایەتیی هەیئەتێکی ئابووری، بازرگانیی ئوتریش بەسەردانێکی رەسمی هاتە ئێران و لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا.

پتەوکردن و بەهێزکردنی پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان ئوتریش و رێژیمی ئاخوندی و هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی ئەو بارمتە رۆژئاواییانە کە لە مێژە گیرۆدەی دەستی تاقمە تیرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی بوون، گرینگترینی ئەو مەبەستانە بوون کە ناوبراو لەو سەفەرەدا بە دوایان دا دەگەڕا. شایانی باسە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٩ (١٩٩٠)دا کۆماری ئیسلامی رایگەیاند لەو ماوەیەدا (لە دوای تیرۆری دکتور قاسملووەوە) زیاتر لە سەد پرۆتۆکۆلی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ ئوتریش ئیمزا کراوە. ("کوردستان"، ژ ١٧٥ ، ژوونیەی١٩٩١، پوشپەری ١٣٧٠)

○ ١٥ و ١٦ و ١٧ی مارسی ١٩٩١: کۆنفرانسی بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا کەلە شاری ستۆکهۆلم بەڕێوە چوو، لە دوا خاڵی بەیاننامەی خۆی دا ئەم بڕیارەی لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووە پەسند کرد:

"کونفرانس بڕیاری دا لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵای قادری دا نامەیەک بۆ دەوڵەتی ئوتریش بنووسرێ و لەو دەوڵەتە داوا بکرێ وەک دەوڵەتێک کە ئەو کارەساتە لە وڵاتەکەی دا قەوماوە، بیروڕای گشتیی جیهانی و خەڵکی کوردستان لە جوزئیاتی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی کە بە ئاشکرا لەژێرپێنانی ئوسووڵی ئەخلاقی و نێونەتەوەییە، ئاگادار بکا". ("کوردستان"، ژ ۱۷۲، ئاوریلی ۱۹۹۱، خاکەلێوەی ۱۳۷۰)

○ ۲۷ و ۲۸ی سێپتامبری ۱۹۹۱ (٥و٦ی ڕەزبەری ۱۳۷۰): کۆنفرانسی نێونەتەوەیی "گەلی کورد، داهاتوویەکی بێ مافی ئینسانی" کە بە سەرپەرستیی گێرهارد شرۆیدەر سەرۆک وەزیری دەوڵەتی ساکسی خواروو لە بۆن پێک هات، لە بڕیارنامەی خۆی دا داوای لە وڵاتی ئوتریش کرد: "لێکۆڵینەوەی خۆی لەبارەی تیرۆری دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای قادری و دوکتور فازیل ڕەسووڵ لە ۱۳ی ژوویەی ۱۹۸۹ لە ڤیەن بە دەستی نوێنەرانی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چوو، تەواو بکاو وێڕای بڵاو کردنەوەی ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکە، پیاوکوژەکان بخاتە بەر تەعقیبی قانوونی. ("کوردستان" ژ ۱۷۸ ، ئوکتوبری ۱۹۹۱، ڕەزبەی ۱۳۷۰)

○ ۲۱ - ۲۸ی دیسامبری ۱۹۹۱(۳۰ی سەرماوەز تا ٦ی بەفرانباری ۱۳۷۰): کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی قاسملوو) یەکێک لە بڕیارە سیاسییەکانی خۆی "بۆ سیاسەتی سەوداگەرانەی ئوتریش" تەرخان کرد. لەو بڕیارە دا پاش ئاماژە بەوە کە سەرەڕای رابردنی دووساڵ و نیو پاش تیرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی هێشتا دەوڵەتی ئوتریش ڕێگای نەداوە عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە بناسێندرێن، هاتبوو: "کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی قاسملوو لە کاتێک دا سیاسەتی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش لەو پێوەندییەدا مەحکووم دەکا، لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان داوا دەکا فشاری زیاتر بخەنە سەر ئەو دەوڵەتە بۆ ئەوەی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بێپەردەو بە راشکاوی بە دنیا بناسێنێ و عامیلانی ئەسڵیی ئەو جینایەتە کە بێجگە لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی کەسێک نین، لەقاو بدا". (کوردستان ۱۸۱، ژانویەی ۱۹۹۲، بەفرانباری ۱۳۷۰)

○ ۲۰ی سێپتامبری ۱۹۹۹ (۲۹ی خەرمانانی ۱۳۷۸): توماس کلیستیل سەرکۆماری ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی پایەبەرزی دەوڵەتی بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە ئێران. سەفەری تۆماس کلیستیل بۆ ئێران لە کاتێک دا بوو کە کۆماری ئیسلامی حوکمی ئیعدامی بۆ چوار کەس لە بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانە خوێندکارییەکان دەرکردبووو سەدان کەس لە لاوانی ئازادیخوازی ئێران بە تۆمەتی بەشداری لە نائارامییەکانی مانگی پووشپەڕی تاران، تەورێز، ئیسفەهان دالە بەندیخانەکانی ئەو ڕێژیمەدا لەگەڵ ئازارو ئەشکەنجە بەرەوڕوو بوون. ئەو سەفەرە دوای یادی دەساڵەی تیرۆری دوکتور

## بەشی یەکەم

قاسملوو کە لەودا سەدان شەخسییەتی بەناوبانگی سیاسی، زانستی،و کۆمەڵایەتی داوایان لە دەوڵەتی ئوتریش کرد, پەروەندەی ئەو جینایەتە وەجەرەیان بکەوێتەوە و عامیلانی بناسێندرێن، ئەنجام درا. هەر بۆیە سەفەری توماس کلیستیل بۆ ئێران لەگەڵ نارەزایەتیی توندی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیون و ڕۆژنامەکانی لایەنگری ئازادی و مافی مرۆڤ بەرەوڕوو بوو. لە دەرەوەی ئەو وڵاتەش بێزاریی کۆڕو کۆمەڵەکانی پارێزەری ئاشتی و دیمۆکراسیی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ("کوردستان" ٢٧٥، خەرمانانی ١٣٧٨)

○ ٣١ی ژووئیەی ٢٠٠٣: دوکتور مانفرید وایدینگیر وەکیلی ئوتریشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پەروەندەی تیرروری دوکتور قاسملوو، بێسەرو شوێن کرا. تەرمی ئەو پارێزەرە ڕۆژی ١٣ی سیپتامبری ٢٠٠٣ پاش مانگێک و ٣ ڕۆژ لە بێسەروشوێنبوونی لە دارستانێک لە دەرەوەی ڤیەن دۆزرایەوە.

### پەراوێز:

□ ئەو زانیارییانەی ئەم نیشانەیەیان لەسەرە لە پوختەی کتێبەکەی دوکتور پیتر پیلتز "ئوسکورت بەرەو تاران" وەرگیراون کە "قوتان" بە زمانی کوردی ئامادەی کردوە.

※ ئەو زانیاری یانەی ئەم نیشانەیەیان لەسەرە لە نووسینێکی خاتوو هێلێن کرۆلیش (قاسملوو) کە شەیدا نەبەوی کردوویە بە فارسی و لە ژێر ناوی "معمای قاسملو" لە ژمارە ١٨، زستانی ١٣٦٩ی گۆڤاری "چشم انداز"دا بڵاو بۆتەوە، وەرگیراون.

○ ئەو زانیارییانەی ئەم نیشانەیەیان لەسەرە، سەرچاوەکەیان لە تەنیشت خۆیان نووسراوە


سەرچاوە: kurdistana me - نویسندە: kave elham

١٠خرداد ١٣٨٥

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٣٧٢٤ی کوردی = جوولای ٢٠٢٤ی زایینی


35
٢٢ی پووشپەڕ
لە ٣٥ ساڵەی تیرۆری د، قاسملوودا
ڕیسوایی بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران
ڕێبازی قاسملوو، ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
Democratic Party of Iranian Kurdistan